چاپی سێیەم

خالید ئێرتوغروڵ

Created PDF by @ Ibrahim Esmahil

ئەو ئافرەتەی لە دووی خۆی دەگەڕێت

ڕۆمان

بەرگی یەکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ئافرەتەی

لە دووی خۆی دەگەڕێت

Created PDF by @ ibo & halmat siyan

ئەو ئافرەتەی
لەدووی خۆی
دەگەڕێت

خالید ئێرتوغروڵ

ناوی کتێب : ئەو ئافرەتەی لەدووی خۆی دەگەڕێت

نووسەر : خالید ئێرتوغروڵ

وەرگێڕ : محمد خالید

تیراژ : (١٠٠٠) دانە

نۆبەی چاپ : سێیەم - پایزی ٢٠١٢

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە
گشتییەکان ژمارە (١٢٧٨)ی ساڵی
٢٠١٠ ی پێ دراوە

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا – سلێمانی / شەقامی پیرەمێرد
0770 358 7100 - 0750 106 9589 - 0748 013 4669 ara.m@hotmail.com
ARA Media Center

©سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
ناوەندەکە ڕێگە نادات بە لەچاپدانەوەو کۆپی کردن یاخود دابەزاندنی لە سایت و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان،
یاخود [illegible] دەبێتەوە.

Created PDF by @ ibo & halmat siyan

ئەو ئافرەتەی
لە دووی خۆی دەگەڕێت

نووسینی

خالید ئێرتوغرول

وەرگێڕانی

محمد خالد

بەرگی یەکەم

چاپی سێیەم

١٤٣٣ ك — ٢٠١٢ ز

Created PDF by @ ibo & halmat siyan

بسم الله الرحمن الرحيم

Created PDF by @ ibo & halmat siyan

چیرۆکی ژیانێکی پڕ ئازار

چیرۆکی ژیانم کە بە مەرگی باوکم دەستی پێکرد نە ڕۆماننووس دەتوانێت بیخاتە سەر کاغەز و، نە دەرهێنەر دەتوانێت لە فیلمێکدا بیگێڕێتەوە. ئەم قسەیەم زیادەڕەوی نیە، بەڵکو ڕاستییەکی ڕووتە. قەت ئێوە دەستتان ناوەتە ئاگرەوە و هەستتان بە گەرمیە سووتێنەرەکەی کردووە؟ هەستتان بە ئازاری چەقۆ کردووە کە لە دڵتان هەڵچەقیبێ؟ هەرگیز بە قژ ڕاکێشراون و گاڵتەتان پێ کراوە؟

گەر وەڵامی ئەم پرسیارانەتان "بەڵێ" بێت، ئەوە لە من تێدەگەن. ئەوانەش کە دەڵێن "نەخێر" لە کاتی خوێندنەوەی بەسەرهاتی ژیانمدا تەنها دەتوانن لە دوورەوە هەست بە گڕەی ئاگرەکەی بکەن.

وەکو دەزانن هەندێك هەست و سۆز هەن ناتوانرێت باس بکرێن، بەڵکو دەبێت مرۆڤ خۆی ئەزموونیان بکات. منیش لەبەر ئەمە ژیانی خۆم لەم دێڕانەدا کورت دەکەمەوە. ئیتر نازانم بەم شێوەیە دەتوانم لە سەدا چەندی ئازارەکانم بهێنمە سەر زوبان.

نازانم لە کوێوە دەست بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ژیانم بکەم ئەو تەمەنەی هەر لە بەهاریدا وەکو پووش و پەڵاش بەدەم بڵێسە و باوە سووتا. هەنووکە کاتێك دەمەوێت یادگاری و

Created PDF by @ ibo & halmat siyan
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بیرەوەرییەکانی ژیانێکی پارچەپارچەبوو لەسەر کاغەز کۆبکەمەوە، دڵم دەگوشرێت و هەناسەم سوار دەبێت.

چۆن دەکرێت ئازار و ژان بکرێنە وشە؟ مێشکێکی ماندوو کاری وای لە دەست دێت؟

دیسانیش دەمەوێت بە خامەی ناکام و وشە لاوازەکانم دێڕەکانی ژیانم بنووسمەوە. هەرچەندە سەرلەنوێ برینەکانم دەکولێنەوە... ئەم بەسەرهاتە دەخەمە سەر کاغەز تا ئەوانەی دوای خۆم داو و تەڵەکان بناسن و، ئاگایان لەو دوژمنانە بێت کە وەك دۆست خۆیان دەنوێنن و، بازرگانانی چڵێس بناسنەوە کە تەماحیان کردۆتە جەستەی ئافرەتانی زەبوون و دەیانەوێت پارەیان پێوە پەیدا بکەن. هەموو ئەو ڕووداوانەی ژیانم دەخەمە پێش چاوان بۆئەوەی کەس چاو لە من نەکات..

بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو نائومێدیەکانم بنووسمەوە تا کچانی لاو نەزانانە نەکەونە داوەوە. دەبێت باسی قولاپی "هاوڕێ و خۆشەویست" یان بۆ بکەم. دەبێت باسی بەسەرهاتی ئەو ئەوینە درۆیینانەیان بۆ بگێڕمەوە کە خراونەتە ژێرپێ. پێویستە ئاگاداریان بکەمەوە کە ژیانی بەرەڵایی دەگات بە چ پەشیمانی و شکانێك.

تەنها بۆ پەند، بەسەرهاتی ژیانم دەخەمە نێو ڕستەکانەوە...

نیلۆفەر

Created PDF by @ ibo & halmat siyan

بەشی یەکەم

ئەو ڕووداوانەی

بەسەر دایکمدا هاتن

دایکم لەم دیوار خۆی دەدا بەو دیواردا و هاوار و ناڵەی دڵانی پارچە پارچە دەکرد، لە ئازارێکدا بوو وەک ئەوەی کەسێک بە زیندوویی لە ئاگردا بسووتێت. مەحاڵ بوو دڵنەوایی دانەوە و هێورکردنەوەی. ئەوانەشی دەیانویست دڵی بدەنەوە کاتێک بەم حاڵەوە دەیانبینی لە دایکم خراپتر دەگریان و لە خۆیان دەدا.

لە ڕووخساری بە نینۆک شەقار شەقاربوویەوە خوێن دەتکا. خوێنەکە تێکەڵ بە گوڵی سەر جلە سوورەکانی دەبوو و چزەی لە دڵی من هەڵدەستاند. دەبێت هەر ئەمە بێت سووتان و بڵێسەی ڕاستەقینە. چونکە نەک تەنها دایکم بەڵکو هەموو ئەوانەی دەسووتاند کە شایەتحاڵی ئەو دیمەنە بوون.

کاتێک ئەم ڕووداوانە ڕوویان دەدا من تەنها شەش ساڵ بووم. لەوانەی ڕوویان دەدا تێنەدەگەیشتم. تەنها بیرم دێت کە دایکمم بەو حاڵەوە دەدی، دڵی منداڵیم پڕدەبوو لە خەمێک کە ناتوانم باسی بکەم. بەدرێژایی تەمەنم ئەو دیمەنەم لەبیرنەچووەوە.

سەرەتای هەموو ڕووداوەکان بە هاتنی سەربازێک بۆماڵمان و پێدانی کاغەزێک بە دایکم، دەستی پێکرد. دیاربوو هەواڵێکی زۆر ناخۆشی هێناوە. چونکە هەر ئەوەندەی دایکم کاغەزەکەی خوێندەوە خۆی کوتا بە زەویدا و وەک منداڵێک نەزانێت چی دەکات،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

کەوتە کوتانی سنگ و ڕنینەوەی قژی. ئیتر دوای ئەوە قیامەت لە ماڵی ئێمەدا دەستی پێکرد.

کەس لە قسەی کەس تێ نەدەگەیشت و کەس بەتەواوی نەیدەزانی چی ڕوویداوە. کەسیش نەیدەتوانی دڵنەوایی دایکم بداتەوە. ژنان باوەشیان دەکرد بە یەکدا و دەگریان.

منیش کە تاقە منداڵی ماڵ بووم، دەترسام دایکم ئەوەندە لە خۆی بدات بمرێت، بۆیە هەر لەو ساتەوە دڵی بەستەزمانی منداڵیم بە ژان و ناسۆر ئاشنابوو. منداڵیی من ئاوا غەمگین دەستی پێکرد...

دنیای دایکم ڕووخابوو و، چرای ئومێدی کوژابووەوە و خەیاڵەکانی بووبوونە خۆڵەمێش. هەر لە سەرەتای ژیانمانەوە بەختەوەری و ئارامی پشتیان لێ هەڵکردین و ئازار و خەفەت بوون بە هاوڕێمان. بەجۆرێك نائومێدی یەخەی گرتین و نەیهێشت هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵبمژین.

ئەو ڕۆژە، ئەو هەواڵەی سەربازەکە هێنای بوو بە برینێك لە جەستەی ژیانماندا و هەرگیز ساڕێژ نەبوو. زامێك بوو هەمیشە لە هەڵێك دەگەڕا بکولێتەوە.

باوکم کە هیچ ڕۆژێك بێ باوەش کردنم و بۆن پێوەکردنم نەدەچووە دەرەوە، لە شەڕی قوبروس شەهید بووبوو. ئەو باوکەی هەردەم بە "جوانکیلەکەم" و "شیرینەکەم" و "تاقانەکەم" بانگی دەکردم. بەداخەوە شەهیدبوونی باوکم جگە لە بێچارەیی و

نارەحەتی هیچی تری بۆ ئێمە نەهێنا. دەتوت هەموو کێشەکان لە بۆسەدا بوون و چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیان کردووە.

ئیتر من و دایکم بە تەنیا دەژیاین. ژیانی گران و ڕۆژانی پڕ لە چەرمەسەری دانیان لێ جیڕدەکردینەوە و تەڵەیان بۆ نابووینەوە. لەو ساتەوە دیاربوو ڕۆژانی ئایندە چەند بەئازار دەبن.

خۆشەویستی ئاوا نەبینرابوو:

پاش شەهیدبوونی باوکم، دایکم نەهاتەوە سەر خۆی. چەندەها مانگ بە برسێتی و تینوێتی بە باوکمەوە دەیبرژکاند. لە خەم و خەفەتدا جەستەی پووکایەوە و بووە تەرمێکی زیندوو.

ڕۆژێك نەمدی دایکم چاوی تەڕ نەبێت. خۆشەویستی و سۆزی وا هەرگیز وێنەی نەبینرابوو. دەڵێن: " خۆشەویستی زۆر، دابڕان بەدوای خۆیدا دەهێنێت ". هەر وا بوو. لە هاوسەریی ئەم دووانەی کە شێتانە یەکتریان خۆش دەویست تەنها حەوت ساڵ تێپەڕی کرد.

لە ژنانی تر دەمبیست باوکم دایکمی چەند خۆش ویستووە. چونکە من منداڵ بووم و تەنها دەمتوانی هەستی پێبکەم. ژیریم پەیی پێ نەدەبرد. وەلێ قسەی دراوسێکان منیان تووشی سەرسووڕمان دەکرد.

دایکم بەیانیان وەك تازە بووكێك بە چاوی تەڕەوە باوکمی بەڕێ کردووە بۆ سەر کارەکەی و بە حەسرەتەوە تا ئێوارە چاوەڕێی

هاتنەوەی کردووە. هەموو جارێکیش پێی وتووە: " ڕۆژێك تەمەنێک بۆ من، زوو وەرەوە با زۆر چاوەڕوانت نەبم."

دۆستان و خزمان خۆزگەیان بە ژن و مێردێکی وا خواستووە و کەوتوونەتە سەر زاران. بەڵام بەداخەوە ئەوینی گەرموگوڕی دایکم و عەشقی پاکی باوکم لە پڕێکدا لە بەین چوو. چەندین جار گوێم لە دایکم بووە بە باوکمی دەوت: " تۆ نەبیت یەك ڕۆژ ناژیم ". ڕاستی وتووە. ئەمەی ئێستای کەی پێی دەوترێت ژیان؟! هەر ئەوەیە هەناسە دەدات، دەڵێی تەرمێکی زیندووە.

کاتێك باوکم بە مەبەستی سەربازی لە ماڵ دەرچووە، ئاگری جوودایی ناو دڵی دایکم هەواڵی ئەم ڕۆژە شوومانەی پێداوە. ئەو شەوە تا بەیانی فرمێسکی ڕشتووە. وەك بڵێی هەر لەو ساتەوەختەوە هەستی بە دابڕان کردووە. کاتێك باوکم لە دەرگا چووەتە دەر، پێی وتووە:" دەزانم، نایەیتەوە و من بێ کەس دەخەیت ".

دایکم کە بە بێ باوك و دایك گەورەبووبوو، دوای مەرگی باوکم گەڕایەوە سەر هەمان دۆخ. دووری باوکم ئەوەندە کاریگەری لەسەری هەبوو، بە هیچ جۆرێك خۆی بۆ کۆ نەدەکرایەوە. هەردەم لەبەر خۆیەوە لەگەڵ باوکمدا دەدوا و باسی حەسرەتی خۆی بۆ دەکرد و دەیویست بەوە کەمێك لە گڕی جوودایی دامرکێنێتەوە.

خۆشەویستی نێوان دایک و باوکم هەر لە منداڵییەوە سەری هەڵداوە.

جارێکیان ژنێکی پیری دراوسێمان بۆی باس کردم. وتی: " ڕۆڵە گیان، من گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە ژن و مێردی وا ڕاستگۆ و وەفادارم بۆ یەکتر نەدیوە. چاوی پیس کاری لێ کردن، چاوی پیس!"

ئەوینی نێوان دایك و باوکم خۆشویستنی گۆشت و ئێسقان نەبوو، بەڵکو نهێنی خودایی و خۆشەویستی جاویدانی بوو.

خۆشەویستییەك کە بوو بوویە داستانی سەر زمانەکان:

داستانی باوك و دایکم کە کەوتبووە سەر زاری خەڵك، بەم شێوەیە دەستی پێ کردبوو:

دایکم هەر بە منداڵی بێ دایك و باوك کەوتووە. تەنها پوورێك و خاڵێکی لە ژیاندا هەبووە. لەبەر ئەوەی باری تەندروستی خاڵی باش نەبووە، پووری گرتوویەتیە خۆی. لە گوندێکی بچووکدا گوزەران و دەستکەوتیان هەژارانە بووە.

پووری بێوەژنێك بووە. تەنها خاوەنی خانوویەکی بچووکی قوڕ و باخچەیەکی بچووك و مانگایەك بووە، کە لەبەر نەبوونی ئالیك شیری نەبووە. دار و نەداری پووریّ ئەمە بووە. بەڵام دراوسێ و خزم و خوێش دەستگیرۆییان کردوون.

باوك و دایكم لە قوتابخانەی سەرەتایی لە یەك پۆلدا بوون. وەكو باسی دەكەن دایكم زۆر جوان بووە. دوای قۆناغی سەرەتایی دایكم لەبەر نەبوونی نەیتوانیوە بخوێنێت. بەڵام باوكم چووەتە ناوەندی و دواناوەندی و، لەو ماوەیەشدا هەر هەست و سۆزیان بۆ یەك درێژەی هەبووە. پووری ئاگای لەم حاڵە بووە و بە دایكمی وتووە: "كچم، ئەگەر خوا نووسیبێتی ئیشەڵڵا هەر دەبێت".

ئەو ماوەیە زۆر كەس هاتوونەتە خوازبێنی دایكم. جوانیی و شۆخ و قەشەنگی دایەم ناوبانگی دەركردووە و ماڵیان بووەتە خانی سەرەڕێ. خوا هەزار جار لە مامۆستا عبداللەی گوند ڕازی بێت كە دایكمی هەمیشە پاراستووە و ئاگاداری بووە و نەیهێشتووە بكەوێتە هەڵەوە. ئەمەش بووەتە هۆی پابەندبوونی دایكم بە دینداریيەوە و هەستیاریی بەرامبەر پەرستشەكان.

باوكیشم لەو ساڵەدا كە دواناوەندی تەواوكردووە، گەڕاوەتەوە و ڕێی ئیمانداری هەڵبژاردووە. بابەم كە جاروبار عارەقی خواردۆتەوە و جگەرەی كێشاوە و چەند خوویەكی خراپی تری هەبووە، لەسەر دەستی مامۆستایەكیدا تۆبەی كردووە و ژیانێكی ڕێكوپێكی هەڵبژاردووە. هەر لەو ساڵانەشدا خووی داوەتە كتێب و خوێندنەوە.

بۆیە لە ماڵماندا کتێبی زۆر هەبوون. لە سەروو هەموویانەوە قورئانی پیرۆز و جەوشەن[1] و پەیامەکانی نوور...

ئیتر هەموو شتێك ئەو ساڵە دەستی پێکرد، واتە ئەو ساڵەی باوکم دواناوەندی تەواوکردووە.

ڕۆژە سەخت و دژوارەکان:

مەحمود ئاغا کە خاوەنی زەوی و زار بووە و بە دەوڵەمەندی و زۆرداری ناوی دەرکردووە، کوڕەکەی بەنیازی هێنانی دایکم بووە. چەند جارێك چوونەتە خوازبێنی بەڵام دایکم نەیویستووە. خێزانێك کە تا ئەو کاتە ئەوەی ویستوویانە بووە و لە هیچ شتێکدا وەڵامی نەخێریان نەدراوەتەوە، ئەمەیان کردبوە مەسەلەی نامووس و شەرەف.

باوکم لەو ساڵانەدا لاوێك بووە لە کۆتا پۆلی دواناوەندیدا. زۆر پەلەقاژەی کردووە ڕێگری بکات، بەڵام مەگەر دەکرێت کەسێك بەرامبەر زوڵم و زۆری مەحمود ئاغا بوەستێت؟ ماڵی باوکیشم لەبەر

١- "جەوشەن" واتە ئەو زرێیەی کە لە جەنگدا لەسەر سنگەوە دەپۆشرێت. بەڵام لێرەدا مەبەست ئەو موناجاتە ڕەنگینەی پێغەمبەرە - دروودی خوای لەسەر بێت - کە بە ڕیوایەتی "زەینولعابیدین" - خوای لێ ڕازی بێت - دەماودەم ڕیوایەت کراوە و، لاڵانەوە و موناجاتێکە بە سیفاتە مەزن و ناوە جوانەکانی خوای گەورە و، لە نێوان هەموو برگەیەکیدا ئەم دەستەواژەیە دووپات دەبێتەوە: (سبحانك لا إله إلا أنت الأمان الأمان أجرنا من النار.. خلصنا من النار.. نجنا من النار).

ئاغا نەیانوێراوە بچنە پێشەوە و بڵێن ئەم کچەتانمان دەوێت بۆ کوڕەکەمان. گەر شتێکی وایان بکردایە دەبوو خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی عەشرەتێک ئامادە بکردایە کە کوشتن و خوێن ڕشتنیان کردبووە خوو. تەنانەت بۆ چاوترساندنی ماڵی باپیرم ڕۆژێک داویانە بەسەریاندا و داریان بەسەر بەردەوە نەهێشتووە.

ئەو ئەشکەنجە و سووکایەتییەی بە خەیاڵدا نەیەت کردوویانە. بەجۆرێك لەبەرچاوی هەموو خەڵکیدا ئەوەندە لە باپیرم و نەنکم (دایکی باوکم) و پوورم و مامیان داوە تا بووراونەتەوە. چونکە باوکم لە قوتابخانە بووە، لەو هێرشە ڕزگاری بووە. دوای چەند ڕۆژێك هەمان چارەنووس تووشی ئەویش هاتووە. لەبەردەم قوتابخانەدا گرتوویانە و شوێنی ساغیان نەهێشتووە. دواتریش لە شوێنێکی چۆڵدا فڕێیان داوە.

دوای ئەو ڕووداوە باپیرم لە ترسی گیانی خۆی لەو هاوسەرگیرییە پەشیمان بۆتەوە. هەڕەشە و گوڕەشەکانی مەحمود ئاغاش پەیتا پەیتا بەردەوام بووە.

دایکی بەستەزمانیشم لە ترس و بێدەسەڵاتیدا تاکە دڵنەوایی خۆی لە گریاندا دیوەتەوە. شەوان تا بەری بەیان لە خوای گەورە پاڕاوەتەوە و داوای چارەی لێ کردووە. ڕۆژبەڕۆژ خۆشەویستی باوکم لە دڵی دایکمدا گەشەی سەندووە، بەڵام کە دیویێتی بەیەکگەیشتن ئەستەمە، هیوای بڕاوە و هێزی ئەژنۆی نەماوە. ئەو دوو گەنجەی کە

ژیانیان سەرەوژێربووە، هیچ شتێکیان لەدەست نەهاتووە جگە لە پاڕانەوە لە دەرگانەی خوای گەورەدا.

کاتێک ئەمان لەم بێچارەیی‌یەدا بوون، پوورم بەرگەی حاڵی جەرگبڕی دایکمی نەگرتووە و، هەڕەشەکانی مەحمود ئاغای بە هیچ داناوە و هەواڵی بۆ باوکم ناردووە کە بێت قسەی لەسەر بکەن. باوکیشم شەوێك بەدزییەوە چووەتە ماڵی پووری دایکم، چونکە ئەگەر هەم ماڵی باپیرم و هەم مەحمود ئاغا بیبیستایە، کۆتایی یەکەی خراپ دەبوو..

کۆبوونەوەکەی ماڵمان:

پووری دایکم دوای گەیشتنی باوکم ناردوویەتی مامۆستا عبداللەش بێت. شەو درەنگانێك کۆبوونەتەوە.

پووریَ ژنێکی ژیر و بەسەلیقە و کارزان بوو. هەر بۆیە کۆبوونەوەیەکی ئاوای ڕێکخستوو بوو. وتوویەتی:

– مەحمود ئاغا چاوی بڕیوەتە ئەم کچە و مرخی لێی خۆش کردووە. کابرایەکی تابڵێی ستەمکارە. ئێستا پێویستە ئێمە چی بکەین؟

باوکم وەك گەنجێکی خوێنگەرم هەستاوەتە سەرپێ و، قیڕاندوویەتی:

– (نادیده) نادەمە کەس. نایدەم گەر کۆتاییەکەشی مەرگ بێت. دەبێت سەرەتا بمکوژن ئنجا دەتوانن بیبەن.

ئەم چاوقایمییەی باوکم ئاوی کردووە بە دڵی دایکمدا. سەرلەنوێ هیوای بووژاندۆتەوە لە ڕۆحی ژانکێشیدا و، دوای چەندەها ڕۆژ لە گریان خەندەی ئاڵی خستۆتە سەر ڕوومەتی.

مامۆستا فەرموویەتی:

– پەلە مەکەن. مردن و کوشتن لەئارادا نیە. گەر ئاوا بە خوێنگەرمیی دەست پێبکەین کۆتایی یەکەی مەترسیدار دەبێت.

– چۆن هێشتا هیچ نەبووە؟! گەر جارێکی تر بەسەرماندا بدەنەوە لەوانەیە (نادیدە) بڕفێنن. ئەوکات هەموو شتێك کۆتایی دێت. بەڕای من پێش ئەوەی ئەوان بکەونە خۆیان، ڕێمان بدەن ئێمە هەڵێین.

لە بەرامبەر ئەم پێشنیارەوە دڵی دایکم تەواو ئاسوودە بووە. چونکە ئامادە بووە لەپێناو باوکمدا هەموو شتێك بکات. گەر هەڵهاتن و مردنیش بێت، بە خۆشحاڵییەوە ڕازی بووە. بەس ئەوەندە لە باوکم جیانەبووایەتەوە..

پوورم وتوویەتی:

– مەحمود ئاغا بە گاڵتەی نییە. کوڕەکەشی وەك خۆی بێ دین و بێ ئیمانە. یەکەم ژنیشی ئاوا هێناوە، ئێستا وازی لێ هێناوە و نۆرەی ئێمەیە. نابێت بهێڵین ئێمەش هەمان شتمان بەسەر بێت.

– (نادیده) نادەمە کەس. نایدەم گەر کۆتاییەکەشی مەرگ بێت. دەبێت سەرەتا بمکوژن ئنجا دەتوانن بیبەن.

ئەم چاوقایمییەی باوکم ئاوی کردووە بە دڵی دایکمدا. سەرلەنوێ هیوای بووژاندۆتەوە لە ڕۆحی ژانکێشیدا و، دوای چەندەها ڕۆژ لە گریان خەندەی ئاڵی خستۆتە سەر ڕوومەتی.

مامۆستا فەرموویەتی:

– پەلە مەکەن. مردن و کوشتن لەئارادا نیە. گەر ئاوا بە خوێنگەرمیی دەست پێبکەین کۆتایی یەکەی مەترسیدار دەبێت.

– چۆن هێشتا هیچ نەبووە؟! گەر جارێکی تر بەسەرماندا بدەنەوە لەوانەیە (نادیدە) بڕفێنن. ئەوکات هەموو شتێك کۆتایی دێت. بەڕای من پێش ئەوەی ئەوان بکەونە خۆیان، ڕێمان بدەن ئێمە هەڵێین.

لە بەرامبەر ئەم پێشنیارەوە دڵی دایکم تەواو ئاسوودە بووە. چونکە ئامادە بووە لەپێناو باوکمدا هەموو شتێك بکات. گەر هەڵهاتن و مردنیش بێت، بە خۆشحاڵییەوە ڕازی بووە. بەس ئەوەندە لە باوکم جیانەبووایەتەوە..

پوورم وتوویەتی:

– مەحمود ئاغا بە گاڵتەی نییە. کوڕەکەشی وەك خۆی بێ دین و بێ ئیمانە. یەکەم ژنیشی ئاوا هێناوە، ئێستا وازی لێ هێناوە و نۆرەی ئێمەیە. نابێت بهێڵین ئێمەش هەمان شتمان بەسەر بێت.

باوکم وتوویەتی:

– بۆیە تاقە ڕێگا هەڵهاتنە و دەرچوونە لەم ناوە..

مامۆستا عبدالله:

– کێشەیەکی جددی لە ئارادایە. بەڵام پێویستە کێشەکان بە زیری چارەسەربکرێن نەك بە هەست و سۆزی کاتی و، ئەم چارەسەرەش دەبێت لەگەڵ دین و ئەقڵ گونجاوبێت. بەڕای من پێویستە ڕاکردن کۆتا چارە بێت. لە ئێستادا مەترسییەك نییە لەسەر گیان و شەرەف. بۆ ئەوەی مەسەلەی ڕاکردن حەڵاڵ بێت پێویستە گشت هۆکارە ڕێ پێدراوەکان تەواوبکەین. ئەگینا هیچ خاوەن ئەقڵێك ڕاکردنی پێ باش نییە. ئەوکات ئێمە وەڵامی هەڵەمان بە هەڵە داوەتەوە، کە دیارە شتێکی ژیرانە نییە.

– دەمێکە هەڵهاتن بووەتە پێویستی. گشت خراپەیەکیان کرد. هەر ئەوە ماوە (نادیدە) بڕفێنن. گەر ئەوەش بکەن ئەوکاتە خۆشمان بکوژین ئەنجامەکەمان بۆ ناگۆڕرێت.

مامۆستا عبدالله بەردەوام بووە لەسەر خوێنساردی و هێورکردنەوەی دۆخەکە:

– کەمێك لەسەرخۆبن، دەبێت هەموو شتێك بەگوێرەی خۆی بکەین. دەبێت خەڵك بڵێن:" هەژارانە هیچ چارەیەکی تریان نەما". تا ئێستا هێشتا بە ڕەسمی نەهاتوونەتە داوای. بەپێی ڕێ و ڕەسم

پێویستە بێنە داخوازی. دوای ئەوە ئێمەش بەگوێرەی پێشهاتەکان پلانێك دادەنێین.

– ئاخر مامۆستا گیان تۆ باسی حاڵەتێکی ئاسایی دەکەیت، بەڵام ئێمە هەنووکە لە دۆخێکی نائاسایی داین. کێ چی دەڵێت با بیڵێت. پێویستە پێش ئەوەی ئەوان بکەونەوە خۆیان ئێمە لەم ناوە نەمێنین. چارەیەکی ترمان نییە.

– دوێنێ ڕەزای کوڕی مەحمود ئاغا هات بۆ لام. هەڕەشەی لێ کردم و وتی:" مامۆستا قەناعەتیان پێ بکە. دەزانین کە تۆش دەستێکت لەم کارەدا هەیە. ئەگەر بڵێن نەخێر بۆ تۆش باش نابێت". منیش وتم ئێ وەرن داوای بکەن. خێزانەکە بڕیاری خۆیان دەدەن. ئەگەر لە منیشیان پرسی ڕای خۆم دەڵێم. وتی: دەڵێیت چی مامۆستا؟ وتم: وەکو مامۆستایەکی ئایینی چی حەق و ڕاستی بێت ئەوە دەڵێم. کە تێگەیشت تووڕەبوو و تا توانی جوێنی دا و هەڵیتوڕاند.

بە ڕای من با بێن بیخوازن، ئێوەش بڵێن با بیرێکی لێ بکەینەوە. دواتریش هەواڵ دەنێرین کە کچەکە ڕازی نییە.

دوای ئەم هەواڵە ئەوان دەکەونە جووڵە. ئێوەش خەبەر دەدەنە پۆلیس. بە شێوەیە بە ڕەسمی دەسەلمێت کە مەحمود ئاغا دەیەوێت بەزۆر (نادیدە) بڕفێنێت. ئەوکاتیش ڕاکردنتان ئاسان دەبێت. هەم هەموو هۆکارەکان دەگیرێنە بەر و، هەم کارەکە دەبێتە شتێکی

ڕەسمی لای دەوڵەت و هەم خەڵکیش پشتگیریمان دەکەن و دەڵێن:" بەس نەبوو ڕایکرد ئەو کچە بەستەزمانە، ئەگینا بەزۆر دەیانبرد". ئێمەش ویژدانمان ئاسوودە دەبێت و بەرپرسیارێتیمان نامێنێت.

پوورم وتوویەتی:

– مامۆستا گیان ئێوە وەك پیاوێکی ئایینی ئەوە دەفەرموون کە پێویستە، بەڵام دەبینین کە کارەکە زۆر ئاڵۆز و گرانە. پێویستە ئێمە لێرەدا کارەکەمان مسۆگەر بکەین و دڵنیاببین، نەوەك ڕووداوەکان بەو شێوەیەی کە ئێوە دەیڵێن نەچنە پێش. یەکەم هەنگاو بۆ ڕێگری کردن لە ستەمکایی مەحمود ئاغا ئەوەیە ئێمە ئەم دوو لاوە لە یەکتر مارەبکەین. تا بەئاسانی یەکتر ببینن و بدوێن، ئەگەر پێویستیشی کرد کە هەڵبێن، با هیچ ڕێگرێك لە بەردەمیاندا نەبێت.

لەگەڵ ئەم پێشنیارەی پوورمدا دایك و باوکم لە خۆشیدا جێیان بە خۆیان نەگرتووە. دایکی داماوم ئەوەندە دڵخۆش بووە بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا فرمێسکی شادی ڕشتووە.

مامۆستا عبدالله پاش کەمێك بیرکردنەوە وتوویەتی:

– مادەم ئێوە ڕاتان وایە، تەنها دوعای خێر و مارەبڕین بۆ من دەمێنێتەوە. ماڵی کچ ڕازین، بەڵام ئەی ماڵی کوڕ؟

پوورم:

– خەمت نەبێت مامۆستا، هەر لە زووەوە ڕازین. بۆیە بەئاشکرا دەریان نەبڕیوە چونکە لە مەحمود ئاغا دەترسن. هەر ئێستا

دەنێرین بەشوێن باوکیدا. مۆڵەتی ئەوانیش وەردەگرین. هەرئەو شەوە مامۆستا مارەی کردوون لەیەك و بڵاوەیان لێ کردووە.

ستەمکاریی مەحمود ئاغا:

تومەز لە ئێوارەوە پیاوەکانی مەحمود ئاغا تاقیبی باوکم و مامۆستا عبداللەیان کردووە، هەر ئەوەندەی لە ماڵ چوونەتە دەر بەزۆر سواری سەیارەیەکیان کردوون و بردوویانن. چەند کەسێکیشیان هەڵیان کوتاوەتە سەرماڵەوە و، لە پوورمیان داوە و دەست و قاچی دایکمیان بەستووە و ڕفاندوویانە.

مەحمود ئاغای زاڵم بەزەیی نەهاتووەتەوە بە خۆشەویستی دایك و باوکمدا. تەنانەت هیچ ڕێزێکیشی لە مامۆستا نەگرتووە کە هەموو خەڵکی دەستیان بەسنگەوە گرتووە بۆی.

بیردەکەمەوە کە چۆن دایك و باوکم بەرگەی ئەو هەموو ئازار و ناڕەحەتییەیان گرتووە و کۆڵیان نەداوە؟ تەنها بیرکردنەوە بەڵا و چەرمەسەرییانە لەرز لە جەستەی مرۆڤ دەهێنێت.

مامۆستا عبداللە و باوکمیان بردۆتە جێیەکی تەنیا و چەپەك. تا بەیانی تێیان هەڵداون و سووکایەتی یان پێکردوون. پاشان بەر گوللەیان داون و وایان زانیوە کە مردوون بەجێیان هێشتوون.

مامۆستا کە پیاوێکی بەڕێزی ئەو ناوچەیە بووە و حەقی بەسەر هەموو کەسێکی ئەو ناوەوە هەبووە، هەر لەویادا گیانی دەرچووە.

بەداخەوە هیچ جێیەکی ساغی ئەو پیاوە دیندارەیان نەهێشتۆتەوە.

باوکیشم بە لوتفی خوایی نەمردووە و شوانێك دۆزیوێتیەوە و بردوویەتی بۆ نەخۆشخانە. چەند گوللەیەکی پێوە بووە و دەست و قاچی شکاون، بەڵام خۆشبەختانە شوێنی کاریگەری نەپێکاوە.

خوایە گیان! تۆ بڕواننە ئەو زوڵم و ستەمە! تەنانەت بیرکردنەوە لێی مرۆڤ دەترسێنێت. بۆ ئەوەی کەسێك بتوانێت ئەوەندە دڕندە و بێبەزەیی بێت، دەبێت جانەوەرێکی خوێنڕێژبێت. باشە وا وتمان باوکم ویستوویەتی دایکم بهێنێت، ئەی مامۆستا عبداللە؟ ئەو چ تاوانێکی هەبووە؟

ئەوەی دایکیشم بەسەری هاتووە نە زمان دەتوانێت باسی بکات و، نە دڵ بەرگەی دەگرێت و نە ویژدان توانای هەڵگرتنی هەیە. تاقە پەناگەی پاڕانەوە لە خوای میهرەبان و، دڵنەواییشی ئەو فرمێسکانەبوون کە کوڵیان نەدەنیشتەوە.

زللەیەکی خوایی:

ڕەزای کوڕی مەحمود ئاغا و دوو پیاوی تر دایکمیان ڕفاندووبوو. بەدرێژایی ڕێ دایکم وای زانیوە کە چیتر هەموو شتێك تەواوبووە و لە ترسی ئەوەی یادگاری پاکی باوکم بپارێزێت و نەهێڵێت لەکە بکەوێتە سەر مارەیی و نامووسی، بیری لە مردن کردۆتەوە. لە ناخیەوە و لە

قـووڵایی دڵیـەوە هـاواری کـردووە و پاڕاوەتـەوە. ئەوەنـدە بـەکوڵ لاڵاوەتەوە، قیژاندوویەتی:

- خوایـە گیـان لـەکوێی؟ خـەریکن نامووسـی ئـەم بەندەیـەت لەکەدار دەکەن، کێ دەیپارێزێت؟ بگە بە هانامـەوە. مـن بـە ئیمان و داوێنـی پاکـەوە دەمـەوێت بگەڕێمـەوە لات. دەمـەوێت بەندەیـەکی شایانی تۆ بم کە هاتمە خزمەتت. مەهێڵە پیسم بکەن خوایەگیان!

قیژە و هاواری دایکم بەجۆرێك پاك و بێگەرد بووە وەکو بۆمبێك بـە دەموچـاوی ئەوانـەدا تەقیوەتـەوە کـە ڕفاندوویانـە و تووشـی پەشـۆکانی کـردوون. خـوای جیهانیـان کـە پـارێزەری بەنـدە زەبوونەکانیەتی و دوژمنی ستەمکارانە، مەگەر دەکرێـت وەڵامـی ئـەو داوا بەکوڵە نەداتەوە؟ مەگـەر دەبێـت گـوێ نەداتـە بڵێسـەی ئـەوینی هەناوی دایکم؟

وەختێك ڕەزا بەنیازبووە بە نیەتی خراپ لە دایکم نزیـك بێتـەوە، لەناکاو ترێلەیەك بەرەو ڕوویان هاتووە. وەك ئەوەی قین و خەشمێکی زۆری لێیـان هـەبێت، خـۆی کێشـاوە بـە سـەیارەکەیاندا و پارچە پارچەی کردووە.

دایکم لەژێر دارێکدا خۆی دیوەتـەوە. بـەڵام خـوا پارێزگـاری لـێ کـردووە و بـێ ئـەوەی شـوێنێکی برووشـێت ڕزگـاری بـووە. ڕەزای دوژمنی نامووسیش پارچەیەك ئاسن لـە قـوڕگی چەقیوە و لاشـەی ستەمکاری بێگیان کەوتووە. بـەجۆرێك خـوێن پـژاوە بـەو نـاوەدا کە

هیچ کەسێك نەیتوانیوە بە دەمیانەوە بچێت. وەك بڵێی دەستێکی نادیار بەتایبەتی کۆتاییەکی ئاوای بۆ هەڵبژاردووە. دوو پیاوەکەی تریش برینداربوون. یەکێکیان بە ترس و سەرسوورمانەوە بە دایکمی وتووە:

- توخوا دوعامان لێ مەکە دادە گیان! ئێمە خزمەتکاری ئەوانین، فەرمانی چیمان پێبکەن ئەوە دەکەین. ماڵ و منداڵمان وردە. زۆر لە دێ دوور نەکەوتووینەتەوە. دەتوانیت بگەڕێیتەوە. دەی برۆ، باسی ئێمەش بۆ کەس مەکە.

ئەی خوای لێقەوماوان! ئەی ئەو خوایەی کە میهرەبان و دادپەروەری! کێ دەتوانێت لە دادی ئیلاهی تۆ هەڵبێت؟ مەگەر خوای گەورە بەندەکانی لە گێژاودا دەهێڵێتەوە؟ بەندەیەك کە باوەڕی پێیەتی و خۆشیدەوێت، دەیداتە دەست ستەمکاران؟

دایکم بە شەو ڕێی ماڵەوەی گرتووە و، بە هەناسەبڕکێ گەیشتۆتەوە و پووری دیوە لە ئازار و ژاندا پەلەقاژەی کردووە. لەو حاڵە تاقەتپڕووکێنەدا دەستیان کردۆتە ملی یەك و تێر گریاون. هیچ نەبێت لە خۆشی ئەوەی نامووسیان ڕزگاری بووە، سوژدەی سوپاسگوزارییان بردووە.

دایکم خۆی بە تاوانبار زانیوە و پێی وابووە کە هۆکاری گشت بەڵا موسیبەتەکانە. هەر لەبەر خۆیەوە وتوویەتی و کرووزاوەتەوە: "ئۆباڵی مامۆستا لە ئەستۆی منە. ئەی دەبێت عارف گیان چی بەسەر

هاتبێــت؟ خۆزگــه هــەزارجار دەمــردم و ئەمانــەم بەچـاوی خــۆم نەدەبینی".

کۆتایی مەحمود ئاغا:

تۆ بڕواننە حیکمەتی خوای گەورە، مەحمود ئاغایەك کە ناوی بە ستەمکاری دەرچووە، لەگەڵ هەواڵەکەی بیستووە، لە شوێنی خۆیدا توشی ئیفلیجی هاتووە و لە جێدا کەوتووە. هەواڵی بۆ دایکم ناردووە و وتوویەتی:" با گەردنم ئازاد بکات، لەمەودوا وەکو کچی خۆم ئاگام لێی دەبێت". کاتێك هەستی بە بۆنی مـەرگ کـردووە لەبەر کونی لووتیدا هەموو شتێك تێگەیشتووە.

باوکم سێ مانگ لـە نەخۆشخانەدا ماوەتـەوە. سـوپاس بـۆ خوا چاك بووەتەوە و تووشی هیچ کەمئەندامییەك نەبووە.

دوای هەموو ئەم ڕووداوانە زەماوەندێکی سـادەیان ڕێکخستووە، بەڵام گیروگرفت بۆ ساتێك یەخەی بەرنەداون.

دوا ساتە پڕپەندەکانی پوورم:

ڕۆژی زەماوەند دیاریکراوە و هەموو ئامادەکارییـەکان تـەواوبوون. وەلێ بـەیانی ڕۆژی زەماوەنـد پـووری دایکم کۆچـی دوایـی کـردووە. مردنێك کە لەو ڕۆژەوەی بیستوومە لـە خـوای گـەورە دەپاڕێمەوە و دەڵێم:" خوایەگیان مردنێکی وام بە نسیب بکە"!

پوورم شەوەکەی دایکمی خەبەرکردووەتەوە و وتوویەتی:" ڕۆڵە من دەڕۆم. یارمەتیم بدە خۆم بشۆم و دەستنوێژ هەڵبگرم".

دایکم جوان شتوویەتی و جلی نوێی لەبەرکردووە. پووریّ ڕووی کردۆتە قیبلە و قورئانی پیرۆزی گرتۆتە دەستی و تا نوێژی بەیانی خوێندوویەتیەوە. لە پاڕانەوە و لالانەوە هیچ نەوەستاوە. ئەوەندە لە دڵەوە و بەکوڵ دوعای کردووە، دایکیشم بۆ ساتێك نەیتوانیوە فرمێسکەکانی ڕابگرێت. پاشان دایکمی لەبەردەم خۆیدا دانیشاندووە و وتوویەتی:

– کچم شتێك هەیە کە دەبێت پێتی بڵێم. دوێنێ شەو لە خەومدا ڕەحمەتیم بینی، ڕەحمەتیی مێردم، بانگی دەکردم، کەمم ماوە لە دنیادا. کچم تۆ جوان و گەنجیت، ئەو ڕووداوانەی بەسەر تۆدا هاتن زوو پێیانگەیاندیت. بە جوانی و لاویت مەخەڵەتێ. بزانە کە هەموو جوانێك وەکو هەر ناشیرینێك بە یەکسانی دەچنە حزووری خوا. تۆ ئەو ئەرکەی بەرامبەر خوا هەتە جێبەجێی بکە تا ڕووت بێت شتێکی لێ داوابکەیت. جلێك لەبەر مەکە خەڵکی ئێرەییت پێببەن، چاوی پیس و دوژمن بۆ خۆت زیاد بکەیت. غەیبەتی کەس مەکە ئەگینا ئاسوودەیی دەروونت لێ ون دەبێت. بێ دەستنوێژ مەگەڕێ چونکە ئەوە ناشکوری یە بەرامبەر نیعمەتەکان. پەرستشەکانت پشتگوێ مەخە ئەگینا میهرەبانی خوایی دەدۆڕێنیت. نرخی مێردەکەت بزانە. وا بزانەماڵەکەت بەهەشتە. دۆستی باش هەڵبژێرە. حەرام مەخۆ و

زیادەڕەوی مەکە. بزانە کە چاکە ڕەحمەتی خواییت لێ نزیک دەخاتەوە و خراپەش تووڕەیی.. گەر بەڵایەکت بەسەر هات پەنا بە خوا بگرە. بیرت نەچێت ئەم ژیانە جێی ماندووبوون و کۆششە نەک خۆشی و ڕابواردن. ئارام بگرە، ئارام بگرە تا شایانی بەهەشت بیت.

دەمێکە دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم، هەر لەبیرم دەچێت. ئێستا وەختێتی. مامۆستا عبداللەی ڕەحمەتی –نازانم لە خەویدا دیویتی یان هاتووەتە دڵیەوە– پێی وتم: " بە نادیدەی کچم بڵێ کە ئارام بگرێت. ئیشەڵا بەوە دەگات کە دەیەوێت، بەڵام تاقیکردنەوەی ئەو بەوە تەواو نابێت. گەر ئارامی لەسەر بگرێت ئەو تاقیکردنەوەیە دواڕۆژی مسۆگەر دەکات. "

دەمەو بەیانی پووریێ سەری ناوەتە سەر بەرماڵەکە و دوای شایەتومان هێنان گیانی دەرچووە.

پووریێ کە هەموو ژیانی پڕ لە کوێرەوەری و نارەحەتی بوو، دایکمی گەورە کردووە و داوێتی بەو مێردەی خۆی دەیەوێت، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە دەرگانەی خوای حەق. ڕۆیشت بۆ لای مێردە شەهیدەکەی کە بیست ساڵ لەوەوپێش کۆچی کردبوو.

خوایەگیان چی دەبێت، کۆتایی ئێمەش با ئاوا جوان بێت! ئامین..

هەروەك لەيلا و مەجنون

خۆشەویستی و هۆگریی نێوان دایك و باوكم ئەوە نەبووە دوای بەیەكگەیشتن و هاوسەرێتی كەم بكات، بەڵكو بەپێچەوانەوە ڕۆژبەڕۆژ پتربووە. هەر ساتە و زیاتر وابەستەی یەكتربوون. وەك بڵێی بترسن لەوەی لە داهاتوویەكی نزیكدا جودایی بكەوێتە نێوانیانەوە.

بەداخەوە هەر واش بوو..

زۆری نەبرد بە شەهیدبوونی باوكم ژیانی دایكم دارما و ئومێد و خەياڵەكانی بوونە خۆڵەمێشی دوای ئاگر. دەتووت چیتر ئەو لەم دنیایەدا ناژی. تەرمێكی زیندوو بوو كە لەگەڵ یادگاری باوكی كۆچكردووم دەژیا. هەستەكانی بەڕووی ئەم دنیایەدا داخرابوون و ڕوویان كردبووە جیهانی ئەودیو.

كەس لە دەرەوە دایكمی نەدەدی. هەمیشە لەسەر بەرماڵەكەی دەپاڕایەوە. دەیویست چی زووە ئەویش بگات بە باوكم. منیش شەوان تا بەیان لە ئاە وناڵەی دایكم خەو نەدەچووە چاوم. هاواری گەرمی سینەیی و فرمێسكی گەرمی سەر ڕوومەتی و ناڵەی حەزینی لاوانەوە، ئەو دیمەنانەبوون كە منداڵی منیان پڕكردبوو.

دایكم هەر وڕێنەی بە باوكمەوە دەكرد:

دۆست و خزمان زۆر هاتن و چوون نەیانتوانی دایكم بگەڕێننەوە دۆخی جارانی. نەیانتوانی لەو جیهانە تایبەتییەی دابڕن.

شەوێك تێنەدەپەڕی دایکم ڕانەپەڕێتە سەرپێ و نەڵێت:" عارفی من هات. عارف گیان ئەوە هاتم. عارف ئەوە تۆیت؟ عارف لەکوێیت؟".

تاقیکردنەوەی دایکم تەواونەبووبوو، بەڵکو تا دەهات قورستر دەبوو. کاتێك دایکم لە دنیای تایبەتیی خۆیدا دەژیا، ڕووداوێك ڕوویدا کە ئەوەندەی تر دایکمی پەرێشان کرد و باری شانی گرانتر کرد.

دوای مەرگی باوکم نەخۆشی شەکرەی باپیرم پەرەی سەند و سەرەتا چاوی لەدەست دا و پاشان تووشی نەخۆشی گورچیلە بوو.

مامێکم لەگەڵماندا بوو کە لە باوکم بچووکتربوو، کاروباری ماڵەکەی بەڕێ دەکرد. جاروباریش دەهاتە سەردانی ئێمە و یارمەتی دەداین.

نەنکم و باپیرم دەیانویست بەپێی عادەتی ئەو سەردەمە دایکم لە مامم مارەبکەن. دەیان وت:" با لەم ماڵە نەچێتە دەرەوە و لەبەر چاوماندا بێت. با کەسی غەریبە تێکەڵاومان نەبێت". دایکم کە ئەمەی بیست شێت و هاربوو. قیامەتی هەڵگیرساند و دەیقیژاند:" چۆن خیانەت لە ئەمانەتەکەی عارف دەکەن؟".

بەڵام ئازارەکان کۆتاییان نەدەهات. دایکی داماوم کە تازەبەتازە خەریك بوو دەهاتەوە سەر خۆی، کەچی دەیان ویست بیدەن بە هێوەرەکەی. لەوانەیە بیتوانیایە بەرگەی هەموو ئازارێك بگرێت، بەڵام

ئەمەیان نا..چۆن یەکێکی تر دەتوانێت شوێنی باوکم بگرێتەوە کە هەموو ژیانی دایکمی ڕازاندۆتەوە؟؟

بەداخەوە پەلەقاژە و بەرەنگاربوونەوەکەی هیچ ئەنجامێکی نەبوو. ئەو پەستانەی کە دەوروبەر خستبوویانە سەر باپیرم بەتەواوی ئەو کەڵکەڵەیەیان لە مێشکیدا چەسپاندبوو.

دایکم دیسان ڕووخایەوە. هیچ لە دایکم تێ نەدەگەیشتن. هەستیان بە خۆشەویستی و ئاگری ئەوینی دڵی نەدەکرد. وایان دەزانی ژنێکی ئاساییە. بەلای ئەوانەوە سادە و ئاسان بوو. دەیان وت:" قەیدی چییە ئەم نا ئەو، خۆ قاتی نەبووە". نەیاندەزانی کە باوکم بۆ دایکم بەقەدەر گیان، بەقەدەر ئاو و هەوا و نان پێویستە. باپیرم و ئەوانەی کە بووبوونە کۆیلەی عادەت و ڕێ و ڕەسم ئا لەمە تێنەدەگەیشتن..

پاڕانەوە و داد و بێدادی دایکم چارەیەکی نەبوو. لەهەر کێ دەلاڵایەوە ئەنجامی نەبوو. چوو لە باپیرم، لە نەنکم، لە پورە عیففەتی ژنی ناوداری دێ کڕووزایەوە، بەڵام نەبوو و نەبوو..

من ئەو ڕۆژانەم ئەگەرچی بەڕوونیش نەبێت، وەلێ ڕووداوە سەرەکییەکانم لە یادە. مەگەر دەشێت لەبیرم بچنەوە؟ چاوی ئاوساو و پڕخوێنی دایکم شتێك نییە بەئاسانی لەبیربکرێت.

ئاه دایکی هەژارم ئاه! چ بەلا و سۆیەکت تووش بووە! دەبێت چ دڵێکی گەورە و چ عیشقێکی مەزنت هەبووبێت وا توانیوتە بەرگەی هەموو ئەوانە بگریت؟

هەنووکە من کە سەیری یادگارییەکانی ژیانی خۆم دەکەم شەرم دام دەگرێت و سوور هەڵدەگەڕێم. بەناوی عەشق و خۆشەویستییەوە کەوتووینەتە ناو هەزار ویەك پیسییەوە. کەچی خۆشەویستی نێوان باوك و دایکم پاك و بێگەرد و پیرۆز و ئاسمانی بووە. بەداخەوە ئێمەومانان لەم سەردەمەدا ناشیرینترین جۆریمان بینی.

دایکم لە مامم دەپاڕایەوە:

مامە فاروقم هەم لە باوکم و هەم لە دایکیشم بچووکتربوو. وەکو کۆتا هەوڵ دایکم مامی بانگ کرد بۆ ماڵمان. دەیویست ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ بکات و ئەو بابەتە ببڕێنێتەوە. بەڵام باپیرم و قسە و قسەلۆکی دەوروبەر مامیشمیان خەڵەتاندبوو. مامم دەیویست ئەو هاوسەرگیرییە بکات چونکە بە مەسەلەی نامووس و شەرەف تێگەیشتبوو.

پێیان وتبوو:" دەبێت هەر بیهێنیت. ئەمە نامووسی ئێوەیە. دەتانەوێت کەسێکی غەریبە ببێتە مێردی ژنەکەی عارف؟ تۆ ببە ماڵی خۆت، لە سەرەتاوە تۆزێك بەرەنگاردەبێتەوە و کەللەڕەقی

دەکات، بەڵام زۆر نابات هەموو شتێك باش دەبێت. بێگومان ناتوانێت تا ماوەیەك مێردەکەی لەبیربکات، وەلێ دواتر ڕادێت".

مامم ئا بەم قسانە خەڵەتابوو، وای دەزانی بەمە کارێکی زۆر گرنگ دەکات و ناهێڵێت کەسی غەریبە توخنی براژنەکەی بکەوێت.

بەڵام شتێك هەبوو کە هەم باپیرم و مامم و هەم خزمانی تریش لەبیریان کردبوو. دایکم تەنها گۆشت و خوێن نەبوو. و تەنها ژنێك و بووکی ماڵێك نەبوو. عارفێك هەبوو لە دڵی ئەودا. بەڵام کەس نەیدەویست ئەمە ببینێت. کەس تێنەدەگەیشت کە گەر یادگاری و خەیاڵی ئەو نەبێت، دایکم یەك چرکە ناتوانێت بژی. شووکردن بە پیاوێکی تر بەلایەوە گەورەترین ئازار و خیانەتە..

دایکم کەوتە پاڕانەوە لەبەردەم مامما. دەیووت:

- هیچ نەبێت تۆ وا مەکە. من کەڵکم بۆ تۆ نییە. من لەگەڵ عارفدا مردم. تەرمێکی زیندووم و تەواو. هەموو ساتێکم لەگەڵ ئەودایە. چۆن دەتوانیت دەست بدەیت لە ئەمانەت و یادگاری براگەورەکەت؟ هیچ بەزەییت نییە؟ بۆچی بۆ تەنها جارێکیش بێت گوێم لێ ناگرن؟ تۆ دەتوانیت لەناو ئاگردا بژیت؟ دەتوانیت لە ئاودا هەناسە بدەیت؟ گەر دەم و لووتت ببەستن چەندێك بەرگە دەگریت؟ شووکردنی منیش بە یەکێکی تر ئاوایە. جیابوونەوە لە عارف بۆ من سووتان و خنکانە. چی دەبێت پیاوەتی و جوامێری بنوێنە و بەگوێیان مەکە!

مامم خۆی پێنەگیرا و دەستی کردە گریان:

– منیش ئەمەم ناوێت براژن. ئەمە بۆ من ئازار و ئەشکەنجەیە، بەڵام چی بکەم؟ ناتوانم بەسەر قسەی گەورەکاندا زاڵ ببم. نایانەوێت بتدەن بە کەسی تر، ترسیان لەوە هەیە.

–کەس توخنی ئێمە ناکەوێت. یەکێك بەو نیەتەوە بێت دەری دەکەم و گەر پێویستیش بکات دەیخنکێنم. هەمووتان باش بزانن کە من تەمەنم لەم ماڵەدا و لەگەڵ منداڵەکەی عارف و یادگارییەکانی بەسەردەبەم. هیچ پیاوێکی غەریبە نایەتە ئەم ماڵەوە. سەردانی ئێوەش دەکەم. دێم خزمەتی دایك و باوکت دەکەم. بەڵام با وازم لێ بێنن.

مامم نەیتوانی بەرگەی گریان و ناڵەی دایکم بگرێت و بەپەلە چووە دەرەوە. وەڵێ دایکم کوڵی نەدەنیشتەوە و دەیووت:" عارفەکەم گوێت لێیە؟ حاڵی پەرێشانم دەبینیت؟ چیتر بەرگە ناگرم. توخوا منیش بەرە بۆ لای خۆت، هێزم لەبەر براوە".

ئەنجامەکەی کارەساتێکی تەواوبوو:

ئەو ئازار و ڕەنجەی دایکم دەیکێشا جەرگبڕبوو. بەتاقی تەنیا ململانێ لەگەڵ ئەو هەموو ناڕەحەتییە کۆڵێك نەبوو ئافرەتێکی لاواز بتوانێت هەڵیبگرێت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەژێر ئەو بارەدا دەپلیشایەوە.

مامم چووبوو باپیرم و خزم و کەسوکار قەناعەت پێبکات، بەڵام ئەوان هەر سووربوون و سوودی نەبووە. وتبوویان: " یا نادیدە بە بووکی دێتە ئەم ماڵە یا جەنازەکەی لەو ماڵەدا دەردەچێت".

مامم هات بۆ ماڵمان. ئەمجارەیان ئەو دەپاڕایەوە:

– پەیمان بێ براژن هەر مارەکردنەکە و تەواو، خوا شایەت بێت تۆ براژنمیت لە دنیاو قیامەتدا و ئەمانەتی براکەمیت.

دایکم دیسان هاواری لێ هەستا:

– نەخێر نابێت! چۆن بەسەر مارەیی عارفدا مارەیییەکی تر دەبرم؟ ئەو لەگەڵمدایە و گوێم لە هەناسەکانیەتی. تاقە دڵنەواییم ئەوە. من هێشتا لای ئەوم. پارچەیەکم لەو. ئەویش بەرگەی خیانەتێکی وا ناگرێت. لێم دەتۆرێت و جارێکی تر نایەتەوە لام.

دایکم لەپڕ هەستایە سەرپێ و بە چاوی زەق و هەڕەشەوە پەنجەی ڕاوەشاند:

– سەیر بکە فاروق! بۆ ئاخر جار پێت دەڵێم، ئەو هاوسەرگیرییە قەت نابێت، لە من گەڕێ..

ئەوەندە بە تووڕەیی ئەمەی وت مامم ترسا و بەپەلە چووە دواوە. مامم باش تێگەیشتبوو کە ئەو کارە هەرگیز ڕێناکەوێت.

کەچی باپیری کەللەڕەقم کە چاوی نەمابوو و چەند ڕۆژێکی لەم دنیایەدا مابوو، دەیووت:

– پێش مردنی من پێویستە ئەم کارە تەواوببێت..

بەڵام کاروبار لە دەستی خوای گەورەدایە و بێ مۆڵەتی ئەو هیچ شتێک ناتوانرێت بکرێت. با بزانین ئەو چ قەدەرێکی دەستنیشان کردووە..

ڕووداوێکی پڕ نهێنی:

دایکم هەموو ئێوارەیەک دەرگاکەی کلیل دەدا و، پەردەکانی دادەدایەوە و بەرماڵەکەی ڕادەخست و تا بەیان نوێژ و دوعای دەکرد.

ئێوارەیەکی ئاوابوو. دایکم دەرگاکەی کلۆم دا. بەرماڵەکەی ڕاخست و چووە سەری. منیش بە ئەقڵی منداڵیی خۆم لایەوە دانیشتم و لاساییم دەکردەوە. لەو کاتەدا لە دەرگا درا. پێش دایکم من ڕامکرد، بەڵام دەرگاکەم نەکردەوە. کە دایکم کردیەوە، ژنێکی تەمەن مامناوەندی سەرتاپا داپۆشراوی ڕووخسار نوورانیمان دی. زۆر جوان بوو. وتی:

– سڵاوی خوات لێ بێت خوشکم. میوانی خوام، ڕێم دەدەن بێمە ماڵتانەوە؟

دایکم بێ دوودڵی وتی:

– میوانی خوا بەخێربێت سەرچاوان. گەر بەدڵت بێت ماڵی ئێمە هی تۆیە.

بە (بسم الله) هاتە ژوورەوە و لەسەر کورسی یەک دانیشت. وتی:

– کەمێک ئاوم بدەنێ.

دایکم پەرداخێك ئاوی پێدا. خواردیەوە و نیوەی هێشتەوە. منی بانگ کردە لای خۆی. وتی:

- ها کچم، تۆش قومێك بخۆرەوە.

منێك کە لە خەڵکی دەسڵەمیمەوە، بێ دوودڵی بە ڕاکردن چوومە لای. دەتوت هێزێکی پەنهان بەرەو ئەو کێشی دەکردم. هەر کە بینیم چووە دڵمەوە.

ئاوەکەم خواردەوە. کەمێك لە بنی پەرداخەکەدا مابووەوە. بە دایکمی وت:

- ها کچم تۆش تۆزێك بخۆرەوە.

سەیری چاوەکانی دایکم کرد. بۆ یەکەم جار خۆشی لە نیگاکانیدا بەدی دەکرا. وابزانم دایکم تێگەیشتبوو ئەو خانمە شیرین و نوورانییە کێیە. خەندە کەوتبووە سەر لێوە وشکەکانی دایکم، چاوەکانی کە بە گریان ئاوسابوون لە دوور دەیانڕوانی. دایکم وتی:

- هۆکاری سەردانەکەتان چییە؟

- هەموو شتێکی خواگیان خێرە. خوا هیچ کەسێك لە تەنگانەدا ناهێڵێتەوە. بەڵام تاقیشیان دەکاتەوە. بەهەشت دوای ئەو ئەزموونە دەبەخشرێت. ئەگەر تاقیکردنەوەکە گران بوو ئەوە بزانن کە خوای گەورە دەیەوێت بەهەشتتان بداتێ.

لە دواڕۆژدا جیاوازی نێوان ئەوانەی لە دنیادا لە ناز و نیعمەتدا ژیاون و ئەوانەی خەفەت و مەینەتی بەشیان بووە، دەردەکەوێت.

خـوای میهرەبـان و بەخشـندە بەهەشـتێکی وا دەبەخشـێتە میحنەت کێشان، ئەوانەی وا لە دنیادا لە خۆشیدابوون ئێرەیی‌یان پێ دەبەن و دەڵێن: " خۆزگە ئێمەش چەندەها بەڵاو ناڕەحـەتیمان تـووش بهاتایە تا جێیەکی وا ببوایەتە نسیبمان". کچم مەترسـە. خـوا لـە تۆ زیاتر تۆی خۆش دەوێت و گوێی لێتـە. تـۆ ڕوو بکـە ئـەو. کـارت بـە هیچی ترەوە نەبێت. ئەو گشت شتێك لەجێی خۆیـدا دەکـات. ناهێڵێت هیچ بەندەیـەکی سـتەمی نـاڕەوای لـێ بکرێـت و هـەقی دەسـتێنێت. گەر کەسێك خۆشەویستێکی وەك خوای هەبێت پێویست ناکات لە دەرگای کەسـی تـر بـدات و داوای یارمـەتییان لـێ بکـات و لێیـان بپاڕێتـەوە. نیگەران مەبە، کەس دەست نابـات بـۆ خۆشەویسـتی پـاکی تـۆ. خـوا ئەمانەتی کەسێك نەپارێزێت کـە لـەپێناوی ئـەودا شـەهید بـووە، کێ دەیپارێزێت؟

دایکم بەو مژدەیە ئەوەنـدە دڵخـۆش بـوو کـە خـۆی بـۆ نـەگیرا و باوەشی کرد بە میوانەکەدا، دەگریا و دەیووت:

– دەمزانی، دەمزانی خوا ڕێگەیان نادات. دەمزانی تەنها خوا بە ئاگری سینەم دەزانێـت. دەمزانـی هیوایـەك و مژدەیـەك دەنێرێـت بۆ ئەم بەندە گوناهبارەی.

میوانەکـە دەسـتی هێنـا بـە ڕوخسـاری دایکمـدا و نووسـاندی بەسنگیەوە. داینیشاند و دڵنەوایی دایـەوە. منـیش چاوم لـەو خانمە

نەدەترووکاند. ئەوەندە شیرین و دڵگیربوو، مەحاڵ بوو چاومی لێ کەلا بکەم.

شتێکی تریشی کە تائێستا لەبیرم ماوە بۆنە خۆشەکەی بوو کە دەیبردیت بۆ جیهانێکی تر. دەمبینی دایکم قووڵ قووڵ هەناسە هەڵدەمژێت و دەیەوێت سنگی لەو هەوا بێوێنەیە پڕبکات. دایکم دەگەڕا بزانێ چیمان هەیە لەماڵەکەدا و بۆ خواردن بشێت، بیخاتە بەردەستی میوانەکە، بەڵام ئەو جگە لە ئاو هیچی تری نەدەخواردەوە.

منی بانگ کرد:

– ناوت چییە کچە جوانەکەم؟

– نیلۆفەر

– ماشەڵا. ئیشەڵا خوای گەورە تۆ لە خۆی جیاناکاتەوە.

– تۆ ناوت چی یە پووری؟

وەڵامی نەدامەوە، تەنها بزە گرتی.

پاش ماوەیەك هەستا. شتێکی بەگوێی دایکمدا چرپاند. ڕووی دایکم وەك گوڵ گەشایەوە. پاش چەندەها مانگ بۆ یەکەمجار دایکمم وا خۆشحاڵ بینی.

کاتێك ئەو خانمە ڕۆیشت دایکم زۆری لێ نەکرد بمێنێتەوە. لەوانەشە ئەو خەڵکی جیهانێکی تربووبێت. لە سیما و هەڵسوکەوتیەوە دەردەکەوت کە بە ئێرە نامۆیە. پەرۆشی ئەوەبووم

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabaz.org

بزانم چی بە دایکم وتووە. کەچی دایکم هەر جارە و بە بەهانەیەك خۆی دەدزی یەوە و لەبری ئەوە وتی:" ژیان کورتە. پێویستە مرۆڤ هەموو کاتێك ئامادەبێت. کەس نازانێت کەی دەمرێت. بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەری هەمیشەیی هەوڵ بدە. لەوێ دادگایەکی مەزن هەیە".

لەوانەیە ئەو خانمە ئەمەشی وتبێت، بەڵام ئەوەی گیانی کردبوو بەبەر ژیانی مردووی دایکمەوە، ئەمە نەبوو. ئەڵبەت مژدەیەکی لای باوکمەوە هێناوە یان لە جیهانی نهێنییەوە هەواڵێکی داوە. ئەو ڕووداوە پڕ ڕازەم هەرگیز لەبیرنەچووەوە. هەر جارەش کە دەهاتەوە یادم لەرز دەیگرتم.

بەرەو دنیایەکی پڕ نهێنی:

دایکم ئەو شەوە پڕ نهێنییەی تا بەیانی لەسەر بەرماڵ بەڕێ کرد. تا نوێژی بەیانی دوعا و تەسبیحات و پاڕانەوەکانی بەردەوام بوون. منی بانگ کردە لای خۆی و ئەو ڕاستییەی پێ وتم کە پێشبینیم کردبوو. وتی:

– کچم، تۆ ئیتر گەورەبوویت. هەموو شتێك تێدەگیت. دەیانەوێت بمدەن بە مامت، بەڵام قەت ئەوە ڕوونادات. ئەگەر دوای من تەنیا مایتەوە دڵتەنگ مەبە. هەموومان دەبێت ڕۆژێك ئەم دنیایە

جێبهێڵین. جا ئیتر درەنگ بێت یان زوو. گەر لێرەش جیاببینەوە خوای گەورە لە دوارۆژدا بەیەکمان شاددەکاتەوە.

گەر مردم نیگەران مەبە. چونکە بە باوکت دەگەم و زۆر خۆشحاڵ دەبم. تۆش بیر لە خۆشبەختی من بکەرەوە و دڵت خۆش بێت کچم. سەیرکە، چەند لێرە بژین ئەوەندە زیاتر ڕەنج دەکێشین. چەند زووتر بە باوکت بگەم ئەوەندە باشترە بۆ من.

دوای من لای مامت بمێنەرەوە. ئەو ئاگای لێت دەبێت و ساڵی داهاتووش دەتخاتە بەر خوێندن. هەرچەندە لێرە لە تەنیشتتدا ئامادە نابم، وەلێ هەر حەزدەکەم ببینم کە کچەکەم خوێندوویەتی و بووەتە خاوەنی کارێکی باش. ئارەزوو دەکەم کە شارەزای دین و ئیمانی خۆت بیت. نەکەیت من و باوکت شەرمەزار بکەیت..

لەو تەمەنەدا بەڕوونی فامی ئەو قسانەم نەدەکرد، بەڵام تێگەیشتبووم کە دایکم لەدەست دەدەم. دیسان زریان و لەرزە روویان لە دڵی بچووکم کرد. ئەمەی ئەم جارەیان زۆر جیاواز و بێبەزەیی یانەبوو. مەگەر دەمتوانی بەرگەی بلێسەی ئەو جوودایییە بگرم؟ ترسی ئەوەی لەم جیهانەدا بەتەنیا بمێنمەوە منی تەنیبوو. چۆن دەمتوانی بە تەنها ڕووبەڕووی تەنگانەو داو و تەڵەکانی ژیان بوەستمەوە؟

قسەکانی دایکم خواحافیزی بوو. ڕوون و ئاشکرا ئامادەسازی و هەواڵی مەرگ بوو. تێگەیشتم ئەو خانمە نەناسراوە بە دایکمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabazi.org

ڕاگەیاندووە کە ئامادەبێت بۆ سەفەر. وەلێ من چۆن دەمتوانی بێ دایکم بژیم؟ تەمەنێك بەرگەی بێ (ئەو) یم نەدەگرت. مەگەر ژیانێکی لەو جۆرە دەتوانرا بێ بۆن و سێبەر و خۆشەویستی ئەو بەسەرببرێت؟ باوەشم پێدا کرد و وتم:

– توخوا بەجێم مەهێڵە دایە گیان! من بێ تۆ چی بکەم؟ باوکم ڕۆیشت و تۆش دەتەوێت بڕۆیت؟

لێك جیانەبووینەوە. زۆر گریاین پێکەوە و جگەرمان هەڵقرچا.

ئەمە چی دەگەیاند بۆ من؟ وشکبوونی ڕەگی ژینم.. تەمەنێك لە ئازار و مەینەتی.. ساڵانێك پڕ لە فرمێسك و ژان..

هەرگیز ئەو ساتی خواحافیزییەم بیرناچێتەوە..

ساڵانێك دواتر تێگەیشتم کە هیچ بۆنێك ناگات بە بۆنی دایکم. هیچ دڵێکی تر وەکو هی دایکم چرۆی میهرەبانی و خۆشەویستی ناگرێت. هیچ کەسێکی تر وەکو دایك نابێتە دۆست..

ژیان ئەمەی لە دوای چەندەها ئەزموونی تاڵ و بەسۆ فێرکردم. بۆ ئەوەی لەمە تێبگەم، چیم مایەوە نەمدۆڕاندبێت؟

ئەو ڕۆژە ئێوارەکەی بڕیاربوو دایکم ببەن و لە مامی ماربکەن. بگرە هەندێك لە کەلوپەلەکانیشمان گوسترابوونەوە بۆ ماڵی باپیرم. واتە بەزۆر بە بووکی دەیانبرد.

دایکم تەواو حاڵی گۆڕابوو. دەتووت لەم جیهانە دابڕاوە و هۆش و ئاوەزی بەخۆی نەماوە. هەرچیت لێ بپرسیایە وەڵامێکی نەبوو.

نزیکی ئێوارەبوو. من لە ترس و شڵەژانێکی وادابووم کە دەتووت چاوەڕێی مردنی دایکم دەکەم. دەترسام بێن بەزۆر بیبەن و بمرێت. بێ وەستان دوعام دەکرد کە خوایەگیان دایکم هیچی بەسەر نەیەت.

دایکم وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی چووبووە سەر بەرماڵەکەی. گەرچی هەموو ئێوارەیەک دەیکرد، وەلێ ئەمجارەیان زووتر دەستی پێکرد. ئەوێ تەختی بەرز و مەقامی مەزنی دایکم بوو. لەوێدا لەگەڵ باوکم دەدوا و خەم و خەفەتی هەڵدەڕشت و، لەو دەرگایەدا داوا و پێویستی یەکانی ڕیزدەکرد.

دایکم هێشتا بەسەر بەرماڵەکەیەوە بوو. ئەو ئێوارەیە زووتر کەوتبووە ڕاز و نیاز گۆڕینەوە، لە بەیانییەکەیەوە حاڵی سەیر و نامۆ بوو. لەلایەک کەلوپەلەکان دەگوازنەوە و لەلایەکی تر ئامادەسازی بۆ زەماوەند دەکەن، بەڵام هەموو ئەمانە سەرنجی دایکمیان ڕانەدەکێشا. ئەو لە مەقامی خۆیەوە لەگەڵ شوێنێکی تر و بە زمانێکی تر گفتوگۆی دەکرد. دایکم بانگی کردم بۆ لای خۆی و وتی:

– ئەم پارەیە بگرە و بیبە بۆ گوڵزار خان، پارەی قەرزە.

پارەکەم وەرگرت و ڕایکێشام بۆ لای خۆی و نامی بە سنگیەوە و بۆنی پێوە کردم. لەژێر لێوەوە وتی:

– خوا لە خۆیت جیانەکاتەوە کچم!

بەڵام ئەوەندە دوعاکەی لە دڵەوەبوو لێوەکانی دەلەرزین و چاوەکانی بە فرمێسک تێزابوون.

نەمزانی ئەوە دوا باوەشە. دوا دیمەنی شانۆی ژینە لەگەڵ ئەودا. ئەگینا قەت بەجێم دەهێشت؟

لە ماڵ دەرچووم. لە لایەکیشەوە کەلوپەلەکانی ماڵمان باردەکران. ماڵی گوڵزارخان نزیك بوو. چوون و هاتنم دە خولەکی نەبرد. پارەی جووتێك پێڵاوی تازەی من بوو کە دایکم بە قەرز لای هێنابوو.

گەڕامەوە. بە ئەقڵی منداڵیم چەند دەقیقەیەك خولامەوە و خۆم گیردا بە سەیری ئەم شت و ئەو شتەوە. چەند کەسێك بەردەوام بوون لە گواستنەوەی ماڵەکە.

چوومە ژوورەکەی دایکمەوە و بینیم لەسەر بەرماڵەکەیەتی و قورئانەکەی ناوە بە سنگیەوە و سەری کەوتووەتە سەر ملی. خانمە نوورانییەکە لە تەنیشتیەوەبوو و شتێکی بۆ دەخوێندەوە. هەم ترسام و هەم زۆر سەریشم سووڕما. نەمدەتوانی مانایەك بەو دیمەنە بدەم. دەمزانی کە شتێکی نائاسایی ڕوودەدات.

دڵم گوشرا و کسپەی لێوە هات. وەك بڵێی ئاگرێك لە سەرمەوە تا نووکی پێم گرتمیەوە. هەموو گیانم دەلەرزی. کە خانمە نوورانییەکە ئەم حاڵەمی دی، وتی:

– مەترسە کچم. دایکت بە باوکت گەیشت. ئازارەکانی تەواوبوون. لەمەودوا خۆشبەخت دەبێت. لێرە بەدواوە شتێك نییە دڵتەنگی بکات. کەسێك بە ڕەحمەتی خوا بگات بەرزترین پلەی

دەست کەوتووە. ئەو ئێستا لە بەهەشتدایە. ئەمەی لێرەدایە تەنها جەستەکەیەتی. مەگری و بیر لە خۆشیی دایکت بکەرەوە.

بەڵام چۆن دەمتوانی خۆم بگرم؟ تا هێزم تێدابوو قیژاندم، خۆم دا بەسەر لاشەی بێگیانی دایکمدا و تا بڕستم لێبڕا گریام. دەکڕووزامەوە و دەمووت:" دایە گیان بۆ جێت هێشتم؟ من ئێستا چی بکەم؟ زۆر دەترسم دایە! دە منیش ببە لەگەڵ خۆت.."

کات بۆ من وەستابوو. چەمکەکانی وەك دنیا و تەمەن و ژیان تێکەڵی یەکتربووبوون. تا ئەو ڕۆژە نەمدەزانی ئازاری جوودایی لە دایکم کە دنیا بچووکەکەی منی سەرەوژێر کرد ئەوەندە سەخت و بەژان دەبێت. چۆن ئارامم بگرتایە؟ چیتر ئەو دایکەم نەبوو کە باوەشی پێدا بکەم و بۆنی خۆشی هەڵبمژم. خەمێکی بێپایان بوو بۆ منداڵێکی شەش ساڵە. مەگەر دەکرا بەرگەی ئەو کۆڵە گرانە بگرم؟

لە بەردەممدا تەمەنێکی پڕ چەرمەسەری هەبوو کە وەك جانەوەر دەمی لێکردبوومەوە و بەنیازبوو پارچەپارچەم بکات. تەنانەت ژیانی لەوەودوام لە هی دایکم تاڵتر و بەسۆتر دەبێت. لە ئاسۆدا ڕەنگی ڕۆژانی زۆر دژوار دەبینران.

ئازاری سەختی لێك دابڕان:

کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم لە دایکمیان جیاکردبوومەوە. دایکمیان درێژ لەسەر زەوی پاڵخستبوو و پەڕۆیەکی سپییان پێدا دابوو. وتم:

- کوا ژنە میوانەکە؟

ژنێك لە نزیکمەوە وتی:

- ژنی میوانی چی کچم؟

- ژنێکی میوان لێرەبوو، قورئانی لەسەر دایکم دەخوێند.

ژنەکان سەیری یەکیان کرد. یەکێك وتی:

- کاری زۆر لێ کردووە فەقیرە، با بیبەینە دەرەوە، دەبزرکێنێت.

ئیتر ئەو ڕووداوە وەکو نهێنییەك لە دنیای منداڵیمدا مایەوە. دڵنیام کە دایکم کۆچی دوایی کرد بەتەنیا نەبوو و، ئەو خانمەی لەگەڵدا بوو. بڵێی کێ بێت؟ لە مێشکی گچکەمدا لەدووی وەڵامی ئەم پرسیارە وێڵبووم.

پوورە عائشە ڕووی کردە ژنانی گوند و وتی:

- بڕوانن و پەند وەربگرن. هەرچەند ئەم ژنە ژیانی پڕبوو لە ناخۆشی و قوڕبەسەری، بەڵام قەت دیتان واز لە نوێژ و دوعاکانی بێنێت؟ دێیەك زۆریان لێ کرد شووبکات بە هێوەرەکەی، وەلێ ئەو عارفی هەڵبژارد. ئەگەر دوو سەعاتی تر تەمەنی هەبووایە بە بووکی دەبرا، بەڵام ئەوەندە عارفی خۆشویست کە خوای گەورە کردیە بووکی ئەو. هەمیشە ڕاست و دروست ژیا و نموونە بوو. پیرۆزت بێت دووەم بووکێنیت.. پیرۆزت بێت کۆچی ئەبەدیت.. لێت موبارەك بێت ژینی ڕاستەقینەت.. نادیدە خان، بەڕاستی تۆ نادیدە و بێوێنەبوویت.

ئیشـەڵا لـە حورمـەتی ئـەوەی لێـرە دراوسـێت بـووین لـە دوارۆژدا شەفاعەتمان بۆ دەکەیت.

ژنـان دەگریـان. لەکاتیکـدا هـەمووان خـەریکی ئامادەسـازی زەماوەندی دایکم بوون، ئەو جلی بووکێنی مەعنـەوی لەبـەرکرد و لـە باوەشی فریشتەکاندا فڕی.

دایکمیان ناشت. منێك کە هەمیشـە لـە گۆڕسـتان دەترسـام، لـە دوای ئەوەی دایکم بە خاك سپێررا، بووە مـاڵ و لانـەی ڕاسـتەقینەم. ڕۆژانـە بـە لایـەنی کەمـەوە جارێـك دەچـووم بـۆ سـەردانی و چـەند کاتـژمێرێك لەسـەر گۆڕەکـەی چیچـکەم دەکـرد. گۆڕەکـەم وەك بەرماڵەکەی دایکم دەهاتە بەرچاو و لەگەڵی قسەم دەکرد.

تاقە دڵنەواییم سەردانی گۆڕەکەی بوو. کە دەچوومە ئـەوێ دڵـم ئۆقرەی دەگرت و، بڵێسەی ناخم خامۆش دەبوو و بۆ سـاتێك ئـازاری جوودایی دەڕەویەوە. دیسان ئێوارەیەکی ئاوا ڕێی گۆڕستانم گرتبـوو. دەچوومە سەر گۆڕی دایکم و فرمێسکم هەڵدەڕشت. چونکە ئەو ڕۆژە دڵم پڕبوو. نـەنکم پێـی وتبـووم:" دایکـت خـۆی کوشـت. ئەگـەر بـە قسەی ئێمەی بکردایە ئێستا لە ماڵ و حاڵی خۆیدا دەبوو".

زۆر پڕبووم و دڵم لە نـەنکم ئێشـابوو. تاوناتاوێـك دەیـووت:" بـۆ ئەوەندە دەگریت و لوشکە لوشکتە؟ خۆ تۆ یەکەم کەس نیت دایکی مردبێت؟". نیازم بوو بچمە سەر گۆڕی دایکـم و هـەموو ئەمانـەی بـۆ

بەم سکالایانە کەفوکوڵی دڵم بنیشێنمەوە. دەمویست بگێڕمەوە. بەجۆرێك پەلەم بوو وەك بڵێی دایکم بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش دەبێت.

کاتێك نزیك بوومەوە بینیم دیسان ئەو ژنە لەسەر گۆڕەکەیەتی. بە زەردەخەنەیەکی هێندە شیرین و دۆستانە پێشوازی لێ کردم، گشت تووڕەییم با بردی. وتی:

- ئەوانە بە دایکت مەڵێ ڕۆڵەکەم. هەمیشە پێی بڵێ کە باشیت. هەواڵی خۆشی بۆ بێنە. دوعای تازە تازە فێربیە و وەرە لێرەدا بیانڵێ.

ساڵان تێپەڕین و جارێکی تر ئەو خانمەم نەدییەوە. دیارە چەپەڵی و تاوانی ژیان ئێجگار لێمانەوە ئاڵاوە و ئەو ژنە فریشتەیەمان تۆراندووە.

لاپەڕەی دنیای دایکم تەواوبوو، وەلێ لاپەڕەی کچەکەی ئەوەندە ڕەش و پەڕپوت بوو، مەحاڵ بوو ڕزگاربوون لێی.

ڕێی درێژ و دڕکاوی و دژوار دەستی پێکرد. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بازرگانانی شەرەف و، خوێنمژان و، خیانەتکاران و ڕووخسارە ساختەکان.. دیاربوو کە بە تەنیا ناتوانم باری قورسی ئەو ڕێ سەختە هەڵبگرم. ڕۆژانی زۆر گران چاوەڕوانم بوون. ڕۆژانێك کە جارێك سەرم سووڕدەما و جارێك ئێرەییم دەبرد، تاوێك پەندم وەردەگرت و تاوێك شۆك دەبووم.

هیوام وایە کەس وەکو من لەم ژیانە پڕناسۆرەدا نەژی!

بەشی دووەم

یەکەم هەنگاو

بەرەو نمایشکاریی جلوبەرگ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zhbzi.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سالآنی خوێندنی سەرەتاییم لە ماڵی باپیرمدا هاودەم لەگەڵ بێکەسی و دڵتەنگی بەسەربرد. نە نازم کێشرا و نە ئەوەی حەزم لێی بوو بۆم کرا. باپیرم دوای دوو ساڵ بە نەخۆشی گورچیلە کۆچی دوایی کرد. مامیشم ژنی هێنا. بووکی تازە منی لەو ماڵەدا نەدەویست.

تاقە هیوام پوورێکم بوو، ئەویش بە بووکی ڕۆیشت و تەنها نەنکم بۆ مایەوە. بەڵام چونکە نەنکم لە دایکم تووڕەبوو، قەت نەچووە دڵمەوە و خۆشم نەویست.

لە چوار و پێنجی سەرەتاییدا مامۆستایەکی ئافرەتمان هەبوو بە ناوی مەرال. جلی کورت و ناجۆری دەپۆشی و زۆرجار قسەوباسی خراپیان دەربارەی دەکرد. چەندجارێك شووی کردبوو و تەڵاق درابوو.

زۆر لە من نزیك دەبووەوە. وابزانم خوا ئەو جوانییەی بە دایکمی دابوو بە منیشی بەخشیبوو. هەر فرسەتی بۆ هەڵبکەوتایە پێی دەوتم:" ئاخ خۆزگە ئەو جوانی و ناسکییەی تۆ بە منەوە دەبوو" !

زۆر هەوڵی دا منیش وەك خۆی لێ بکات. تەنوورەکەمی کورت دەکردەوە و قژی دەبڕیم و فێری میکیاژی دەکردم. ڕۆژی دە جار دەیوت:" تۆ حەتمەن دەبێت بە نمایشکاری جلوبەرگ".

که باسی دایکم و مردنی هاته ناوەوە، وتی:

- واز لەو بیرکردنەوانە بێنە. دایکت مردووە و تەواو. هەموو کەسێک دەمرێت. بەڵام خۆ ناکرێت ئێمەی زیندووش لەگەڵ مردووانداا بمرین. تۆ ژیانی خۆشی خۆت بژی. کچێکی لاوی جوان بهێنە پێش چاوت. خانووی جوان، سەیارەی جوان و شووکردنی جوان..کارت چییە بە گۆڕ و بە مردووەوە. بۆ لە خۆڕایی تامی ژیان تاڵ دەکەیت؟

هێواش هێواش دەکەوتمە ژێر کاریگەری بیر و هەڵسوکەوتیەوە. جاری وا هەبوو دەیبردمە ئەو خانووەوە کە بە تەنها تێیدا دەمایەوە و دەیوت هاودەمیم بکە. زۆر نهێنی خۆیی لا درکاندبووم. ئەو بابەتانەی من پێیان سوور هەڵدەگەڕام، ئەو زۆر ئاسایی باسی دەکردن.

دەیانوت شەوان درەنگ خەڵك هاموشۆی ئەو ماڵە دەکات. منیش خۆم چەندجارێك هەندێك گەنجم لەوێ بینی. جگەرەی زۆری دەکێشا و جارجاریش دەیخواردەوە. دنیای ئەو تەنها مۆسیقا و ڕابواردن و سەمابوو. لە بابەتی خوا و ئیماندا گاڵتەجاڕ و جوێنفرۆش بوو. دەیوت:" لەبری دوعا فێری گۆرانی ببن و ڕابووێرن".

بەداخەوە ئەوبوو یەکەم پێکی شەرابی دایە دەستم و بەزۆر کردی بە گەروومدا. ئەو مامۆستایەك بوو لە پۆلدا باسی زیانەکانی ئارەقی دەکرد و لە ماڵەوە دەیخواردەوە.

مامم ڕۆژێك بانگی کردم و وتی:

- مەچۆ بۆ ماڵی مامۆستا مەرال.

پاش ماوەیەك بۆمان دەركەوت كە تومەز بە پارە خۆی دەفرۆشێت. شەوێك پۆلیس دای بەسەر ماڵەكەیدا و گرتیان. جارێكی تر مامۆستا مەرالم نەدییەوە، وەلێ هەڵسوكەوتەكانی لە مێشكمدا جێی خۆیان كردبووەوە. چونكە پێی دەوتم كە زۆر جوانم و پێویستە ببم بە نمایشكاری جلوبەرگ و، ئەوكات ژیانێكی قەشەنگ و خۆشم دەبێت. ئەم بیرە كاری تێ كردبووم.

ئەو شتەی دەمویست. دەرچوونم لە تاقیكردنەوەی وەرگیرانی دواناوەندی لە شار و دووركەوتنەوە لە گوند بوو. چیتر نەبیستنی بۆڵە و سەرزەنشتی نەنكم و، بینینی كەسانی تر و شوێنانی تر.. پاشان ڕێیەك بدۆزمەوە بۆ بوون بە نمایشكاری جلوبەرگ..

دەمویست ببم بە نمایشكاریی جلوبەرگ:

كاری نمایشكاریی جلوبەرگ هێندە چووبووە دڵمەوە، بە ئارەزوویەكی منداڵانەوە نامەم بۆ ئەو ژنە ناودارانە دەنارد تا نهێنی سەركەوتنیان لەو كارەدا بدۆزمەوە. چونكە هەركەسێك دەیبینیم دەیوت كە كچێكی زۆر جوانی. ئەم ستایش و پیاهەڵدانانە ئەوەندەی تر حەزەكەمیان تۆختر كردەوە.

بەڕێوەبەری قوتابخانەكەمان یارمەتی دام خۆم ئامادە بكەم بۆ تاقیكردنەوەكان. ژنەكەیشی زۆر دەستگیرۆیی كردم. جلی بچوك

بووەوەی منداڵەکانی خۆیان پێدەدام و جاروباریش هەندێک پارەیان دەخستە گیرفانەکەیەوە و دڵیان خۆش دەکردم. خێزانی بەڕێوەبەرەکەم هاوڕێی نزیکی دایکم بوو. هەردەم باسی دایکمی دەکرد.

لە کۆتاییدا لە تاقیکردنەوەکە دەرچووم. کە هەواڵەکەم بیست لە خۆشیدا خەریک بوو لەهۆش خۆم بچم. ئەو ساتە وامزانی هەموو خەیاڵەکانم هاتوونەتە دی. بەچیدا بمزانیایە ڕووبەڕووی سەختترین تاقیکردنەوەی ژیانم دەکاتەوە و، تەڵەی بێبەزەیییانەم بۆ دەنێتەوە و تەنیا و بێکەسم دەکات لەسەر سفرەی گورگان؟

قوتابخانە نوێیەکەم دووربوو. دوای حەوت هەشت سەعات گەیشتین. مامم بردمی و دانام. قوتابخانەکە بە گەورەیی و باخچەکەیی و پۆلەکانی و بەشی ناوخۆیییەکەی سەرسامی کردم.

یاریدەدەری بەڕێوەبەر کە ئافرەتێک بوو، ناوی تۆمارکردم. وتی:

– ماشەڵا کچم چەند جوانیت! ئیشەڵا ئەم جوانییە تووشی بەڵات ناکات!

تێنەگەیشتم مەبەستی چییە. مەگەر دەکرێت جوانی کێشە بۆ مرۆڤ بنێتەوە؟ بەداخەوە وەختێک تێگەیشتم جوانی هەندێک جار ژیانی مرۆڤ لێڵ دەکات، کار لە کار ترازابوو.

وانەکان دەستیان پێکرد. هەر لە یەکەم وانەوە هەموو سەرنجەکان کەوتنە سەر من. هۆیەکەشی ئەوەبوو مامۆستای

مۆسیقا، مامۆستا ئایلین، هەر هاتە ژوورەوە چاوی چووە سەر من و وتی:

- ئای چەند جوانیت، کچم!

هاتە لامەوە و هەڵیساندمە سەرپێ و بەدرێژایی وانەکە هەوڵی دەدا خۆیم لێ نزیک بکاتەوە. بەجۆرێك بوومە کەسێك کچە ناشیرینەکان ڕقیان لێم بێت و جوانەکان بەخیلیم پێ ببەن و کوڕەکان دەوروخولم بدەن.

ئیتر لێرەوە سوودپەرستان و دۆستانی ساختە و نیەت گڵاو، بەدرێژایی تەمەنم ڕیزیان بەست.

دوو مامۆستا لە پۆلدا کاریگەرییان هەبوو لەسەرم. مامۆستا ئایلین و، مامۆستا فەزیلەت.

مامۆستا ئایلین پشتگیری لە هاوچەرخی و سەربەستی و بێدینی دەکرد و دەیوت:" مرۆڤ تەنها ئەوکاتە خۆشبەخت دەبێت کە خۆی لە بەندی دین ڕزگاربکات، ئەگینا دەبنە کۆیلەی یاسا ئایینییەکان و ژیانتان تاڵ دەکەن".

مامۆستا فەزیلەت ڕای وابوو کە باوەڕ بە خوا مەرجە بۆ ئاسوودەیی دەروونی و لێبووردەیی و کاری چاك لەنێوان مرۆڤەکاندا.

ئەم دوو مامۆستایە هەمیشە لە وانەکانیاندا نموونەیان دەهێنایەوە و هەوڵیان دەدا بیروباوەڕەکەیان بسەلمێنن. منیش لە نێوان ئەم دوو مامۆستایەدا دەهاتم و دەچووم. بەڵام کاریگەری

ماموستا ئایلین زۆرتربوو چونکە ئەو زیاتر پەسنی جوانییەکەمی دەدا و ستایشی دەکردم.

دوو ساڵ ئاوا بە ململانێ تێپەڕی. لەگەڵ گەورەبوونمدا بیرە شەیتانییەکانی ناوم و دەوروبەریشم گەورەدەبوون و نیلۆفەری تازە وردە وردە جێی بە نیلۆفەری کۆن لەقدەکرد.

کاتێك هاوینی ساڵی دووهەم گەڕامەوە بۆ لادێ زۆر شت گۆڕابوو. نەنکم مردبوو و مامم و ئامۆژنیشم لە بگرە و بەردەی تەڵاقدا بوون. واتە نەمدەتوانی بۆ ڕۆژێك لەو گوندەدا بمێنمەوە. هەموو ڕۆژێکم لەوێ ئەشکەنجەبوو. بەدڵ و بەگیان چاوەڕێی کرانەوەی قوتابخانەبووم.

چەند کەلوپەلێکی تایبەتی دایکمم لەگەڵ خۆم هەلگرت و گەڕامەوە بۆ قوتابخانە. ئەوە دوا گەڕانەوەم بوو، ئیتر هەموو پەیوەندیەکانم بچڕاند.

ئەوانەی هەوڵی خۆ لێنزیکردنەوەیان دەدام زۆربوون:

لە دواناوەندی و ئامادەییدا دەرگاکان کەوتنە سەرپشت بۆم. هەم وانەکانم باش بوون و هەم کەسانێکی زۆر گرنگییان پێدەدام.

بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە لە هەموو بۆنەکاندا پێشکەشکاریی دەبەخشی بە من و هەر من ئەرکی پێشوازی گەورە پیاوانی دەوڵەت

که دەهاتن بۆ سەردانی شارەکە، وەردەگرت. جگە لەوەش قوتابخانە مووچەیەکی یارمەتی بۆ بڕیبوومەوە. لە کۆتایی ساڵی خوێندندا چەند کۆمپانیایەك داوایان لیّ کردم ببم بە سکرتێریان.

چیتر نیلۆفەری کۆن نەمابوو، نیلۆفەری تازە شانازی بەخۆیەوە دەکرد و لووتبەرزبوو. بەداخەوە جیاوازی نێوان ئەم دوو نیلۆفەرە تا دەهات زیاتر دەبوو. پەیوەندی نزیکم لەگەڵ ئایلین خان گشت بەها مەعنەوییەکانمی ڕووخاند.

منێك کە جاران خوا و پێغەمبەر و بەندایەتی و ئەجەلم لەیاد بوو، شەوان بەدەم دوعاوە دەنووستم، ئەوا نزیکەی ساڵێکە هەموو ئەوانەم لەبیر چوونەتەوە.

فەزیلەت خان لە وانەکانیدا پەیامی کاریگەری دەگەیاند و منی دەهەژاند و سەرلەنوێ هەستە جوان و باڵاکانی لە ناخمدا دەوروژاند. بەڵام هەر کە ئایلین خانم دەبینی لەبیرم دەچوونەوە.

جارێکیان لە وانەی مامۆستا فەزیلەت دا سەری گفتوگۆ دامەزرابوو. کۆمەڵێك کوڕ و کچی گاڵتەچی و خۆبەشتزان مامۆستایان دابووە بەر لێزمەی پرسیار. ئەو خوێندکارانەبوون کە بە نزیکییان لە مامۆستا ئایلین دەناسران. چەند هاوڕێیەکم دەیانوت کە ئەمانە ئایلین خان هانیان دەدات.

کوڕێك بە ناوی چاداش و کچێك بە ناوی نووراى دەمڕاستی ئەم گرووپە بوون. ئەمانە ماددەگەرا و دووربوون لە مەعنەویەت، لە

پەیوەندی نێوان کچ و کوڕدا گوێیان بە هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی نەدەدا.

کچێک بە ناوی خانم و کوڕێک بە ناوی سەیدا پشتگیرییان لە بۆچوونەکانی مامۆستا فەزیلەت دەکرد. بەتایبەتی سەیدا کە کوڕێکی بەڕەوشت و زیرەك و ژیر بوو.

هەرچەندە من لە هیچ یەکێك لەم گرووپانەدا نەبووم، وەلێ زیاتر لە ئایلین خان نزیک بووم.

بەشی سێیەم

ئەو گفتوگۆیەی

هەرگیز لە یادم ناچێتەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabazi.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گفتوگۆکەی ئەو ڕۆژە بە پرسیارێکی چاداش لە مامۆستا فەزیلەت دەستی پێکرد، بابەتەکەش وتووێژ بوو لەسەر ئەو بەرنامەیەی لەسەر بیردۆزی پەرەسەندن دوێنێ شەوەکەی لە تەلەفزیۆن نیشانی دابوو.

چاداش پرسیاری لە مامۆستا فەزیلەت کردو، وتی:

- مامۆستا، ئەو بەرنامەیەت بینی لەسەر بیردۆزی پەرەسەندن؟

- بەڵێ بینیم.

- کەوایە تێگەیشتیت کە مرۆڤ لە مەیمونەوە هاتووە؟

شێوازی پرسیارەکە بەئاشکرا گاڵتەجاڕی و سووکایەتی پێوە دیاربوو. بەڵام مامۆستا جددی و خۆڕاگربوو. وتی:

- کوڕم، پێش هەموو شتێك لەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەدا نەگەیشتن بە وەها ئەنجامێك. بەپێچەوانەوە باس لەوە کرا کە بیردۆز ئەگەرێکە نەك ڕاستەقینە. واتە وترا کە بۆچوونێکە و بەڵگەی زانستی لەسەر نییە.

- بەڕای تۆ ئەگەر مرۆڤ لە مەیمون پەرەی سەندبێت چ زیانێکی تێدایە؟

- خوا بیویستایە مرۆڤی لە مەیمون دروست دەکرد، وەلێ ڕاستی ئەوەیە کە مرۆڤ لە مرۆڤ بووە. بڕوانە کوڕی شیرینم، داروینیزم، واتە

بیردۆزی پەرەسەندن، ئایدۆلۆژیایەکی ساختە و هەڵبەستراوە. هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەپشت نییە و ئامانج لێی بەرپەرچدانەوەی حەقیقەتی بەدیهێنانە، بەڵام نەیتوانیوە سەرکەوتوو ببێت. ئەم بیردۆزە پێی وایە گوایە زیندووان لە ئەنجامی ڕیزبوونی هەڕەمەکی ماددە بێگیانەکانەوە دروستبوون. بەڵام ئێمە بەدیهاتنی بوونەوەران لەوپەڕی جوانی و ڕازاوەیی دا و، بەهاناوەچوون و ئاگاداری لێ کردنیان لەوپەڕی قەشەنگیدا و، پاراستنیان لەوپەڕی میهرەبانیدا دەبینین، ئەمانە کۆمەڵێك فرمانن کە هەم زانست و هەم توانستی بێ سنووریان دەوێت، کە ئەمەش دیارە لە ماددەی کوێر و کەڕ و بێگیاندا نییە.

– کەواتە تۆ پەرەسەندن قبووڵ ناکەیت؟

– بڕوانە چاداش گیان، خوا باشتر دەزانێت. بەدیهێنەری بوونەوەران لەبارەی بەدیهێنانەوە هەموو شتێکی لە قورئانی پیرۆزدا فەرمووە.

– چی دەڵێت قورئانی پیرۆز؟

چاداش ئەم پرسیارەشی بە پێکەنین و گاڵتەوە کرد. مەبەستی ئەوە نەبوو زانیاری وەربگرێت، بەڵکو دەیویست بە مامۆستا ڕابووێرێت. بەڵام فەزیلەت خان چاوی نووقاند لە هەڵسوکەوتی بەدی چاداش و دەیزانی کە ئەگەر ئەو گوێش نەگرێت دەبێت، وەڵێ

کەسانێکی تر هەن لە پۆلەکەدا تامەزرۆی وەڵامی پرسیارەکەن.

بەردەوام بوو لەسەر وتەکانی و وتی:

- حەزرەتی ئادەم یەکەم مرۆڤە. چەندەها ئایەت هەیە پێمان دەڵێت کە حەزرەتی ئادەم لە گڵ دروستبووە. ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَٰجًا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴾ فاطر: ١١، واتە: "خوا بنەچەی ئێوەی لە گڵ دروست کردووە و پاش ئەوە کە ئادەمی لە گڵ دروست کرد ئەولاد و نەوەی ئەوی لە تۆمێك دروست کرد کە لە پشتی باوکەوە دەچێتە منداڵدانی دایك."

لە دروستبوونی یەکەم مرۆڤیشدا هەمان ئەو قۆناغانە بوونیان هەبووە کە لە بەدیهاتنی مرۆڤی ئەمڕۆدا هەن. ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴾ السجدة: ٧، واتە: "ئەو خودایەیە هەر شتێکی دروست کردووە باشی دروست کردووە و بەپێی حیکمەتێك دروستی کردووە و سەرەتای دروست کردنی ئادەمیزادی لە گڵەوە دەست پێ کردووە."

لەم ئایەتەشدا باس لە چییەتی ئەم قوڕە دەکرێت: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴾ الحجر: ٢٦، واتە: "بەڕاستی ئادەمیزادمان لە قوڕێکی وشك دروست کردووە کە دەستی لێ بدەیت

دەنگی لێوە دێت، ئەو قورەش لە قورێکی ڕەشی ڕەنگ گۆڕاوی لەقاڵبدراوە."

لەم ئایەتە پیرۆزانەوە تێدەگەین کە ئافراندن بە گڵ دەستی پێکردووە و پاشان شکڵی قوڕی وەرگرتووە. ئەم قوڕەش پاڵێوراوە و پوختەیەکی لێ هەڵبژێرراوە. ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴾ المؤمنون: ١٢ ، واتە:" بەڕستی ئێمە ئادەمیزادمان لە پوختەیەك لە قوڕ دروست کردووە."

پاشان ئەم قوڕە پوختەکراوە شکڵێکی تازەی وەرگرتوە.

﴿ قَالَ لَمْ أَكُن لِّأَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُۥ مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴾ الحجـــر: ٣٣، واتە:" ئیبلیس وتی: ڕەوا نییە من کڕنووش بۆ بەشەرێ بەرم لە خاکێکی ئاوازەداری سیارەنگ دروست کرابێت."

هەموو پێکهاتنەکان تا ئەم قۆناغە لەو گۆڕانکارییانە دەچن کە کۆرپەلەی ئەم سەردەمە لە (١٢٠) ڕۆژی یەکەمیدا پێیدا تێپەڕدەبێت.

هەروەك چۆن ئەو خواردنانەی لە دەرەوە وەری دەگرین گەدە هەرسی دەکات و دەینێرێت بۆ خانەکان و، بۆ دروستبوونی هەر ئەندامێك ئەو ماددانە بەکاردێن کە پێویستن، بەهەمان شێوەش تۆو و هێلکەی مرۆڤ لە هەمان خۆراکی ناو گەدەوە پوختە دەکرێن و بەدیدەهێنرێن. واتە وەك دروستکردنی قوڕی پوختە لە قوڕ، و پاشان بەدیهێنانی قورێکی ڕەقەوەبوو لێی، ئنجا دوای ئەمە شکڵی مرۆڤ

دەبەخشرێت بەو پێکهاتەیە. هەروەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ لَمْ يَكُنْ مِنَ السَّاجِدِينَ﴾ الأعراف: ١١، واتە: " بەڕاستی ئێمە باپیرە گەورەی ئێوەمان دروست کردو، شێوەی بنیادەممان پێدا. پاشان وتمان بە فریشتەکان: سوجدەی ئیحتیرام بەرن بۆ ئادەم، ئەوانیش هەموویان سوجدەیان بۆبرد، ئیبلیس نەبێ کەسەرپێچی کردو سوجدەی نەبرد."

لە سوورەتی نوحیشدا ئاماژە بە بەدیهێنانی یەکەم مرۆڤ و پلە بە پلە بەدیهێنانی ڕەگەزی مرۆڤ دەکرێت.﴿وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا﴾ نوح: ١٤، واتە: " کە خوایش ئێوەی دروست کردووە و بە چەند قۆناغدا تێیپەڕاندوون.)"

دەتوانرێت بوترێت تا ئەم قۆناغە مرۆڤ هاوشێوەیە لەگەڵ ڕووەك و ئاژەڵەکانی تر لە گەورەبوون و پەرەسەندندا و هەموویان پابەندن بە یەك یاساوە. بەڵام لێرە بەدواوە بەدیهێنانێکی نوێ ڕوودەدات لە کۆرپەلەی مرۆڤدا. واتە ڕۆح دەچێتە جەستەوە. چونکە تا ئێرە پێکهاتەی ماددی مرۆڤ تەواوبووە.﴿ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ﴾ المؤمنون: ١٤، واتە: " پاش ئەوە ئەو تۆمەمان کرد بە پارچەیێ خوێن، پاشان ئەو پارچە خوێنەمان کرد بە

پارچە گۆشتێ، پاش ئەوە ئەو پارچە گۆشتەمان کرد بە ئێسقان، ئەوجا گۆشتمان کردە بەری پارچە ئێسقانەکە، ئەوجا کردمان بە دروستکراوێکی تر کە ئەو منداڵەیە لە منداڵدانی دایکی دێتە دەرەوەو لەدایک ئەبێ، ماشەڵڵا چەند گەورەو پیرۆزە خوا کە جوانترین دروستکەرێکە بە خەیاڵی ئادەمیزادا بێت."

﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴾ ص: ٧، واتە: "جا کاتێك دروستم کرد و بە فووی ئەو فریشتەیەی ئەو کارەی پێ سپێرراوە لە گیانی خۆمم کرد بە بەرا، ڕوو لەسەر زەوی بکەون و سوجدەی بۆ بەرن."

لەم ئایەتە پیرۆزەشدا ئاماژە بە گشت قۆناغەکانی خوڵقاندن دەکرێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ ٱلْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي ٱلْأَرْحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمْ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرْذَلِ ٱلْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِنۢ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْـًٔا وَتَرَى ٱلْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنۢبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ ﴾ الحج: ٥، واتە: " خەڵکینە! ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندووبوونەوەی خۆتان لە ڕۆژی قیامەتدا هەیە چاری ئەو گومان و دوودڵییەتان بەوە بکەن ورد ببنەوە، من ئێوەم لە گڵ دروست

کردووه چونکه باوکه گەورەی ئادەمیزاد که ئادەمه لـه گڵ دروست کراوه، لەوەپاش له تۆوی بـاوك و دایـك دروسـتم کـردوون، ئـەمجا لـه پارچه خوێنێکم دروست کردوون، ئەمجا له پارچه گۆشتێکم دروست کـردوون، هەیــەتی خراوەتــه شـێوەی ئـادەمیزادەوه و هەیــەتی نەخراوەته شێوەی ئادەمیزادەوه، ئەمەتان بۆیـه بـۆ بـاس ئەکـەم تـا بزانن چۆنم دروست کردوون. ئێمه چیمان بوێـت لـه کـوڕ و لـه کـچ لـه منداڵدانی ئافرەتدا دادەنێین تـا وادەی دیـاریکراوی خـۆی ئـەمجا بـه منداڵی له سکی دایکتان ئەهێنینه دەرەوە..."[1]

ئەو قۆناغانەی کۆرپەلە پیایاندا تێپەڕدەبێت و ئەم ئایەتە باسیان دەکـات، هــەمان ئــەو قۆناغانــەن کــه کۆرپەلــەی ئــەم ڕۆژگــارەش پەیڕەوییان لێ دەکات.

داهێنەری ئامێرێك له کەتەلۆگەکەیـدا ئـەوەی دیـاری کـردووه کـه ئەم ئامێره چۆن کاردەکات و پێویسته چۆن بـەکاربرێت. بـۆ نموونـه لـه کەتــەلۆگی ڕێنمــایی ئامێرێکـدا نووســراوه کــه بــه (٢٢٠) ڤۆڵـت کاردەکات، گەر ئێمـه لـه خۆمانـەوه (٥٠٠) ڤـۆڵتی بدەینێ‌و وابـزانین باشتر کاردەکات، دیاره لەم کاتەدا چی بەسەر ئامێرەکەدا دێت. !

بەهەمان جۆر جەستەی مرۆڤیش ئامێرێکی ناوازه و پێکهاتەیەکی نایابی دەستی توانستی خوای گەورەیە. بێگومان بەدیهێنەر له هەموو

١- تەفسیری کوردی ئایەته پیرۆزەکان له (خۆلاصـەی تەفسیری نـامی) ی مامۆسـتا عبدالکریمی مدرس وەرگیراوه.

کەس باشتر دەزانێت ئەم ئامێرە چۆن کاردەکات. مادەم خوای گەورە دروستی کردووین و پێشی ڕاگەیاندووین کە چۆن بژین، کەواتە ئەوەی لەسەر ئێمەیە گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنە.

- واتە تۆ لەم سەردەمی زانست و پێشکەوتنەدا دەڵێیت خوا هەیە؟

ئەم پرسیارەشی بۆ لاقرتێ و بە تۆنێکی گاڵتەجاڕانەوە پرسی. ئەمجارەیان سەیدا خۆی پێنەگیرا و هەستایە سەرپێ و وتی:

- پرسیار و وەڵام و گفتوگۆش یاسا و ڕەوشتی خۆی هەیە براکەم! ئەوەی تۆ دەیکەیت بەئاشکرا سووکایەتییە.

مامۆستا فەزیلەت خێرا کەوتە خۆی و، دۆخە گرژەکەی هێورکردەوە و، چاداش و سەیداشی بێدەنگ کرد.

هەرگیز وتارێکی ئاوام نەبیستبوو:

دوای ئەوە مامۆستا فەزیلەت کەوتە باسێکی زۆر خۆش. ڕاستیەکەی ساڵانێك بوو گوێم لە وتاری وا کاریگەر و بەچێژ نەبووبوو. بیرمە وتی:

- منداڵان بە بێتاوانی دێنە دنیا. بەئاسانی لە ڕوخساری پاکیاندا ئەمە دەبینرێت. ئەم بێگوناهییە تا تەمەنی باڵغبوون درێژەی هەیە. ئیتر لەم تەمەنەوە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشانیان. مرۆڤ لەگەڵ تاواندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. خوای گەورە دڵی مرۆڤی وا دروستکردووە

کە لە گوناه بێزارە. کەسێك بۆ یەکەمجار درۆبکات یان ئارەق بخواتەوە لە دڵەوە نیگەران دەبێت. بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی سەرپێچیدا دڵ هەستیاری خۆی لەدەست دەدات. وەکو چۆن ئامێرێکی هەستیار گەر تۆز بچێتە ناویەوە لەکاردەکەوێت، مرۆڤیش کە ئامێرێکی زیندووی دەراسایە بە تۆزی گوناه لەڕووی مەعنەوییەوە پەکیدەکەوێت. دڵی مرۆڤ کە لە سەرەتادا وەك ئاوێنەیەکی پاك و ڕۆشن وایە، بە چڵکی تاوان بێگەردی خۆی لەدەست دەدات.

گوناه و تاوان پێچەوانەی سروشت و فیترەتی مرۆڤە و، جووڵانەوەیە بەپێچەوانەی فەرمانی خودا. گوڵەبەڕۆژە بەتازەیی هەردەم ڕووی لە خۆرە. بەڵام کە سەری قورس بوو، ئیتر ڕوو ناکاتە ئاسمان و ڕووانینەکانی لە زەوی دەچەقن. ئەوانەی لەسەر تاوان بەردەوامن ئەمە حاڵیانە. ڕوو ناکەنە شتە مەزن و بەرزەکان و شەیدای نزمی و پەستین. گەورەیی و فراوانی نازانن و لە سادەیی و بچووکیدا دەخنکێن. کە تۆزی سەرپێچی نیشت لەسەر باڵەکانیان ئیتر ناتوانن لە ئاسمانی حەقیقەتدا بفڕن.

قورئانی پیرۆز سەبارەت بە گوناه دەفەرمووێت:" تاوانباران بە ڕووخساریاندا دەناسرێنەوە".

ئەم ئایەتە باسی سەرنشینانی دۆزەخ لە حەشردا دەکات. لەو ڕۆژەدا باوەڕداران بە سیمای نوورانی و، گوناهباران بە ڕووخساری ڕەشیاندا دەناسرێنەوە. ئایەتەکە ئاماژەیەکیشی تێدایە بۆ ژیانی

دنیا. بەڵێ، بێباوەڕان لە دنیاشدا سیمایان دیارە. بێگومان ئەو نێوچەوانانەی کە هەمیشە لە سوجدەدان و ئەوانەی دانەنەوینەتەوە بۆ سوجدە هەرگیز وەك یەك نین. کەسێك بینایی دڵی ڕۆشن بێت ئەم دووانە لەیەك جیادەکاتەوە.

بەڵام پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت کە لەوانەیە گوناهکاری دوێنێ، ئەمڕۆ مرۆڤێکی باش بێت. پیسی و چەپەڵی تاوان بە تەوبە پاکدەبێتەوە. ئەو دواکەوتنەی هانی دەدات زۆرتر و زیاتر هەوڵی پێشکەوتن بدات. پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێت) کە دەستی کرد بە گەیاندنی پەیامەکەی، زۆربەی زۆری ئەوانەی باوەڕیان پێ دەهێنا گوناهکاربوون. بەڵام هەر ئەوەندەی نیعمەتی ئیمانیان پێگەیشت، ئەو مرۆڤە مەزنانە لاپەڕەی ڕەشی ڕابردوویان داخست و ژیانێکی پاك و بێگەردیان هەڵبژارد. تا ئەوەی بوونە مایەی شانازی مرۆڤایەتی.

کەواتە لەم وانەیەوە پێویستە ئەوە فێرببین کە خوای گەورە هەموو شتێکی خستۆتە بەردەست چاکەکاران و خراپەکارانیش تا لە ڕۆژی دواییدا لێپرسینەوە دادگەرانەبێت. بەڵام گوناه ڕۆح چەپەڵ دەکات و دڵ دەمرێنێت و ڕەوشت لاواز دەکات.

بڕوای بەڕۆح نەبوو:

چاداش هەڵیدایە و وتی:

- ڕۆح دەڵێیت مامۆستا؟

- بەڵێ ڕۆڵە گیان ڕۆحم وت. هەموو مرۆڤێك ڕۆحێكی هەیە.

- ئەم ڕۆحە چییە ؟ تۆ قەت دیوتە؟

ئەم پرسیارەشی بۆ گاڵتەكردن و قۆشمەچێتی كرد. بەڵام مامۆستا زۆر لەوە وریاتر و ژیرتربوو تووڕە ببێت، بۆیە تەنها بە زەردەخەنەیەك وەڵامی دایەوە و بەردەوام بوو لەسەر وتەكانی:

- مرۆڤ لەڕووی جەستەیی‌یەوە ناوازەیە و لەڕووی مەعنەوی و ڕۆحیشەوە بەدیهاتوویەكی نایابە. ئەو خوایەی چاو و گوێ و دەست و قاچی داوەتە لەش، هەست و حەزی فێربوون و خۆشەویستی و ترسیشی بەخشیوەتە ڕۆح. ناكرێت ئەم هەستانە بگەڕێنینەوە بۆ ماددە. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ حەزی فێربوونی نەبووایە زانستەكان پەیدا نەدەبوون. ئاژەڵان كە حەز و شەوقی فێربوونیان نییە لەو ڕۆژەوەی دروستكراون نەبینراوە شتێك دابهێنن و زانستێك بدۆزنەوە. مەیدانی ئەوان زۆر تەسك و سنووردارە. بۆ نموونە ئەو ئاژەڵانەی گیا دەخۆن تەنها گرنگی بە سەوزایی دەدەن. وەلێ مرۆڤ كاتێك لەسەر پێیەكانی بە زەویدا دەڕوات، بە ژیری و خەیاڵ لە ئاسماندا مەلە دەكات، تەنانەت گەردوونیش بۆی بچووكە. هەموو ئەمانە نیشانمان دەدەن كە باوەڕ بە خوا گومانەكانی ژیری مرۆڤ لەناودەبات، بەڵام

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabazi.org

گەر ئەم ئیمانە نەبێت دنیایەك گومان و ناڕوونی ڕووی تێدەكات و ژیانی لێ تاڵ دەكات.

لەسەر كۆتا دێڕەكانی فەزیلەت خان چاداش خەریك بوو دەتەقیەوە، لەڕاستیشدا لە بەرامبەر ئەو لێكدانەوە دروستەی ئەنجام درابوو كە كاریگەری لەسەر هەموو پۆلەكە دروست كردبوو، ئەویش بەرگەی نەدەگرت.

ئەو دیمەنەی هەمووانی سەرسام دەكرد:

هەستایە سەرپێ و بە ڕەفتارێكی دوور لە ڕەوشتەوە دەستەكانی بەرزكردەوە و وتی:

– كە تۆ ئاوایت.. خوا هەر بۆ تۆ. من دەردێكی ئاوام نیە. ئادەی خوا بانگ بكە بۆ ئێرە، بابێت و سزام بدات. من باوەڕم پێی نیە چی دەكات با بیكات لێم..

من ئاگادارت دەكەمەوە ئەگەر جارێكی تر لەم پۆلەدا باسی خودا و لێكدانەوە دینیەكانت بكەیت ئەوە بزانە كە لە دەستی من ڕزگارت نابێ.. من هەر لێرە دەبم، ڕێگەی دەربازبوون بە خۆت و خواكەشت نادەم....

بەجۆرێك بە دەستەواژەی نەشیاو و قورس و بە دەمدا نەهاتوو بەڕووی فەزیلەت خاندا هەڵپژا كە هەموو پۆلەكە بە مەستی ڕامابوون.

ئەمە ئەوەی نیشـان دەدا کـە نەیدەویسـت ڕاستەقینە پەسـەند بکات.

لە خواوە بوو کە سەیداش وەڵامی چاداشی نەدایەوە.

ڕەنگیشـە بـیری کردبێتـەوە، بـەم جۆرە ڕەفتـارە ئەمـە هـەرگیز تێناگات. چونکە چاداش بەم حاڵەی لە پۆلەکـەدا گـەورەترین وەڵام و نیشانەی وەردەگرت. بێگومان وەڵامێکی پڕ لـە تـوڕەیی و نـەفرەت، نیشانەیەکی سفر و خاڵی.

بەتەواوی لەم کاتەدا بوو کـە چاداش لـە هـاوارو نـەڕەی خۆی لـە هۆش خۆی چوو و بەسـەر کورسیەکاندا کـەوت. سەرسامییەکی زۆر پۆلەکـەی داپۆشـی سـەرەڕای ئـەوەی کـە مامۆسـتاشمان لـەلا بـوو سەرمان سوڕمابوو کە چی بکەین.

بەپەلە چاداشیان گەیاندە نەخۆشخانە، هەواڵەکـەش زۆر تۆقێنـەر بوو هەموو کەسـی سەرسـوڕماو و حـەیران دەکرد. وانـەو پـەنـدی زۆر گەورەی دەبەخشی.

چاداش مردبوو.. ئای خوایـە گیـان ئـەوە چ بارێـك بـوو! ئەمـە چ حاڵەتێکی بە ئەقڵ هەڵنەگیراو بوو. چ ڕاستەقینەیەکی باوەڕپێنـەکراو بوو.

ئەو چاداشەی پڕ بە دەنگ و ئاوازی خۆی هاواری دەکرد " ئـادەی خواکەت بانگ بکە بۆ ئێـرە بـا سـزام بـدا.. ".. ئەمـە زۆری بەسـەردا تێنەپەڕی کە بە مردن خاڵی لە کۆتایی ژیانی خۆیدا دانا.

بەداخەوە ئەم ڕووداوە بە پێچەوانە لێکدرایەوە. سەرەڕای بێ تاوانی فەزیلەت خان سەرەتا نێردرایە خوێندنگەیەکی تر دواتریش بەگوێرەی ئەوەی کە بیستم لەکار لابرا بوو.

لەو ڕووداوەی چاداشدا کە سەیدا هیچ تاوانێکیشی نەبوو، بەڵام ئەویش سزا درا.

ئیتر هەموو مەیدانەکە بە چۆڵی بۆ مامۆستا ئایلن مابویەوە. هیچ کەس ئەوی نەدەوەستاند و قسەکانی نەدەبڕی. بەڕادەیەک بە نەفرەت و ئۆف کردنەوە هێرشی قورس و ڕووبەڕووبونەوەی ناپەسەندی لە بەرامبەر دین و دیندارەکان دەنواند.

ڕۆژەکانمان لەلایەک بە دەستاو دەستی بێ دینییەوە لەلایەکی تریش بە دۆستایەتیە ساختەکان کە لە من نزیک دەبوونەوە تێدەپەڕی.

لەو ڕووداوە بێ ئاگا بووم کە ژیانم پەرتەوازە دەکات. بە جوانیەکەی خۆمەوە لەناو مەیدانی گرنگی پێداندا خۆم دەبینیەوە. کەسەکانی دەوروبەریشم گورگی برسی و کەسانی خاوەن ئەزموون بوون لە فرۆشتنی گۆشتی مرۆڤدا.

بە شاجوان هەڵبژێردرام:

دواناوەندیم تەواوکرد بەڵام نەچوومە زانکۆ. چونکە لە پێشبڕکێی جوانی گۆڤارێکدا بە شاجوان هەڵبژێررابووم و ناوبانگم دەرکردبوو.

ئەو پێشنیاری کار و پارە زۆرانەی خرانە بەردەستم تووشی لەخۆبایی بوونیان کردم، هەر لە نمایشکاری جلوبەرگ و بەرنامەی تەلەفزیۆنییەوە تا سکرتێریی کۆمپانیا گەورەکان، ڕیزیان بەستبوو.

شۆرەت و ناودەرکردن بەزوویی دەرگای خۆی لێ کردمەوە و منی بێ ئەزموونی خستە داوی خۆیەوە. کەسێکیشم نەبوو ئاگای لێم بێت و ڕێی ڕاستم نیشان بدات.

گەنج و جوان و بێئەزموون بووم. لە ماوەیەکی کورتدا شتانێکم دەست کەوت کە پێشتر نەمدەتوانی بیریشیان لێ بکەمەوە. پارە زۆر و زەبەندبوو. دنیا بە هەموو جوانییەکانیەوە مەستی کردبووم. وام هەست دەکرد کە بەسەر هەورەکانەوەم. ناوبانگ ئەوەندە دڵمی داگیرکردبوو، دەمێك بوو دین و ئیمان و شەرەفم لەبیرچووبووەوە. خۆ ئەگەر بشمویستایە نەمدەتوانی لە وەها دونیایەکدا پارێزگارییان لێبکەم.

چۆن ئەو ڕۆژە ڕەشەم لەیاد دەچێتەوە؟ چۆن ئەوتەڵە نەعلەتییە لەبیر بکەم کە سووتاندمی و دنیای ڕووخاندم و هەموو شتێکی لێ ڕفاندم؟ بڕیار وابوو پیاوێکی دەوڵەمەند لەگەڵ ستافێکدا بۆ کارێك بمنێرێت بۆ ئەوروپا. بۆ ئەو مەبەستە پارەیەکی زۆری دامێ. شەوەکەی لە ئوتێلێك میوانداری لێ کردم. منی بێمێشك وەختێك هاتمەوە هۆش خۆم تروسکەی هیوام کوژابووەوە و پاکیزەییان

بردبووم. منێك كە كچی شەهید بووم، چۆن خۆم تووشی ئەو بەدبەختییە كرد؟

قیژاندم و كردم بە هەرا. قژی خۆم ڕنییەوە و لە خۆم دا. بەڵام پیاوی چڵێس دەتوت نە بای دیوە و نە بۆران. لەسەرخۆ وتی:

– كچی جوان، تۆ لە چ سەردەمێكدا دەژیت؟ باسی كچ و ژن و شتی وا نەماوە. ئەوانە ڕابردوو بوون. تۆ ژیانێكی خۆش بژی. چیت داوە بەسەر ئەو ترۆهاتانەوە؟ باوی ناموس و حەیا نەماوە. بەناوی ئەمانەوە خەڵك دەخەڵەتێنن.

ئەم مرۆڤانەی كە بە ڕووكار دۆست دەنوێنن، لەڕاستیدا لە ناوەوە جانەوەرن. ئەستەم بوو ڕزگار بوون لە دەست ئەم گورگانەی كە بەرگی مەڕیان پۆشیوە. بەس خۆی نەبوو، دنیایەك پیاوی چەكداریشی لەگەڵدابوو. وتی:

– بەیانی بە فڕۆكەیەك دەتنێرم بۆ فەرەنسا. منیش دوای ڕۆژێك دێم. لەوێ ستافێك پێشوازیت لێ دەكەن. دوای كارەكە پێكەوە دەگەڕێینەوە.

ناچاربووم. شكاتی كێم لە كێ بكردایە؟ جوانییەكەم لێم بووبووە بەڵا. خۆزگە ناشیرین بوومایە و، سادە بەڵام ئازاد بژیمایە. ئەوكاتە ڕزگارم دەبوو لە داو و حەزی چڵێسی خەڵكی.

که سەیدام بینی شەرمەزاربووم:

سواری فڕۆکەبووم. پاش کەمێك بینیم سەیداش لەناو فڕۆکەکەدایە و بەرەو ڕووی من دێت. ئافرەتێکی داپۆشراوی جوانیشی لەگەڵدابوو. لەو ڕیزەی من دانیشتن. ئای خوایەگیان! دڵم بەپەلە لێی دەدا. تەریق بوومەوە. ڕووخسارم سوور هەڵگەڕا.

ڕاستیەکەی زۆرجار بیرم لە سەیدا کردبووەوە. بەڵام ئەو زۆر لەوە ژیرتر بوو ڕوو بدات بە کچی بێ سەروبەری وەك ئێمەمانان.

وتی:

- چۆنیت نیلۆفەر؟ ئەمەش خێزانمە..

وتی کە هەردووکیان لە فەرەنسا لە کۆلێجی پزیشکی دەخوێنن. دڵم زۆر تەنگ بوو. ئەوان لە شەرم و شکۆ و ڕێزدا جوانترین و خۆشترین ژیان دەژین. ئەی من؟ نیلۆفەری شای جوانان؟ ئەو ئیتر گوناهکارێك بوو لەپێناو جوانی دەرەوەیدا جوانی ناوەوەی فرۆشتبوو. بەخیلی زۆرم برد بە ژنەکەی سەیدا. ئامادەبووم هەموو شتێکم بدەم بۆ ئەوەی لە جێگەکەی ئەو بوومایە. بەڵام هەزار حەیف! هەزار و یەك لەعنەت و جوێنم نارد بۆ ئەو مامۆستایانەی منیان بەم ژیانە گەیاند.

نزیکەی دوو مانگ لە چەندەها شوێنی جیاوازی ئەوروپادا پێشکەشکاری سیمیناری کۆمپانیاکەمان بووم. پارەی زۆرم دەست کەوت و بوومە هۆی ئەوەی کۆمپانیاش قازانجێکی بێشومار بکات.

بەڵام ئەمانە چ مانایەکیان هەیە؟ تێری سك چی بکات لە برسێتی و دارمانی ڕۆح؟ دڵخۆشی و ئاسوودەییم نەبوو.

کاتێك ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ئەوروپایەم بینی کە خەڵك لەسەر زمانیان ناکەوێتە خوار، تووشی شۆك بووم. چەمکەکانی وەك دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڕێز و خێزان مانای خۆیان ونکردبوو. سیستم و پارە و مافە کۆمەڵایەتیەکانی هەبوو، وەلێ ڕۆح و مرۆڤایەتی و خۆشەویستی خەریکبوون وشکیان دەکرد.

ماڵان وەك ئوتێلیان لێ هاتووە. یەکبوون لە خێزانەکاندا نییە. هەرکەسە و ژیانی خۆی دەژی و نامۆ بوون بە یەکتری. لەوێ ڕووداوێکم بینی و نرخی تەنانەت شپرزەترین خێزانی لای خۆمانم بۆ دەرکەوت.

سەردانی ماڵێکمان کرد. وەختێك کچەکەیان گەیشتووەتە هەژدە ساڵ، دایکی پێی وتووە:" ئیتر شوێنێك بۆ خۆت بدۆزەرەوە. چیتر ناتوانیت لێرە بژیت. گەورە بوویت و پێویستە خۆت خۆت بژیەنیت".

کچەی داماو لە ماڵ دەرچووە و هەوڵی داوە کارێك پەیدابکات و ژیانێکی نوێ دابمەزرێنێت، بەڵام سەری نەگرتووە و هاتووەتەوە ماڵەوە. دایکی پێی وتووە:" ژوورێکت بەکرێ دەدەمێ. چیت خوارد دەبێت پارەکەی دانێیت. حەزدەکەیت لێرە بمێنەرەوە، ناتەوێت برۆ شوێنێکی تر بدۆزەرەوە"!

کە ئەمەم بیست لەرز دایگرتم. باوکان و دایکانی خۆمانم بیرکەوتنەوە کە ئامادەن لەبەر ڕۆڵەکانیان گیان بەخت بکەن. داپیرەکان هاتنە پێش چاوم کە لەبەر کوڕەزا و کچەزاکانیان خەو لە چاویان دەتۆرێت. بیرم لەو خوشك و برا گەورانە کردەوە کە ژیانیان بۆ برا و خوشکە بچووکەکانیان تەرخان دەکەن. کەوایە ئەمەبوو ڕووی ڕاستەقینەی ئەوروپای مۆدێرن!

ئامادەم لە دێیەکی بێ ئاو و بێ ڕێگای ئەنادۆڵدا کە خەڵکەکەی دڵیان پڕە لە خۆشەویستی، تەمەنێك بەرمە سەر نەك لە مەملەکەتێکی ئاوا مۆدێرندا کە مرۆڤایەتی تێدا نەماوە. بە خەیاڵ شکاوییەوە لە ئەوروپا گەڕامەوە. بەڵام ئەو خیانەت و دووڕوویی و گوناهەی ناو ئێمە تا دەهات پتردەبوو.

ڕاوچیانی مرۆڤ هەمووشتێکیان پیس کردم:

تاجی شاجوانیی ڕۆحی کوشتم و ناخی بەتاڵ کردمەوە و باوەڕەکەمی ڕووخاند، لەبری ئەوەی بەختەوەری و ئاسوودەییم بۆ بهێنێت. چوار ساڵی ڕێك دەوڵەمەندان و پارەداران و ڕاوچیانی مرۆڤ و تەڵەکەبازان و گورگانی برسی، بووبوونە پەروانەی دەورم. ئیتر کەسێتی و پاکیزەییم لەکەداربوو و کەوتە ژێرپێ.

لەو ساڵانەدا ڕووداوگەلێکی پڕ پەند و عیبرەتم بەسەرهات. یەکێك لەوانە ئەوەبوو تێوەگلابووم لەگەڵ گروپێکی چەتە و مافیادا. ئەم

گروپە منیان وەکو قولاپ بەکارهێنابوو لە کارە پیسەکانیاندا. دووجار لەسەر ماددەی هۆشبەر چوومە زیندانەوە. چەندجارێکیش پۆلیس لەسەر مەسەلەی ڕەوشت لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم. ئەمانە هێندە کەسێتییان ڕووشاندم نەفرەتم لە خۆم دەکرد.

لەو ساڵانەدا گەنجێکی پاك داوای کردم. شۆفێری سەیارەکەم بوو. کوڕێکی باش و سەڕاست بوو. بڕیارمان دا هەڵبێین. دەمووت بەشکم ببێتە هۆیەك و لەو هەموو نەگریسییە ڕزگارم ببێت. نازانم لەکوێوە پێیان زانی و گوێیان لێبوو. هەر لە ئەستەمبوڵ دەرچووین گەیشتنە سەرمان. بە قژ کێشیان کردم و زۆریان ئەشکەنجە دام. درندانە کوڕە هەژارەکەیان لەپێش چاوم کوشت. هەرکاتێك بیرم بکەوێتەوە دڵم دەگوشرێت و فرمێسك دەڕژێتە چاوم.

کاتێك دەڕوانمە تاوانەکانم و دەبینم کچی باوکێکی شەهید و دایکێکی پاك و بێگەردم، قێزم لە خۆم دێتەوە.

ڕووداوێکی سەیری تریش لە مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد بەسەرم هات. یەکشەممەیەك بۆ ئەوەی تۆزێك دووربکەومەوە لەو دنیا تاریك و چڵکنە و کەمێك هەوای مەعنەوی هەڵبمژم کە زۆر بیرم دەکرد، بە شەرم و ڕووزەردییەوە چوومە مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد. دەمویست دوعا و نزا تاقیبکەمەوە. بڕیارم دا بچمە حزووری ئیلاهی و داوای پاکبوونەوەی لێ بکەم. مزگەوتەکە قەرەباڵغ بوو. خەڵکی وەك فریشتەی پاك ڕوویان کردبووە خوای خۆیان و ڕاز و نیازیان

دەگۆڕییەوە و بەکوڵ دەپاڕانەوە. ئەی من؟ من دەبوو چی بکەم؟ بە چ ڕوویەکەوە داوای لێخۆشبوون بکەم؟

هەر لەوێدا کەوتمە سەر ئەژنۆ، وەك ئەوەی بمەوێت لە مرۆڤەکان ڕابکەم و لەناو خۆمدا ون ببم. دەستم گرت بە دەموچاومەوە و کەوتمە گریان. نازانم چەندێك ناڵاندم و نووزاندم و هەنسکم دا.

یەکێك شانی ڕاوەشاندم. ئاوڕم دایەوە. ژنێکی تەمەن مامناوەندی داپۆشراوبوو. وتی:

- تۆ ئەو نیلۆفەرە بەناوبانگەیت؟

برۆکانی گرژ و تووڕەبوو. بە ترس و شپرزەییەوە وتم:

- بەڵێ ئەوم.

هێندە بە خەشم و قینەوە لێی ڕوانیم وەختبوو دڵم بوەستێت. پشتی تێ کردم و ڕۆیشت، وەك ئەوەی بڵێت:" تۆ لێرە کارت چیە؟"

هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە دەرەوە. نازانم چەند لە حەوشەی مزگەوتەکەدا گریام. ئیتر نە مرۆڤەکان و نە مزگەوتەکان منیان نەدەویست.

ئەو ئێوارەیە بڕیار وابوو بۆ پێشکەشکردنی پرۆگرامێك بچین بۆ شارێکی تر. پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی کە بە تەکسی دەچم. دەمویست کەمێك سەیری دەوروبەر بکەم و مێشکم هێوربێتەوە.

هەر واشم کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zahari.org

ڕووداوێکی ئوتومبێل:

لەسەر ڕێگەکەماندا دوو سەیارە بەیەکیاندا دابوو. بریندارەکان هاواریان دەکرد و داوای یارمەتییان دەکرد. ئێمەش خێرا بریندارێکمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت و بردمان بۆ نەخۆشخانە. کچێکی گەنج بوو. حاڵی زۆر خراپ بوو. لە خەستەخانە وتیان بیمەی کۆمەڵایەتی نیە و چارەسەری ناکەین. منیش پێشەکی پارەکەم دا و لەوێ ڕۆیشتم. دوای چەندەها ساڵ بۆ یەکەمجار هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد بە یارمەتیدانی کەسێك، وەلێ تەرم و لاشەکان لەبەر چاوم لانەدەچوون. مەرگ چووبووە کەللەمەوە و هەرچیم دەکرد بۆئەوەی لەبیرم بچێتەوە بێسوودبوو.

لەو شوێنەی بۆی دەچووین ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوم پێش هات. ڕووداوێکی ئەوەندە نەخوازراوبوو بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا دڵتەنگ دەبووم بەوەی کە بۆچی شانسم نەیهێناوە لەڕێگادا تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ ببوومایە و بمردمایە.

پێشکەشکاری پرۆگرامێك بووم. بینەرێکی زۆر هاتبوون و کەسانێکی زۆر گرنگییان پێدەدام. سەرۆك کارەکەم لە دوورەوە چاوی لێ نەدەتروکاندم و تاقیبی دەکردم. دەترسا لەوەی خۆم بدزمەوە و هەڵبێم یان لەگەڵ کۆمپانیایەکی تردا ڕێکبکەوم، چونکە من بۆ ئەوان کلیلی گەنجینە و سەروەت بووم. بۆیە زۆر بەوریاییەوە ئاگایان لێم بوو.

بۆ ساتێك لە بینەرەكان نزیك بوومەوە و ئەوەندەم زانی دەنگی گوللە هات. كسپە لە شانی چەپمەوە هات. دووەم فیشەك دای لە پشتم. دیاربوو تەقەكەرەكە ویستبووی بینێ بە دڵمەوە، بەڵام سەری نەگرت. لە چاوتروكاندنێكدا بوو بە هەرا و بگرە و بەردە. هەستم كرد سەرم گێژدەخوات و بەرچاوم ڕەش دەبێت. لەجێی خۆمدا كەوتم.

كاتێك لە نەخۆشخانە چاوم هەڵهێنا نەفرەتم كرد لەوەی هێشتا دەژیم. مەرگ تا بەرپێم هاتبوو. چۆن لە دەستم دا؟ مەگەر چی دەبوو ئەگەر گوللەكە چەند پەنجەیەك زیاتر ئەولای بگرتایە و لە دڵم هەڵچەقیبایە؟ چی دەبوو دڵی ڕەش و تاوانبارم بە خوێن بشۆررایە و پاك ببوایەتەوە؟ نەبوو و نەبوو..

زۆر خەفەتم خوارد كە لەو ڕووداوەدا نەمردم، چونكە ژیانم زۆر بێ واتا بوو، بووبووە بارێكی قورس لەسەرشانم. ڕۆژبەڕۆژ گوناه ناخمی تاریكتر و وێرانەتر دەكرد. بەڵام بۆم دەركەوت كە هێشتا لە قووڵایی دڵمدا ئاسەواری پاكی و دروستی ماوە، چونكە نەفرەت لە كارە خراپەكانم دەكەم و بێزیان لێ دەكەمەوە. ئەمە بۆ من مایەی هیوابوو.

من ئەم ژیانەم نەدەویست. من پێشتر نەمدەزانی كۆتایی یەكەی بە ئێرە دەگات. تا گەردنم لە گوناهدا نوقمبووە. هاوڕێی بەد و چاولێكەریی كوێرانە وێرانیان كردم.

دەبوو كۆتایی نیلۆفەری ئەمانەتی دایە و كچەجوانەكەی یادگاری بابە بەم شێوەیە بێت؟ نەمدەتوانی بەو جۆرە بەردەوام بم. بڕیارم دا

یا خوا دەرگای پاکبوونەوەم بۆ دەکاتەوە یا بە دەستی خۆم کۆتایی بەم ژیانە دەهێنم. ئەگینا بەم ئازارەوە نەمدەتوانی بژیم.

ئەو کەسەیان گرت کە گوللەی پێوە نام. تومەز مامم بەکرێی گرتووە بۆ ئەوەی بمکوژێت! ئای خوایەگیان! تەنانەت ئەم هەواڵە ناخۆشە ئومێد و هیوای پێ دامەوە. کەواتە هێشتا کەسێك هەیە لە ژیانمدا کە خۆی بە خاوەنی من دەزانێت و ئاگای لێمە! کەواتە کەسێك هەیە ناوی منی بیر ماوە و دەڵێت:" نیلۆفەری ئێمە ڕێی چەوتی هەڵبژاردووە"!

ئەو ڕووداوە دەرگای ئومێدی لێ کردمەوە. مادەم هێشتا بەم حاڵەشمەوە یەکێك بەدوامدا دەگەڕێت، تۆ بڵێیت بمتوانیایە دەربازببم؟ یا بە ژیان یا بە مردن.. جیاوازییەکی نەبوو، هەردووکی بۆ من ڕزگاربوون بوو.

هەرچەندە زۆریان لێ کردم و ویستیان بیدەنە دادگا، بەڵام من لە تەقەکەرەکە خۆشبووم و چووم بۆ سەردانی و تەنانەت پارەشم دا بۆ ئەوەی لە زیندان دەربچێت. پێم وت:" خوا لێت ڕازی بێت برا. نەتتوانی بمکوژیت، بەڵام ئیشەڵا ئەم هەوڵەت دەبێتە مایەی هەستانەوە و زیندووبوونەوەی من".

نزیکەی پێنج ساڵ دەبوو لەو ژیانە نەگریسەدا چەقیبووم. پێنج ساڵ کە گشت جوانییەکانم تێدا دۆڕاند. پێنج ساڵ کە هەر ڕۆژە و زیاتر نغرۆدەبووم و پتر پیردەبووم و لەخۆم دووردەکەوتمەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabari.org

یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانم دەدا:

لە هەموو ئەو ماوەیەدا شتێکم لەیادنەکردبوو. لە کوێ دا هەژارێك و نەبوویەکم بدیبایە یارمەتیم دەدا. تەنانەت زۆرجار پارەم دەکرد بە خێر بۆ ڕۆحی باوك و دایکم و دەمنارد بۆ مزگەوت و کۆرسی قورئان فێرکردن. بەلاّم نەمدەزانی خێری کەسێکی وەك من چەندێك دایك و باوکمی دلّخۆش دەکرد.

هەر لەو ساڵەدا پارەیەکی زۆرم بەخشیبوو بە ڕێکخراوێکی خێرخوازی. ڕێکخراوەکە کۆڕێکی لەژێر ناونیشانی (با خێزان بژیەنینەوە) سازکردبوو و منیان داوەت کردبوو. منیش بەناچاری چووم، بێگومان لەگەڵ حیمایەکانمدا.

یەکەم کەس کە بانگ کرا بۆ سەر شانۆکە ئەوینی نهێنیم، دلّداری کۆنم، سەیدابوو! ئای خوایەگیان! وەختبوو ڕێك لەوێدا ببوورێمەوە!..

تومەز لە کۆلێجی پزیشکیدا خەریکی لێکۆڵینەوەیە لەسەر خێزان. ئەویشیان وەکو میوانێك داوەت کردبوو. وتارەکەی ئەوەندە جوان بوو بۆ ساتێك بردمیەوە بۆ ساڵانی خوێندنم. بیرم دێت جارێکیان لێم پرسی:

- تۆ بۆ لەگەڵ کچان قسە ناکەیت؟

- لەبەرئەوەی کچن. دەبێت بابەتێکی پێویست هەبێت بۆ باس کردن ئنجا..

- ئێ خۆ من هەم..

لە بەرامبەر ئەم ڕەفتارە بوێر و بێشەرمانەیەی منەوە، ئەو وەك کچێکی بەحەیا سەری داخست و ڕۆیشت. بەداخەوە هەرگیز نەمتوانی ئەو هەستەی ناخمی لا بدرکێنم یان ئەو نەیدەویست تێبگات. لەوانەشە چاك منی ناسیبێت و وتبێتی: "ئەمە بە کەڵکی هاوسەریی نایەت"!

پێکاویەتی. من و ژنێکی سەلاریان کوا وتووە؟ دەمزانی مەحاڵە، بەڵام هێشتا نەمدەتوانی ئاسەواری ئەو خۆشەویستییە لەدڵم دەربکێشم کە لەو ساڵانەدا بەرامبەری دروستبووبوو. خۆزگە ئەوکاتانە تۆزێك ڕووی دەدامێ و پێم نەدەنایە ئەم دنیا نەفرەتیەوە و نغرۆی گوناهی چەپەڵ نەدەبووم. تووشی نەخۆشی ناوبانگ و لەخۆبایی بوون نەدەبووم.

سەیدا لە وتارەکەیدا باسی لەوە دەکرد کە فلۆرت[1] نابێتە پێشەکی بۆ هاوسەرگیرییەکی تەندروست.

١- فلۆرت، flort : بە مانای ژیانی ئازادانە و بێ مارەیی کوڕان و کچانی لاو پێش هاوسەرگیری. واتە ژن و مێردایەتی بەڵام بە بێ بوونی پەیوەندییەکی یاسایی و ئایینی لە نێوانیادا. هاوسەرگیری تاقیکراوەشی پێ دەوترێت. واتە ئەگەر کوڕ و کچ یەکتریان بە دڵ نەبوو جیادەبنەوە و هاوسەرگیری ناکەن. سەردەمانێك لە ڕۆژئاوا بەرگری لێ دەکرا بە گومانی ئەوەی گوایە مەرج و پێویستی یە بۆ هاوسەرگیرییەکی دامەزراو و بەختەوەر. (وەرگێڕ)

لەڕاستیدا ئەو ژیانی نیلۆفەرێکی دەخوێندەوە کە لەمێژە هەموو جوانی و پاکێتییەکانی دۆڕاندووە. جێم بەخۆم نەدەگرت و ئەمدیو ئەودیوم دەکرد بەشکم ئەمە خوایە بزانێت کە منیش لێرەم، بەڵام سەد حەیف نەیدەبینیم و نەیدەناسیمەوە، چونکە شوێنەوارێك لە نیلۆفەری ڕابردوو نەمابوو.

هیچ شتێك بە ناوی هاوڕێیەتیەکی پاکی نێوان کوڕ و کچ، بوونی نییە:

هەمووان گوێیان بۆ سەیدا هەڵخستبوو. هەواڵێکی دەخوێندەوە کەلە ڕۆژنامەیەکدا چاپ کرابوو:

- هاوڕێیەکم هەبوو زۆرم خۆشدەویست و واشم دەزانی ئەویش منی خۆشدەوێت. هەموو ڕۆژێك دەچووینە دەرەوە و پێکەوەبووین. هاوڕێیەتی یەکەمان بێگەرد بوو. بەو جۆرە زیاتر یەکترمان دەناسی و بەباشترین شێوە خۆمان بۆ هاوسەرگیری ئامادە دەکرد. پێمان دەووت " هاوسەرگیری کاتیی بێ مارەیی ". پێمان وابوو کە ئەمە ڕاستی یە و هیچ هاوسەرگیری یەکی ڕاستەقینە بێ ئەم قۆناغە، سەرکەوتوو نابێت. دەبوو پێشتر ئامادەبین بۆ هاوسەرگیری یەکی بەختەوەرانە. بەڵام ڕۆژان و مانگان تێپەڕی و شکڵ و ئاڕاستەی پێکەوەبوونەکەمان گۆڕا. هەستی من و هاوڕێکەم جیاوازبوو، واتە ئەستەم بوو پێی بڵێین بێگەرد و هاوڕێیەتی. کاتێك هەستم بەمە کرد

کارلەکار ترازابوو. ئەوەی ویستی لە منی سەند و لێیدا ڕۆیشت.

منیش بەتەنیایی و دۆڕاوی مامەوە.

عادەتی کۆمەڵگەکەم جیاوازە، ئێمە لە ئەوروپا و ئەمریکا ناژین.
بۆیە لەمەدا هەڵە دەکەین. گەر پشتگیری لە فلۆرت بکەین بە مانای "پێکەوەبوونی بێ مارەیی" و "هاوسەرگیری تاقیکراوە"، ئەمە واتای ڕووخاندنی خێزان و هاوسەرگیری بەختەوەرانەیە.

ئەوانەی تیۆری فلۆرت دەنووسن زۆر جوان و قەشەنگ دەیخەنە ڕوو. ئێمەش بەمە دەخەڵەتێین. دەڵێن:" خۆ پیاوان زەلام ناخۆن، قەیچێکا پێکەوەبن و بگەڕێن و ڕابووێرن. بەدڵتان بوو شووی پێ بکەن، نەبوو جیاببنەوە".

لە ڕووکاری دەرەوەیدا لۆژیکییە، وا نییە؟ نەخێر، هیچ وا نییە.
لە سەدا نەوەدی ئەو پیاوانەی فلۆرت دەکەن ئێمەی کچان وەك نێچیرێك دەبینن. ڕۆڵی باشترین کەسی دنیا دەبینن تا ئەوەی دەیانەوێت دەیبەن. ئەی دوای ئەوە؟ ڕووی ڕاستەقینەیان دەردەکەوێت. کام لا دۆڕاوە؟ بێگومان ئێمە.. ئەوانیش دەچنە ڕاوی کچێکی داماوی تر".

ئەم چیرۆکی خیانەتە زۆر کاری لێ کردم. دەتووت سەرگوزەشتەی منە. نەفرەت و جوێنی زۆرم نارد بۆ ئەو مامۆستایانەی ئەم ژیانە درۆیینەیان لا جوان کردم. لە دوارۆژدا یەکەمین کەسانێك کە یەخەیان دەگرم ئەوانن.

سەیدا بەردەوام بوو:

- فلۆرت و پێکەوەبوونی کچ و کوڕ، جارێک بە نیەتی باش و جارێك بە نیەتی خراپ دەکرێتە باس و خواسی کۆمەڵگە. بەداخەوە پسپۆڕ و ناپسپۆڕ، هەریەکەیان شتێك دەڵێن لەبارەیەوە. بۆیە دەبنە مایەی سەر لێشێواندنی خەڵکی. هەیە بە نیەتێکی پاك و بەویژدانەوە باسی دەکات، هەیشە بۆ ئەوە دەیوروژێنێت چونکە دوژمنی هەموو بەهایەکی مەعنەوی و دینی کۆمەڵگەیە.

ئێمە بێ بڕیاری لەپێشینە و بە کورتی هەوڵ دەدەین لە ژێر ڕۆشنایی زانست و ژیری و کۆمەڵگە و بەها ڕەوشتی یەکاندا هەڵیبسەنگێنین. چاکەی چییە و خراپەی چییە؟

ئەوانەی پشتگیری لە فلۆرت دەکەن دەڵێن هاوڕێیەتی کچ و کوڕ ڕاستی یەکی ژیان و بەڵگەنەویستە. چۆن کوڕ و کوڕ و، کچ و کچ هاوڕێن، کچ و کوڕیش دەتوانن هاوڕێ و دۆستی یەکتربن. ئەمە پێویستی یەکی بەشارستانیبوون و هاوچەرخی یە. جگەلەمەش کچ و کوڕ زۆر باشتر لەیەکتر شارەزا دەبن و ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ژیانی خێزانیی بەختەوەر و تەمەن درێژ.

ئەوانەشی دژی دەوەستنەوە دەڵێن: " پێکەوەبوونی بێ مارەیی و هاوسەرگیری کوڕان و کچانی لاو و نەبوونی هیچ پەیوەندی یەکی یاسایی لەنێوانیاندا، هەم پێچەوانەی بەها ڕەوشتی یەکانە و هەم مەترسیدار و زیاندارە بۆ ژیانی هاوسەرێتی یان. ئەگەر دوو گەنج

یەکتریان بەدڵ بێت و بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ هاوسەرگیری بیانەوێت زیاتر یەکتر بناسن، ئەمە زۆر ئاسایی یە. لە شوێنێکی گشتیدا یان لەگەڵ بوونی کەسی سێهەمدا دەتوانن بدوێن و شارەزای یەکتربن. لە چوارچێوەی بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی یەکاندا یەکتری دەناسن. ئیتر پێویست ناکات چەندەها هەفتە و مانگ بەتەنیا پێکەوەبن."

فلۆرت چەندین گەنجی لەناو بردووە:

ئەگەر مەبەستیشمان ئەوەبێت کە کچ و کوڕ چەندەها مانگ، بەڵکو چەند ساڵێك بێ ڕەچاوکردنی یاسا ئەخلاقییەکان پێکەوە بژین، ئەمە نە ڕاستییەکی لۆژیکی و دینییەو نە بەڵگەی زانستیی لەپشتە. واتە ئەگەر مەبەست لە ناسین بێت چەندەها جار دەتوانن لەگەڵ بوونی کەسی سێهەمدا یەکترببینن. بەڵام ئەگەر لەژێر ناوی فلۆرتدا ئارەزووە گەنجانەکان تێربکرێن، کەس لەگەڵ ئەمەدا نییە.

سەیدا لە وتەکانی بەردەوام بوو و هەموو ساڵۆنەکە بەدیقەتەوە گوێیان بۆ گرتبوو:

– من وەك کەسێك کە لە ئەوروپا ژیاوم دەمەوێت هەندێك ئەزموونی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە. ئەم چەند ساڵانەی ڕابردوو بەداخەوە لەزۆر جێگەی ئەوروپادا فلۆرت (هاوسەرگیری تاقیکراوە) بەئامانجی لەناوبردنی پیرۆزیی هاوسەرگیری، بووبووە مۆدە. هەندێك

بە گومانی ئەوەی هاوسەرگیری بەختەوەرانە مسۆگەردەکەن، دەستووری " پێش ئەوەی بیکرپیت تاقی بکەرەوە "یان جێبەجێ کرد. گوایە ئەو دوو گەنجە پتر لە کەسێتی یەك تێدەگەن و ڕێ خۆشکەرە بۆ هاوسەرگیرییەکی تەندروست. ئەوەی جێی سەرسوورمانە ئەوەیە کە ئەم دوو لاوە ماوەیەك پێکەوە وەك ژن و مێرد دەبن و گەر پێکبێن دەبێتە هاوسەرگیری، ئەگەرنا دەتوانرێت دووەم و سێهەم و هتد...تاقی بکرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەردوولا لە هاوسەرگیری کاتیدا لایەنی خراپیان بۆ بەرامبەر دەرناخەن. هەمیشە بەوریاییەوە مامەڵە دەکەن. هیچ کات سروشتی و واقیعی نابن. هەموو ساتێك لە ترسی جێهێڵراندان. بە هەست و شەوقی گەنجانەوە هەوڵ دەدەن خۆ لەبەرچاوی یەك خۆشەویست بکەن.

لە قۆناغی فلۆرتدا هەردووکیان دەڵێن: " ڕێك ئەوەیە کە دەمویست. لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ یەك دەگونجێین". بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی مانگی هەنگوینی و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی هەردووکیان، کێشەکان دەست پێ دەکەن. بۆی دەردەکەوێت لەگەڵ کەسێکی هەڵەدا هاوسەرگیری کردووە، ڕاستر بڵێین دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەمە ئەو کەسە نییە هاوسەرگیری لەگەڵدا کردوە. چونکە لە کاتی فلۆرتدا بۆ خۆ خۆشەویستکردن هەموو شتێك دەکەن. بۆیە بیر لە ویستی خۆی ناکاتەوە و تەنها گوێ بە حەزی بەرامبەر دەدات.

ئەم دووانەی کە تەنها هەستی عاتفی کۆی کردوونەتەوە، کاتێک جۆش وخرۆشی ڕۆمانسیەت دەنیشێتەوە و بە چاوی ئەقڵ یەکتری هەڵدەسەنگێنن، ئیتر لێرەوە ڕێک نەکەوتن و لێک حاڵینەبوون دەست پێدەکات.

هاوسەرگیری تاقیکردنەوە:

تەنانەت لە ئەمریکا کە سەرچاوەی (هاوسەرگیری تاقیکردنەوە)یە، ئیستا بە چاوی ڕەخنەوە لێی دەڕوانرێت. چونکە وەها هاوسەرگیرییەك پیرۆزیی خێزان لەناودەبات. ئافرەتان وەکو کاڵایەك لێ دەکات کە پێش کڕین تاقیدەکرێنەوە.

تەنها ژیری و هەست بەس نییە بۆ هاوسەرگیری و دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پیرۆزی وەك خێزان. ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ئەوروپادا لەسەر فلۆرت کراون ئەنجامی باش دەرناخەن.

گریمانەی جیابوونەوە لە نێوان ئەو جووتانەدا کە فلۆرتیان پێش هاوسەرگیری کردووە و ئەوانەی نەیانکردووە لە سەدا پەنجا زیاترە. ئەمەش ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکە کە داتای پەنجا ساڵی تێدا بەکارهاتووە.

جێفری لارسۆن، توێژەر لە زانکۆی بریگهام یەنگ، دەڵێت:" ئەو کچ و کوڕانەی پێش هاوسەرگیری پێکەوەبوون، لە هاوسەرگیریدا ئەوە نادۆزنەوە کە خەونیان پێوە دەبینی. ناتوانن خێزانێکی

هاوسەنگ و درێژخایەن پێکەوە بنێن". لارسۆن ئەو خاڵانەی کە دژایەتی فلۆرتی پێش هاوسەرگیری دەکەن، ڕیز دەکات:

١- کوڕ و کچ دوای هاوسەرگیری ڕەسمی تێدەگەن کە ژیانی پێشوویان یاسا ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکانی بەزاندووە و لێی پەشیمان دەبنەوە و ویژدانیان ئازاریان دەدات.

٢- بەهۆی ژیانی نایاسایی و پابەندنەبوونیان بە بەها ئەخلاقییەکانەوە نێوانیان لەگەڵ دایك و باوکیان تێکدەچێت.

٣- تووشی نائومێدی دەبن کاتێك دەبینن پێکەوەبوونی پێش هاوسەرگیری هیچ سوودێکی نەبووە بۆ سەقامگیرکردنی خێزانەکەیان.

٤- ئەو منداڵە نایاساییانەی لە ئەنجامی فلۆرت لەدایکبوون یان ئەو منداڵانەی بەهۆی جیابوونەوەوە بێکەس دەمێننەوە، دەبنە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگە.

ئەو کچ و کوڕە گەنجانەی کە هێشتا مارەیی یاسایی لەنێوانیاندا نییە و پێکەوە دەژین، زۆرجار هەموو سنوورەکان دەبەزێنن، چونکە خۆگرتنەوە و پارێزکردن ئەستەمە. هەر بۆیە زۆربەیان پێش مارەبڕین جیادەبنەوە. گومانیش لەسەر کچەکە دروست دەبێت.

لە توێژینەوەیەکدا لە ئەڵمانیا دەرکەوتووە کە لە سەدا هەشتای ئەو خێزانانەی لە ئەنجامی فلۆرت پێکهاتوون، تووشی هەڵوەشانەوە دەبن. ئەمەش هەواڵدەری دۆخێکی نائاسایی و ترسناکە.

لەپاش ئەم داتا مەیدانییانە ئەم پرسیارە دەکەم: ئایا پیاو وژن دەتوانن ببنە هاوڕێی ڕاستەقینە؟

دەمویست تەمەنێك لەگەڵ تۆ بژیم:

سەیدا بە پێشکەشکردنێکی جوان و دەنگی کاریگەری بووبووە جێی سەرنجی ئامادەبووان، یان من وام هەست دەکرد. وتارەکە تا بڵێی زانستی و لۆژیکی بوو، هەروەها بەڵگە و داتای مەیدانی بابەتەکەیان بەپێز کردبوو. گوێگرتن لێی و قەناعەت نەکردن و تەنانەت مەست نەبوون، شتێك نەبوو بەدەستی من بێت. من لە دنیای خۆمدا نوقم بووبووم و لێپرسینەوەم لەگەڵ ڕۆحمدا دەکرد.

ئاە سەیدا ئاە! چەند ویستم لەگەڵ تۆبم و تەمەنێکت لەگەڵدا بەسەرببەم، خۆزگە دەتزانی!..

سەیدا هاودەم لەگەڵ چەپڵەی ئامادەبووان چووەوە جێی خۆی. زۆرم حەزدەکرد بچم بۆ لای، بەڵام بە چ ڕوویەکەوە؟ پەشیمان بوومەوە.

هەرچی پیاوبوو دەیویست قسەیەکم لەگەڵ بکات و بووبوونە پەروانەی دەورم، کەچی من تەنها دەمویست بگەم بە سەیدا. بەڵام هەرچەندم دەکرد دەستم نەیدەگەیشتێ، زۆر لەوە پاکتربوو دەستی گوناهکاری منی بگاتێ. جگەلەوەش ئەو خێزانداربوو. خانمێکی شیرین و بێگەرد ژنی بوو.

لەوەدابووم حساب و کتابم لەگەڵ نەفسی خۆمدا دەکرد کاتێك دیمەنێکی زۆر چاوەڕواننەکراوم دی. نوورای بەرەو تەختی شانۆکە سەرکەوت. ئەو یەکێك بوو لە بێباوەڕترین کچانی پۆلمان. باوەڕم بە چاوی خۆم نەکرد. بەڵێ، نوورای خۆی بوو. ئەو کچەبوو کە ناوی دین و ئیمانت لا بهێنایە شێت و هار دەبوو.

ئای خوایەگیان! ئەگەر ناوی نەخوێنرایەتەوە هەرگیز نەمدەناسیەوە. پێنج ساڵ دەبوو نەمبینیبوو، چۆن بمناسیایەتەوە؟ سەرتاپای جوان داپۆشرابوو. چۆن شتی وا دەبێت؟ شتەکان لە مێشکمدا تێکەڵ و پێکەڵ بووبوون. گەر کەسێکی وەك نوورای بگەڕێتەوە کەواتە کەسی بێدین لەسەر زەویدا نەماوە..

بانگیان کرد بۆ وتار خوێندنەوە بەناوی سەرۆکایەتی گشتی کۆمەڵەی خێرخوازیی دایکان.. چەند جوان بوو ئەو دیمەنە، چەند قەشەنگ بوو ئەو خزمەتانەی دەیانکرد! ئەی من؟ ئەی نیلۆفەر کە تاوان چواردەوری تەنیوە؟ تۆ چی دەکەیت؟ تۆ خزمەت بە چی دەکەیت؟ کۆتایی تۆ چی دەبێت؟ تۆ چ کارێکت کردووە تا دەستخۆشیت لێ بکرێت؟ خوا لەناوم بەرێت. ئەم بەڵای جوانییە چی بوو پێمەوە؟ خۆزگە کچێکی ناشیرین و بێناو بوومایە لە دیکەی خۆماندا، وەلێ بە نامووس و حەیاوە لە ماڵی خۆمدا بمردمایە..

نوورای خان وتارەکەی دەربارەی سەربەستی سێکسی بوو. بابەتێك بوو لەگەڵ ژیانی پێشووی دا دەگونجا. لەوانەشە تەنها ئەزموونی ساڵانی ڕابردووی خۆی بگێڕێتەوە.

سەربەستی سێکسی بوەتە کارەساتێکی کۆمەڵگایی:

بە دڵ گوێم گرتبوو.

- شەپۆلی بەرەڵایی کە لە ئەمریکا و ئەورووپا پەرەی پێدراوە، لە ئێستادا بووەتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی مەترسیدار. خێزانی موسوڵمان بەو هێزەی لە باوەڕ و داب و نەریتیەوە وەریدەگرێت بەتوندی ڕووبەڕووی ئەم تەوژمە بووەتەوە. بەڵام لەو خێزانانەدا کە بەها ڕەوشتی یەکان تێیدا بەهێزنین، زیانی زۆری گەیاندووە.

ئازادی سێکسی بە مانای ئەوەی گەنجان چۆنیان پێ خۆشە وا بژین، ئایا ئەوە ئازادییەکی ڕاستەقینەیە؟ یان تەوژمێکە هێلانەی پیرۆزی خێزان وێران دەکات و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە ڕادەماڵێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە لایەن دەروونناس (ستینێت)ەوە دەدرێتەوە کە ئەندامی کۆمەڵەی هاوسەرگیری و نۆژەنکردنەوەی خێزانی ئەمریکییە. لە نووسینێکیدا دەڵێت:" سەربەستی سێکسی پرۆژەیەکە بە هەڵە دەستی پێکردووە و لەسەر هەڵە ڕۆیشتووە و لەئەنجامدا بە هەڵە گەیشتووە. گوایە بۆ ئەوەی گەنجان کەسێتی زایەندیی خۆیان بناسن، خۆمان تووشی کارەساتێکی گەورە کردووەتەوە. چونکە ئارەزووی بەرەڵا هیچ یاسایەکی نەناسی و زیانی

گەیاند. ئەو گەنجانەی ئارەزووە بێسنوورەکانیان ئاراستەی ڕەفتاریانی دەکرد مافی تاکەکەس و مەحرەمیەتی خێزان و بەها ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگەیان نایە ژێرپێ. ئەنجام تەنها کچانی جێهێڵراو لەباری دەروونی شڵەژاودا و ئەو منداڵە نایاسایی یانەبوون کە کەس خۆی ناکات بە خاوەنیان. ئەم کارەساتە ناکرێت ئاوا بەردەوام بێت. هەر کۆمەڵگەیە و پێویستە باوەڕێکی ئایینی و بەهای ئەخلاقیی باڵای هەبێت. دەبێت تا دەتوانین خێزان بەهێز بکەین و ڕێ بدەن پیاوانی ئایینی هەستن بە ڕۆڵی خۆیان. کچانی لاو لە لادان بپارێزرێن و، خێزان بەهای پیرۆزی خۆی پێ بدرێتەوە".

پێش ئەوەی حاڵمان بە حاڵی ئەمریکا و ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بێت کە هەنووکە پرۆژەی "گەڕانەوە بۆ خێزان"یان ڕاگەیاندووە، پێویستە بزانین ئەو کێشە و گرفتانە چین کە ئەم تەوژمە وێرانکەرە وڵاتمان تووش دەکات.

لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا شاڵاوی سەربەستی سێکسی جومگەکانی کۆمەڵگە - بەتایبەتی خێزان - لەڕووی ئەخلاقییەوە دەڕمێنێت و بێ متمانەیی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا چێدەکات. واتە ئەگەر بەرەڵایی بکەوێتە سەر کوچە و شەقامەکان، ئەوکات ئاسایشی کۆمەڵ لە مەترسیدایە. دەبێت جووتبوون وەکو پێویستییەکی پیرۆز لەچوارچێوەی خێزاندا دابین بکرێت.

گەورەترین زیانی ئەم تەوژمە ئەو پەستانەیە کە دەیخاتە سەر دەروونی مرۆڤ. چونکە خۆشەویستی مرۆیی لەناودەبات و جووتبوون دەکاتە کارێکی بێ هەست و سۆزی میکانیکی و کاتی. دیارە ئەمەش دەروونی مرۆڤ بێزار دەکات.ئەم تەوژمە وەك زریانی بەهێزی راماڵەر رووی لە وڵاتانی رۆژئاوا کردووە. ئافرەتانی ئەمریکا بەرەڵایی بە دەمامکێك دەزانن و، مرۆڤ و بەتایبەتی ژنان دەکات بە کۆیلە.

هەژانی راستەقینە لە رۆژئاوا لە ساڵانی هەشتاکاندا بە دەرکەوتنی ئایدز دروستبوو. سەرەرای گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتی یەکانی، دەبووە مایەی سەرهەڵدان و گواستنەوەی چەندەها نەخۆشی جەستەیی ترسناك. هەریەك لە ئایدز و زوهری و دەستدرێژی سێکسی و خۆکوژی و ماددەی هۆشبەر و نەخۆشی دەروونی و تاوان، لە ئەنجامە تاڵەکانی بەرەڵایین.

سەربەستی سێکسی دژی ئافرەتانە:

هەموو ئەم نەخۆشی یانە ئەنجامی ژیان و پێکەوەبوونێکی نایاسایی و ناشەرعین. خۆرئاوا ئەمرۆ لە سەرسوورماندایە. زۆرێك هەن لە ترسی تووشبوون بە ئایدز ژیانیان بۆتە ژەهر و تەنانەت هی وا هەبووە لە ترسدا خۆی کوشتووە. ملیۆنان کەس لە باری دەروونی خراپدا دەژین و مرۆڤی رۆژئاوایی سەرسامە.

بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەم زیانانە دەردەکەوێت کە سەربەستی سێکسی نە بۆ پیاو و نە بۆ ژن سوودێکی نییە. ئەم حاڵەتە چ بۆ تاک و چ بۆ خێزان و کۆمەڵگە خراپەی بێشوماری هەیە.

لە لایەکی تریشەوە ئەنجامە بەدەکانی بەرەڵایی زیاتر بەر ئافرەت دەکەون. چونکە بە بەراورد لەگەڵ پیاودا ژن زیاتر دەدۆڕێت. پیاو دوای ئەوەی بەدڵی خۆی ژیا پشت هەڵدەکات و دەڕوات، بەڵام ئەی ژن دەتوانێت قوتاری ببێت؟ ڕوو بکاتە هەر شوێنێك دەکەوێتە ژێر پەستانی دەروونیی کۆمەڵگەوە. هەمیشە بە چاوی کەمەوە بۆی دەڕوانن. هەر جێهێڵرانێك چەندەها زامی قووڵ لە ڕۆحیدا چێدەکات.

ئەکتەری ئەمریکی، جۆرج هاملتن، بەم شێوەیە باس لەم ڕاستییە دەکات:" ژنان بە دوای پیاوێکدا دەگەڕێن کە پێیان بڵێن: من پیاوم و دەتپارێزم و ئاگام لێت دەبێت. گرنگیت پێ دەدەم. ئافرەتان وا دەخوازن لە ژیانیاندا بە یەك پیاوەوە پابەندبن نەك ئەمڕۆ لەگەڵ پیاوێك و سبەی لەگەڵ یەکێکی تردا بن".

لەبەر ئەم هۆیانە سەربەستی سێکسی لە ئەورووپادا ڕۆژبەڕۆژ گرنگی خۆی لەدەست دەدات. هاوسەرگیری و خێزان کە سەرچاوەی خۆشەویستی و میهرەبانین سەرنجی مرۆڤی خۆرئاوایی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. هاوسەرگیری و دایکایەتی کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بووبووە عەیبە و لەبیرکرابوو، ئەمێستا بوون بە چەمکانێك کە خۆزگەیان بۆ دەخوازرێت.

بەپێی ڕاپرسییەك لە سەدا شەستی ئافرەتانی ڕۆژئاوا كاتێك شوودەكەن كە پیاوێكی ڕاستگۆ بدۆزنەوە.

مامۆستا سەعیدی نوورسی لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئەگەر پیاو لەپێناو لەزەتێكی هەشت دەقیقەیی دا تووشی كارێكی خراپ ببێت، ئەوا تەنها چەند لیرەیەك زیانی لێ دەكەوێت، بەڵام سزای لەزەتێكی هەشت دەقیقەیی ئافرەت كۆڵێكی قورسی هەشت مانگی و، ئەركی پەروەردە و بەخێوكردنی منداڵێكی بێ كەسە بۆ ماوەی هەشت ساڵ! واتە ئافرەت لە خراپكاریدا بە پیاو ناگاتەوە، بەڵام تۆڵەی خراپكاریەكەی چەندین جاری تۆڵە و سزای پیاوە.

چارەسەری ڕاستەقینە و شیفابەخش بۆ ڕزگاركردنی ئافرەتان لە چنگی ئەو تەقەلایانەی كە بۆ لەڕێ دەركردنیان و تێكدانی ژیانی دنیا و قیامەتیان دەدرێت و، تاكە هۆی پارێزگاریی ڕەوشتە بەرزەكانی سروشتیان لە داوی فەساد و خراپكاری، تەنها لە پەروەردەكردنیاندایە بە پەروەردەیەكی ئیسلامی، كە هەموو لایەنەكانی ژیان دەگرێتەوە".[1]

زانای ئەمریكی (واكسلەر)یش بەم ئەنجامە گەیشتووە:" گشت كتێبە ئاسمانییەكان هاوسەرگیری و خێزانیان بە پیرۆز داناوە و

١- پەیامەكانی نوور، بریسكەكان، (لا ٤٠٦، ٤٠٨). لە داتراوەكانی زانای گەورەی كورد مامۆستا سەعیدی نوورسی . دەقی كوردی ئەم پارچەیە لە وەرگێڕانەكەی مامۆستا فارووق ڕەسووڵ یەحیاوە وەرگیراوە. (وەرگێڕ)

گرنگییان پێ داوە. ئەو مرۆڤانەشی پەیڕەوییان کردووە، چەندەها سەدەیە بە شادمانی ژیاون و یەکتریان پاراستووە. بە مرۆڤە بەدبەختەکانی ئەم سەردەمەدا دەزانرێت کە تەوژمی ئازادی سێکسی چەند وێرانکەر و ترسناکە."

نوورای وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی بە گەرموگوڕی و جۆش و خرۆشەوە وتارەکەی پێشکەش کرد.

نیلۆفەر ئەمە تۆیت؟!

منیش ڕاڕایی دڵمی ئەنجن ئەنجن دەکرد و جێم بەخۆم نەدەگرت. دەبوو هەرچۆنێك بووە بگەم بە نوورای یان سەیدا. حیمایەکەی تەنیشتم بانگ کرد. هەردووکیانم نیشان دا و وتم دەمەوێت لەگەڵیان قسە بکەم.

حیمایەکان یەکسەر کەوتنە کار. لە ژوورێکدا چاوەڕێیان بووم. هەڵدەلەرزیم. دەتووت خوێنم تێدا نەماوە و خانەکانی جەستەم لەیەکتر جیادەبنەوە. زۆر بێحاڵ بووم. بەهەزار حاڵ خۆم گرتبوو نەبوورێمەوە. لە چەند چرکەیەکدا هەموو گیانم نیشتە سەر ئاو.

کە خۆیان کرد بە ژووردا هەناسەم سواربوو و هێزی ئەژنۆم بڕا. نوورای بە سەرسووڕمانەوە وتی:

- باوەڕناکەم! نیلۆفەر ئەمە تۆیت ؟

باوەشی پێدا کردم. هەستم بە گەرمی و دۆستایەتی و خۆشەویستی کرد.

سەیدا بە زەردەخەنەوە وتی:

- خۆشحاڵم بە بینینت نیلۆفەر خان.

دانیشتین. لەگەڵ ئەو دوو مرۆڤە پاکەدا من چووبوومەوە قاوغەکەی خۆم و شەرم دایگرتبووم. دەترسام هەڵە و تاوانەکانم بدەنەوە بە ڕوودا و سەرزەنشتم بکەن، بەڵام سەیدا دیسان سەلماندی کە جیاوازە. وتی:

- پیرۆزباییت لێ دەکەم نیلۆفەر خان. زۆرێک لە ئافرەتە هاوپیشەکانت پارەکانیان لە پشووی شارە گەشتیارییەکاندا سەرف دەکەن، بەڵام تۆ دەیبەخشیتە ئەم ڕێکخراوە خێرخوازییانە. تۆ هەمیشە ئافرەتێکی ژیربوویت و ڕەچاوی باوەڕ و داب و نەریتی خۆت کردووە. کەوایە هەوڵ دەدەیت شایانی باوکی شەهیدت بیت. بەڕاستی پیرۆزباییت لێ دەکەم.

ئەم قسانە وەك تیر لە دڵم هەڵچەقین و پڕیان کرد لە خوێن. لە بەرامبەر سەیدادا هێندە شەرمم دەکرد، تەواو بڕستی بڕیبووم. بەداخەوە سەیدا ئاگای لەمە نەبوو. بە گومانی باشەوە تەماشای ڕووداوەکانی دەکرد و هەوڵی دەدا ئەو تۆزە چاکەیەی لە دڵمدا ماوە بگەشێنێتەوە. لەوانەیە بەمە ویستبێتی بڵێت:" بەسە ئیتر. دوای هەموو ئەوانەی بەسەرت هات عارت نەنا؟ خۆت ڕزگاربکە لەو ژیانە نزمە. وەرەوە هۆش خۆت"!

نوورای پێش ئەوەی بکەوێتە زەلکاوەکەوە قوتاری بووبوو.

شووی کردبوو بە هاوڕێیەکی سەیدا. ئەو کوڕەشم دەناسی. لە پۆلێکی تر بوو بەڵام هەردەم لەگەڵ سەیدا دەگەڕا.

نوورای ئەمێستا دەروونناس بوو. مێردەکەشی لە شارۆچکەیەک حاکمە. هەردووکیان بەختەوەرن.

لانەیەکی ئارام و گەرم هەمیشە خەونی من بووە، وەلێ قەت نەبوو بە ڕاستی..

تروسکاییەکی ئومێد لەدڵمدا هەبوو:

خەریک بوو گریان زۆری بۆ دەهێنام. بۆ ئەوەی نەڵێن هیچ ناڵێت هەروا بە سەیدام وت:

– ژنێکی زۆر شیرینت هەیە ماشەڵڵا. خوا لە یەکتان نەکات. چۆنە؟ منداڵتان هەیە؟یەکسەر ڕوخساری سەیدا گۆڕا و بزەیەکی تەڵخ کەوتە سەر لێوی. نوورایش ڕەنگی گۆڕا. تێگەیشتم کە شتێک بووە. نوورای وتی:

– لەوانە تۆ نەتبیستبێت نیلۆفەر گیان. پار خێزانەکەی سەیدا و کچە دوو ساڵانەکەی لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا کۆچی دواییان کرد.

گەرووم گیرا و وشەیەک چییە بۆم نەدەهات. تەنها لەژێر لێوەوە وتم:" خوا ڕەحمیان پێ بکات. زۆرم پێ ناخۆشە".بۆ ساتێک چاوم

کەوتە سەر چاوی سەیدا. فرمێسك تا سەر ڕوومەتی ڕیزی بەستبوو. وتی:

– خۆش بێت. خوای گەورە وای ویست. بێگومان حیکمەتێکی تێدایە. ئەوان شەهید بوون. جانتای ژنەکەم قورئانی پیرۆز و پەیامی خوشکانی تێدابوو، خوێناوی بووبوون.. لەو ڕۆژەوەی ژن و مێردبووین نەمدی بێ دەستنوێژ بسوورێتەوە، قەت پەرستشەکانی لەبیرنەدەکرد.[1] ، لە دڵی خۆمدا وتم: " خوایەگیان! مەرگی چەند جوان دەدەیت بە خەڵك! کۆتایی قەشەنگ دەکەیتە نسیبیان. ئەی من؟ ئەی ئەوانەی کە وەك من وان؟ ئێمە حاڵمان چۆن دەبێت؟ کێ ئێمە قبووڵ دەکات؟ کێ باوەشمان بۆ دەکاتەوە؟ کێ ڕێمان نیشان دەدات؟ ئەم تەمەنە هەر بە گوناه پڕدەبێتەوە؟".

ژینم لێوان لێوبوو لە تاوان و چڵك و چەپەڵی. کێ یارمەتی دەدام پاك ببمەوە؟ لە کاتێکدا من لە دنیای خۆمدا بووم، سەیدا و نوورای هەستانە سەرپێ. ناونیشان و ژمارەی تەلەفونیان پێدام. وتیان کە پێویستە زوو زوو یەکتر ببینین. کە چوونە دەر من بە حەپەساوییەوە لێم دەڕوانین. هیوایەکی کز لە دوورەوە هات و لەسەر دڵم نیشتەوە.

١– پەیامی خوشکان پەیامێکە لە سەرجەمی پەیامەکانی نوور لە دانانی زانای پایەبەرزی کورد مامۆستا سەعیدی نوورسی‌یە. چەند ڕێنمایی و دەرسێکی ئیمانی وردە بۆ خانمان و خوشکان. مامۆستا فارووق ڕەسووڵ یەحیا کردوویە بە کوردی. (وەرگێڕ)

ئێستا سەیدا سەڵتە. تۆ بڵێی؟ بەڵام مەگەر دەکرێت؟ سەیدا پاک و بێگەردە و خۆی بۆ خوا و خزمەتی ئیمان تەرخان کردووە.. تەنازول دەکات بۆ ژنێکی وەک من کە هەموو شتێکی دۆڕاندووە؟ هەرچەندە خەیاڵە، بەڵام هەر زۆر جوان و، دوایین ئومێدە..ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر تایبەت بوو بۆ من. بۆ چەند سەعاتێک چوومەوە ڕۆژانی ڕابردوو. دڵم ئاسوودە بوو. ئەو گرنگییەی نووڕای و سەیدا بە منیان دا سەرلەنوێ هیوایان تێدا بووژاندمەوە. وابزانم دەبنە دەستاوێزم بۆ ڕزگاربوون لەم ژیانە نەگریسە. ئەم بیرۆکەیە ئارامی بە دڵی تینووم بەخشی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی چوارەم

بڕیارم دا تەوبە بکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوێدا بڕیاری خۆمم دا. دەبوو هەر بمکردایە. بڕیاربوو پاش چەند ڕۆژێك بۆ كارێك بچم بۆ قۆنیا. بەنیازبووم بچمە حزووری مەولانای ڕۆمی، بەئومێدی ئەوەی خواگیان لەبەر خاتری ئەو پیاوە پاك و بەرزە لێم ببوورێت و پاك ببمەوە.

دەبێت؟

پێویستە ببێت. ئەگەر دەمەوێت ڕزگارم ببێت پێویستە ئەو ڕێ یەش تاقیبكەمەوە. ئەگینا لەوانەیە جارێكی تر هەلی وام نەیەتەوە ڕێ.

هەرچۆنێك بوو خۆم قوتاركرد لە كوڕی خێزانێكی دەوڵەمەند كە ئەو ماوەیە دەوروخولی دەدام. بەیانی زوو لەگەڵ حیمایەكانمدا كەوتمە ڕێ. پڕبووم لە ئاسوودەیی و ئارامی چونكە دەچووم داوای لێ خۆشبوون بكەم. هێندە ئامادەبووم بۆ خۆ ڕاست كردنەوە هەموو هەستەكانم وەك دڵی چۆلەكەیەكی بچووك خێرا خێرا لێیان دەدا.

سەیارەكەمان بەخێرایی ڕێی دەكرد و منیش لە خەیاڵی ئەوەدابووم كە چی بڵێم لەو مەقامە پیرۆزەدا. شۆفێرەكە ڕادیۆكەی كردەوە. پێشكەشكارێك بە دەنگێكی شیرین و كاریگەر باسی لە جوانی ناخ دەكرد. بە شۆفێرەكەم وت:

- با لەسەری بێت، دەمەوێت گوێی لێ بگرم.

جوانی ناخ ئەو هەستە بوو کە سالأنێکە بیرم چۆتەوە، لە دەفتەرمدا سڕیومەتەوە و تەنها وەکو یادگاری یەك لام ماوەتەوە. لەمێژبوو جوانی دەرەوەم زالّ بووبوو بەسەر جوانی ناوەوەمدا. ئەو گۆرانی و ستایشانەی بە بالآ و جوانیمدا هەڵدران و ئەو گوناهە چەپەڵانەی کە بەهۆی نەزانیمەوە تێیان کەوتم، جوانی ناخمیان هەڵکەند و بردیان.

گەورەترین دەوڵەمەندیی، جوانی دڵ و دەروونە:

گوێم بۆ پێشکەشکارەکە هەڵخست.

– گەر مرۆڤەکان بە گرنگی یەوە لە جوانییەکانی ناخیان بڕوانن و خۆشەویستی و ڕێز بکەنە بنەمای جیهانبینییان، کام کێشەیە هەیە چارەسەری نەبێت؟ لەهەر جێگەیەك سۆزو خۆشەویستی هەبن هەرچی ناشیرینی و خراپە هەن مەحکوومن بە مردن. وەکو ڕەوینەوەی تاریکی لەبەرامبەر ڕووناکیدا و ونبوونی دوژمانیەتی لە هەمبەر دۆستایەتیدا.. جوانی ناخ و سۆز و خۆشەویستی هێندە گرنگن بۆ بەدیهێنانی ژینێکی ئاسوودە، کە هیچ پێویستی بە ڕوونکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە نییە. لەڕاستیدا گرنگ ئەوەیە جوانی ناخ چۆن بەدەست دێت؟ خۆشەویستی چۆن دەگەشێتەوە؟ بە مانایەکی تر کەسێك کە بە ئاسانی دەتوانێت دەرەوەی ئارایشت بکات، چۆن دەتوانێت ناوەوەشی برازێنێتەوە؟ بەڵێ، مرۆڤ دەتوانێت

ناوەوەشی جوان بکات. دەتوانێت ببێتە مرۆڤێك لە خۆشەویستی و، بەختەوەری و ئاسوودەیی بۆ خۆی و کۆمەڵ دابین بکات. بەڵام چۆن ئەمە ئەنجام دەدرێت؟

پێویستە بەر لە هەر شتێك تێبگەین کە زۆر جوان بەدیهێنراوین. بزانین کە سنعەتێکی ناوازە و قەشەنگ و نیانی دەستی پەروەردگارین. بڕواننە بوونی خۆتان. ببینن کە لەناو زیندەوەراندا تایبەتن و هەموو شتێك خزمەت بە ئێوە دەکات. ڕووی ژیریتان بکەنە دنیای تایبەتی خۆتان کە وەك گەردوونێکی بچووککراوە وایە. هەوڵ بدەن لەو مەسرەفە تێبگەن کە خوای گەورە لەو دنیایەدا بەکاری بردووە. بکۆشن تا بزانن لەبەرامبەر چاو و زمان و مێشك و ئەندامەکانی تری جەستەتان کە ناتوانن نرخێکیان لەسەر دیاری بکەن، چیتان لێ داواکراوە؟

بۆچی هەموو بوون ڕامکراوە بۆتان؟ بۆچی هەزاران نیعەتتان بۆ ڕاخراوە؟ ئەو یاسا و ڕێسا و هاوسەنگییەی کە ژیران سەرسام دەکات و لە کۆشکی جەستەدا دەست بەکارە، بەدیهێنەرەکەیان دەیەوێت چیمان پێ بڵێت و چ پەیامێك دەگەیەنێت؟

مرۆڤ بە ناسین و تێگەیشتن لە خۆی و بە دۆزینەوەی هۆی بوون و ژیانی دەگات بە خاڵێکی گەلێك گرنگ. ئەویش ئەوەیە بزانێت کە بەندەیە. کاتێك مرۆڤ تێگەیشت لەوەی کە بەندەی سازێنەری گەردوونە، لەوەش تێدەگات کە بۆچی دەژی و لەکۆتاییدا دەچێتەوە

حزووری کێ. ئیتر ئەم جیهانبینییە گۆڕانکاری مەزن لە ناخی مرۆڤدا بەرپادەکات. لێرەوە مرۆڤ هەوڵ بۆ پێشکەوتن دەدات. خۆی ئامادە دەکات بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پەروەردگاری. لە پیسی و چەپەڵی پاکژدەبێتەوە. مانای سەرەکی پەرستشەکانیش ئەمەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مرۆڤێکی پاک و لێوان لێو لە خۆشەویستی.

ئاسودەیی تێفکرین:

پاش خۆناسینمان ئنجا بەوردی لە دەوروبەرمان بڕوانین. سەرنشینانی کەشتییەکین کە لە بۆشایی فراوانی ئاسماندا مەلە دەکات. ئەم کەشتییە کە ناوی دنیایە و لەچاو جیهاندا وەك زەڕڕەیەك وایە، گەشتیاران دەگەیەنێت بە مەملەکەتی ئاخیرەت. ئەو دەسەلاتەی لەوپەڕی ڕێکوپێکیداگەشت بە زەوی دەکات و وردترینی جوانییەکانی تێدا پێشچاو خستووە، ئێمەش داوەت دەکات بۆ تێڕامان لەم جوانی یانە و ناسینی هونەرمەندەکەیان. پێویستە مرۆڤ بە چاوی پەند و عیبرەتەوە بۆ هەموو شتێك بڕوانێت و، هونەر و دانایی لە ئاسۆکانی بووندا بخوێنێتەوە و لە وردەکارییەکاندا هەست بە پەیامی خوایی بکات. کاتێك مرۆڤ لە جوانی سەرسامکەری بەهار ڕادەمێنێت و، خۆراکی بەلەزەت دەکاتە گەدەیەوە و، هەوای پاك هەڵدەمژێت و، دەبینێت هەزاران نیعمەت بۆ خزمەتکردنی تێدەکۆشن،

پێویستە بەوپەڕی حەز و لەزەتەوە سوژدەی شوکرانەبژێری ببات بۆ ئەو زانەی کە هەموو ئەوانەی خستۆتە بەردەمی. بەمەش دڵ و ئەقڵی پڕبکات لە نوور و ئاسوودەیی.

پێویستە مرۆڤ هەردەم لە بیرکردنەوەدا بێت. تێبگات لەوەی کە ئەوەی لە چواردەوری ڕوودەدات سادە و ئاسایی نین.

گڵی وشك و بێ گیان.. درەخت و قەدی ڕەق و بێ گیان.. لە کۆتایی لقەکاندا کۆمەڵە میوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و بەلەزەت کە تەنها بە زانست و توانستی بێ سنوور دەگونجێت بێنە بوون..

چەندەها دیاری و بەخشش کە ڕازێنراونەتەوە و تام و بۆنی جیاوازیان بەبەرداکراوە..

مرۆڤ کاتێك لە دەوروبەری تێدەفکرێت و، قووڵ دەبێتەوە بۆ دانایی و وردەکاری لە کاروبارەکاندا و ئامانج تیایاندا هەڵدەگۆزێت، تێدەگات لەوەی کە بە چ ناونیشانێکی گەورە و بۆ چ فەرمانبەرییەکی مەزن بەدیهێنراوە. پاشان بەهۆشیاری و لەخۆبوردنەوە لە حزووری پەروەردگاریدا ڕادەوەستێت و دەگات بە جوانیی و خۆشەویستی لە پلەی کەماڵدا.

ئینجا لە قۆناغی سێهەمدا کتێبی زۆر بخوێننەوە. خوێندنەوە تەنها زانیاری پەیداکردن و بەسەربردنی کات نیە. بەڵکو کتێبێکی باش باشترین هاوڕێ و، هاودەمی دڵنەوایی دەر و سەرچاوەی ئارامیی دەروونی مرۆڤە.

تاقیبکەنەوە.. دڵنیام هەستی پێدەکەن.

ئەوەی یارمەتی بدات یارمەتی دەدرێت:

چوارەم: خۆبەخشانە لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکاندا کاربکەن. ئەم پێشنیارەم زوو زوو دەخستە بەردەم خوێندکارەکانم. زۆرێکیان قبووڵیان کرد. لە ڕێکخراوێکدا کاریان دەکرد کە ئامانجی گەیاندنی یارمەتی و هاوکاری بوو بە هەژاران و بێ کەسان. هەرچەندە ڕۆژی وا هەبوو تەواو ماندوو دەبووین، بەڵام ویژدانمان ئاسوودە و دڵمان ئارام بوو. حەز و شەوقی یارمەتیدان و دەستگیرۆیی کردنی نەبوویەك و هەژارێك، جوانی و تامێکی جیاوازی دابوو بە ژیانی خوێندکارەکانم. ئەو کارە سوپاسگوزاری فێرکردن و نرخی ئەو نیعمەتانەیان بۆ دەرکەوت کە پێیان بەخشراوە.

ئێوەش یارمەتی ئەو ڕێکخراوانە بدەن کە لە چواردەورتان هەن. دەبینن کە ناختان سەرڕێژ دەبێت لە خۆشبەختی و سووکنایی.

لەکۆتایی دا مرۆڤە مەزنەکانی دنیای ڕۆح و مانا بناسن. ئەوانەی کە گەیشتوونەتە لوتکە لە جوانی ناخدا. لەم خاکانەدا گەلێك مرۆڤی وا هەڵکەوتوون کە تۆوی خۆشەویستی و ڕێز و برایەتییان لەنێو خەڵکدا ناشتووە. وەکو مەولانای ڕۆمی و یونس ئەمرە و حاجی بەکتاش و بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی و هتد.. پێویستە ژیان و بەرهەم و بیری ئەم مرۆڤە مەزنانە بەوردی بخوێنرێنەوە و سەرنج لە

پەیامەکەیان بدرێت.مەولانا کە دەفەرمووێت:" هەرکەس هەیت، وەرە."، یونس کە دەڵێت:" دروستکراوانت لەبەر دروستکەرەکەیان خۆشبوێت"، سەعیدی نوورسی کاتێک دەڵێت:" مرۆڤ گەردوونێکی بچووکە"، ئەمانە باسیان لە خۆشەویستیی مرۆڤ و، جوانی ناخ کردووە. ئێوەش سوود لەم حەقیقەتانە ببینن. ئەگەر نەتوانن ناختان جوان برازێننەوە، جوانی دەرەوەتان دەبێتە دوژمنتان.

وتەکانی پیشکەشکارەکە بەپایان گەیشت. زۆر ڕاست بوو. من تێیدا دەژیام. دوای ڕەشبوونەوەی جوانیی ناخم، جوانیی دەرەوەم لێ بووبوو بە دوژمن.

هەرێمە دڵڕفێنەکەی مەولانا:

لە هەرێمی کێشکەر و مەستکەری مەولانادابووم. لەگەڵ نزیکبوونەوەمدا لە نزرگەی پیرۆزی، لەرز سەرتاپای بەدەنمی داگرت. وەک بڵێی لە زستاندا لەبەر سەرما جێماوم، ئەژنۆکانم شەقەشەق دەیاندا لەیەک. حیمایەکەم هەستی پێ کرد و وتی:

- شتێک بووە خوشکێ؟

- نا هیچ نیە، بەردەوام بە.

کاتێک چووینە شارەکەوە سەرەتا لە ئوتێلەکەمان دابەزین. لەوێ پاکبوونەوەی مادیم بەئەنجام گەیاند و جلوبەرگی گونجاوم پۆشی. پاش چەندەها ساڵ سەرپۆشێکم نایە سەرم. چاویلکەیەکی ڕەشم

کـرده چـاو. هـەولّم دا چـەند دەگونجێـت جلەکـەم درێـژبێت. بـە حیمایەکانم وت ڕۆژنامەنووسەکانم لیّ دووربخەنەوە.

وەختێك گەیشینە مزگەوتەکە فەرمانم کـرد بـە حیمایـەکان:" بـە تەنیا جێم بهێڵن. تا دێمە دەرەوە کـەس پەیوەنـدی پێمـەوە نـەبێت. ئێوە تەنها لە دوورەوە چاودێریم بکەن".

لەگەڵ پـێم نایـە نـاو ئـەو مەقامـە پـیرۆزەوە زریـان و تۆفـان لـە ڕۆحمدا هەڵیانکرد. وەك بلّێی بایەکی بەهێز ڕووی لە دەمارەکانم کرد و بەناو بچووکترین خانەمدا بڵاوبووەوە.

ئاە خوایەگیان! ئەمە چ هەستێکی بـەرزە! خـەریك بـوو لـەجێی خۆمدا ببوورێمەوە. لە کەشێکدابووم بلّێسەی ناخمی گەشاندبووەوە. دەبێت چێژ و لەزەتی مەعنەوی و ئاسوودەیی ئیمان هەر ئەمە بێت.

لە خزمەتی ئـەو زاتـە پـاك و پیرۆزەدابووم. هـەموو ئـەو دوعـا و پەشیمانی و پاڕانەوانەم هەڵڕشت کە ڕۆژانێـك پێشـتر پڕۆڤـەم لەسـەر کردبوون. بۆ یەکەمجار لەو ساڵانەدا هەستم قوڵپی سـەند و فرمێسـکم وەك سێڵاوی بەهار هاژەی کرد. بۆ یەکەمجار پەشـیمانیم تواندمیـەوە و تەوبە ئازایەتی پیّ دام.

– توخوا مامۆستام، ئەی بەندەی خۆشەویستی خودا گوێت لێم بێت! ببە وەسیلەیەك تا خوای گەورە لێم خۆشبێت. لای ئـەو دوعـام بۆ بکە، هیمەتم بۆ بکە. ئەمێستا زۆر پێویستم بە یارمەتیتە. من بـەم

گوناهانەمەوە ڕووم نیە لە خوای خۆم بپاڕێمەوە. هاتم چونکە خۆت وتووتە هەرکەس هەیت وەرە. ئەمە کۆتا هەلی منە.

دەنگێك کە نەمزانی لەکوێوە هات، وتی:

- نەخێر، ئەمە دوا هەلی تۆ نیە. نائومێد مەبە لە خوای خۆت. چونکە ئەو لە هیچ بەندەیەکی نائومێد نابێ.

بەترسەوە ویستم بزانم دەنگەکە لەکوێوە دێت. بەڵام کەسم لە نزیکەوە نەبوو. وتم لەوانەیە خەیاڵم کردبێت.

چەند کاژێرێك گریام پاڕامەوە و فرمێسکم ڕشت. وەختێك هاتمەوە هۆش خۆم بێحاڵ کەوتبووم. بە ئەستەم خۆم گەیاندەوە ژووری ئوتێلەکەم. نەمدەویست لەو جیهانە مەستکەرە بێمە دەر، ئەو جیهانەی کە مرۆڤ کەمەندکێشی خۆی دەکات. بەردەوام ئەم پرسیارە لە مێشکم دا دەهات و دەچوو: بڵێی هیوای پاکبوونەوە مابێت؟

تەلەفۆنم بۆ سەیدا کرد:

لە ئوتێلەکەوە بە دوودڵی و ترسەوە تەلەفونم بۆ سەیدا کرد... دەمویست باسی ئەو تروسکە ئومێدەی لەگەڵ بکەم کە ناخمی گەرم کردبووەوە. لەوانەیە ئەگەر لە سەدا یەکیش بێت بیرێك لە من بکاتەوە، چونکە ئێستا ئەو ئیتر سەڵتە.

دایکی وەڵامی دایەوە. خۆمم نەناساند. تەنها ژمارەی تەلەفونەکەمم پێدا. باشتر کە خۆی هەڵی نەگرت. چونکە وەك منداڵ

دەخەڵەتام بەو تۆزە هیوایە و هەستەکانم دەدرکاند. حەتمەن بە نەخێر وەڵامی دەدامەوە و ئەو کاتە بەتەواوی دەڕووخام.

من لە گێژاوی ئەم خەیاڵ و بیرکردنەوانەدابووم زەنگی تەلەفونەکە لێی دا. هەڵمگرت و دەنگی سەیدا هاتە بەر گوێم.

ئاە خوایە گیان! زمانم وشکبوو. ئەو وشانەی لە مێشکمدا ڕیزم کردبوون بەجارێك تێکەڵاوبوون و نەمزانی لەکوێوە و بەچی دەست پێبکەم. زۆرم لە خۆم کرد و وتم:

– خۆشحاڵ بووم بە بیستنی دەنگت. ئەمڕۆ چووم بۆ زیارەتی مەولانا.

– پیرۆزباییت لێ دەکەم نیلۆفەر! هەمیشە خواستوومە شتی جوان بکەیت. باوەڕم وایە کە ئەم هیوایەم دەهێنیتە دی. لەو باوەڕەدام کە یەك بە یەك کێشەکانت تێدەپەڕێنیت. هیوام وایە ڕۆژێك بگەیت بەو جۆرە ژیانەی کە شایانی تۆیە. لەبیرت نەچێت کە تۆ کچی باوکێکی شەهیدیت.

خۆمم پێ نەگیرا و دامە پرمەی گریان.. بەدەم هەنسکەوە وتم:

– کەوتووم و ناتوانم دەربێمەوە. کەسێك نییە دەستی یارمەتیم بۆ درێژبکات. توخوا یارمەتیم بدە سەیدا!

ئەویش دەنگی گۆڕا و لەرزەی تێکەوت. وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabazi.org

- من زۆر ویستم یارمەتیت بدەم، بەڵام بەداخەوە تۆ کۆمەڵێک هاوڕێی خراپت هەڵبژارد. واتزانی جوانی هەموو شتێکە. ڕابردوو و بەهاکانیت لەبیرچووەوە. نازانیت ئەوە چەند دڵتەنگی کردم.

- واتە هەموو شتێک تەواو؟

لەڕاستیدا ئەم پرسیارەم سەبارەت بە کەسی خۆی کردبوو، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی بیباتەوە سەر ڕەحمەتی ئیلاهی. وتی:

- هەرگیز.. چۆن هەموو شتێک تەواو دەبێت؟ خوای گەورە تا دوایین هەناسە دەرگای تەوبە و لێخۆشبوون و گەڕانەوەی خستۆتە سەرپشت. باوەڕم وایە تۆ بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە لە دەرگانەی خواوەند دەدەیت و پەشیمانی دەردەبڕیت. خوای گەورە میهرەبانە و هیچ پاڕانەوە و داوایەک ڕەت ناکاتەوە. پاشان دڵنیام تۆ بە ویست و حەزی خۆت ئەو ڕێیەت هەڵنەبژاردووە و، حەزیشت بەو ژیانە نیە. ئیشەڵڵا ئەمانە ڕزگاربوونت ئاسانتر و خێراتر دەکات.

بەدەم گریانەوە وتم:

- سەیدا، ڕاستی بڵێ. وا دەکەیت هیوام بدەیتێ و لەبەر دڵی من وا دەڵێیت یان بە ڕاستە؟ یانی ئەوەندە نزیکم لە دەرگای ئومێدەوە؟

- کەس لە خوا نائومێد نابێت.

- خۆزگە لەو ڕۆژانەدا کە لووتبەرز بووم و بە جوانیمدا دەنازیم، تۆ زیاتر لێم نزیک بوویتایە و ئاگات لێم بووایە. پتر ڕێنیشاندەرم

بوویتایە. خۆزگە زۆرت لێ بکردمایە و ئەمڕۆ ئاوا پەشیمان و نائومێد نەبوومایە.

– دەزانیت، من لەو کوڕانە نەبووم کە تۆ بەدوایاندا دەگەڕایت، لەو دۆستە ساختانەشت نەبووم کە ببوونە پەروانەت.

لە کۆتا ڕستەیدا هیوا و ئومێدم بووژایەوە و هەستەکانم هاتنە جۆشان. وتم:

– دەمزانی کە تۆ دۆستێکی ڕاستەقینەیت. بەڵام بۆ زیاتر دڵنیابوون چاوەڕێی نیشانەیەك بووم لە تۆوە..

وەڵامی نەدایەوە. تەنها وتی:

– دوعات بۆ دەکەم.

ئنجا مژدەیەکی دامێ کە خۆشیی یەکەمی دووقات کرد. وتی:

– دەزانیت، سبەی من دێم بۆ قۆنیا. کۆبوونەوەیەکم هەیە لەوێ.

– با یەك ببینین سەیدا. زۆر پێویستم پێتە. تەنها بینینیشت هێزم دەداتێ.

چاك تێگەیشت لە مەبەستم. بەڵام بێدەنگ بوو. تەنها وتی:

– ئاخر کارم زۆر زۆرە.

کاتێك دەسکی تەلەفونەکەم دانایەوە، لەو ژوورە تەنیایەدا هەڵدەلەرزیم. دەتوت جوانترین دیاری دنیا دراوە پێم و لە خۆشیدا فرمێسکم دەڕشت. خۆم دا بەسەر جێگەکەمدا و گریام. تاقە یەك داوام هەبوو لە خوای پەروەردگار: لەم ژیانە ڕزگارم بێت..

بڕیاربوو سبەی بەیانی لە دەرگای ئوتێلەکەدا سەیارەکەم و حیمایەکانم چاوەڕوانم بن. کارێکی ترمان ڕادەپەڕاند و دەگەڕاینەوە بۆ ئەنقەرە.

لەو ساتەدا کە خەریك بوو ئومێدەوار دەبووم:

لە ئوتێلەکە چوومە دەرەوە. بەدرێژایی شەوی ڕابردوو نوورام لە خەیاڵدابوو. حەزم دەکرد باسی تەلەفونەکەی نێوان من و سەیدای بۆ بکەم و ڕای ئەویش وەرگرم. لەوانەیە لە هەستەکانی من تێبگەیشتایە و هانی سەیدای بدایە بێتە پێشەوە. ئەمە هیوایەکی گەلێك دووربوو، بەڵام دیسانیش دەروونمی ڕووناك دەکردەوە.

خەریك بووم سواری تەکسییەك دەبووم کاتێك سەیارەك بەخێرایی لێمان نزیك بووەوە و دەرگاکانی کرانەوە. هەر ئەوەندەم زانی چواردەورم بە پیاوی چەکدار تەنرا. گرتیانم و منیان کردە سەیارەیەکی ترەوە. دیاربوو حیمایەکانم دەستیان دابوویە چەکەکانیان، بۆیە لە دوامانەوە دەنگی تەقە هات. بەپەلە منیان لەو ناوە دوورخستەوە. لە دواوەی سەیارەکەدا لە نێوان دوو پیاوی بەهێزدابووم. شۆفێرەکە خۆی کرد بە کۆڵانە تەسك و پێچاوپێچەکاندا و خۆی لە حیمایەکانم ون کرد. شۆفێرەکە ئاوڕی دایەوە و بە یەکێك لە پیاوەکانی وت:

– چی بوو؟

– یەکێکیان لێ تۆپی.

– ئەوە زۆر خراپە. سەرۆک وتی با کەس نەکوژرێت.

– ناچاربووین، نەمانکوشتایە دەستی لێ دەکردینەوە.

پیاوەکان بەهیچ جۆرێک بێرێزییان بەرامبەر نەکردم و توخنم نەکەوتن. یەکێکیان وتی:

– مەترسە خوشکێ. ئەم ڕووداوە پەیوەندی بە تۆوە نیە. تەنها ڕکەبەریی نێوان دوو دوژمنە. واتە تۆ وەک کارتێکی فشار بەکاردەهێنین. هیچ لە تۆ ناکەین. تۆ میوانیت لای ئێمە.

قۆناغێکی نوێ لە ناڕەحەتی و کێشە بۆ من دەستی پێکردبوو. دڵم خۆش بوو بەوەی تروسکەی هیوام بەدی کردووە، کەچی لەپڕێکدا پەردەیەکی ڕەش بەردەممی داپۆشی. گوناهەکانم ئەوەندە زۆربوون پاکبوونەوەم ئاسان نەبوو. کە لە شاری قۆنیا چووینە دەر، یەکێک لە پیاوەکان وتی:

– ئیش و کاری ئێمە وایە خوشکێ، پێویستە چاوت ببەستینەوە.

ڕاهاتبووم بە ڕفێنران و دزران. بەلایانەوە مرۆڤ هیچ نرخێکی نەبوو. جوان و بەناوبانگ و زانا و نەزان یەک گرنگی هەبوو بۆ ئەوان، ئەویش تا ئەو کاتەی بەرژەوەندییانی تێدابوو. ئەگینا قەت بەزەیی و ڕێز نەدەبوو بە هۆیەک بۆ وازهێنانیان لە یەکێک.

گەیشتینە ماڵێک. بە قادرمەیەکدا سەریانخستم و بردیانم بۆ ژوورێک. کە چاویان کردمەوە دیم پەنجەرەکە بە پەردەی ئەستوور

دادراوەتەوە. هەتا بە ڕۆژیشدا گڵۆپەکان داگیرسابوون. پیاوێکی نەناسراو هات و وتی:

- کەمێك ئیسراحەت بکە خوشکێ. گەر پێویستیت بە هەرچییەك بوو بانگمان لێ بکە. دواتر سەرۆکەکەمان دێت و قسەت لەگەڵ دەکات.

دیاربوو سەرۆکەکەیان دوژمنی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەی ئێمەیە. بگرە و بەردەیان بوو لەسەر بەرژەوەندی و من بووبوومە قوربانی.

دەترسام. هەم ترسی گیانم و هەم ترسی لەناوچوونی ئەو هەستە جوانەی کە چەند ڕۆژێکە دنیاکەمی ڕازاندۆتەوە. بە دەنگەدەنگ و جیڕەی نەردەوانە دارییەکەدا زانیم یەکێك سەردەکەوێت. لەوانەیە سەرۆکەکەیان بێت.

پیاوێکی کەتەی ئەسمەری بڕۆپڕ هاتە ژوورەوە کە هیچ نیشانەیەکی دۆستایەتی لە ڕوخساریدا نەبوو. بە جگەرەکەی دەستیەوە زرم لەسەر کورسییەکە دانیشت. وتی:

- ئێمە تا ئەمڕۆ هەمیشە لە دوورەوە تاقیبی تۆمان کردووە نیلۆفەرخان. بینیم کە بەڕاستی زۆر جوانیت، وەلێ سەرۆکێکی هەڵەت هەڵبژاردووە. تۆ زۆر لەوە جوانتریت ببیتە کەنیزەکی سامییە کەچەڵ! تا ئەمڕۆ ئەوان پارەیان لە تۆ دەکێشایەوە. ئادرێسی ڕاستەقینە ئێمەین. ئیتر لە چنگمدایت. با بزانیت لەمەولا ئەوەی من بیڵێم ئەوە دەبێت.

- من هیچ پەیوەندییەکم بەم کارانەوە نیيە. مەمکەنە قوربانی کێشەی نێوانتان. من ئافرەتێکم. ئەزێتدانی ئافرەت شایانی پیاوی مەردی وەك ئێوە نییە.

- مەترسە. کەس پەنجەت بۆ درێژناکات تا تۆ نەتەوێت. دەزانم سەرۆکەکەت بۆ ڕزگارکردنت دێتە سەرمان. ئەڵبەتە بۆ ڕزگارکردنی ژنێك نا.. تۆ ئاڵتوون و گەوهەریت بۆ ئەوان. بۆیە ناچارە بێت. بەڵام من بیرم لە شتێکی تر کردووەتەوە. ئیتر هی منیت، کەس ناتوانێت لە منت بسەنێت. ئێستاش ئاقڵ ئاقڵ هەوڵ بدە خۆت ڕابهێنیت بە شوێنە تازەکەت.

چەپەڵیی بەرۆکی بەرنەدام:

ڕووخابووم. تەڵەکانی ژیان بڕانەوەیان بۆ نەبوو. ڕێگر و پاشقولگر و ئەوانەی وەکو خۆراکی ڕاو بەکاریان دەهێنم و، نەخشە و پلانە پیس و خیانەتکارەکان.. بەشی من هەر ئەمانەبوون خوایەگیان؟ لەم دنیایەدا قەت کەسێکی باشم لێ هەڵناکەوێت ؟

هەڵەیەکم کردبوو. گوناهم کرد، بەڵام ئێستا پەشیمانم و دەمەوێت ڕزگارم ببێت. بەداخەوە ڕێیەکان دیسان داخران و هیواکان کوژانەوە. وابزانم ئیتر خوداش منی ناوێت. چونکە من شایانی ئەوەبووم لەناو تاواندا بخنکێم. نەدەبوو لەخۆڕایی دڵم بخەڵەتێنم و

نومێدەواریم. من ئیتر تەواوبووبووم، ژیانێک دەژیام کە هەر لە سەرەتاوە کۆتاییەکەی دیاربوو.

زۆری نەبرد دەنگی تەق و تۆق هات. یا پیاوەکانی سامین یا پۆلیس. لە ترسدا خۆم خزاندە سووچێکەوە. لەقەیەکی بەهێز درا لە دەرگای ژوورەکە. چەکدارێک بەپرتاو خۆی کرد بە ژووردا، و وتی:

- خوشکێ خێراکە، سەیارەکە لە خوارەوەیە...

بەڵام ئاگای لەوە نەبوو یەکێک لە دواوەیەتی. فیشەکێک بەر کەللەی سەری کەوت و لە خوێنی خۆیدا کەوت.

خوایەگیان! خوێن فیچقەی دەکرد و پەلەقاژەی کرد تا گیانی دەرچوو. بەرچاوم ڕەش بوو و گەدەم تێکەڵ هات. منیش لەجێی خۆمدا کەوتم و بوورامەوە.

کە چاوم هەڵهێنا بردبوومیانە ژوورێکی تر. یەکێک وتی:

- شوێنەکەمانیان دۆزیوەتەوە. دەچین بۆ جێ یەکی تر. مەترسە خوشکێ تۆ هیچت نیە.

دوو چەتەی خوێنڕێژ لەسەر من شەڕیان بوو. ئەو بەڵا و ئازار و خەفەتانەی ئەم جوانییە نەفرەتییە بەسەری هێنام کۆتاییان نەبوو.

دیسان بە چاوی بەستراوەوە بردیانم بۆ شوێنێکی تر. دیسان ترس و دڵەتەپێ.. سفرەی گورگان دوایی نەدەهات.

هەنووکە من چ جیاوازییەکم هەبوو لەگەڵ خزمەتکارێکی بێ نرخدا؟ گوایە شاجوانم. نەفرەت لەو جوانییەی کە وابێت. خۆزگە

شای ناشیرینان بوومایەوە و کەس سەیری نەکردمایەوە، بەڵام بە حەیا و حورمەتی خۆمەوە بژیبامایە. هیچ نەبێت ویژدانم ئاسوودە و ناخم پاك و ڕۆحم بێ لەکە دەبوو.

مەگەر نەمدەویست خانمێك بم لە ماڵەکەی خۆمدا؟ نەمدەخواست تامی بەختەوەری بکەم لەگەڵ مێرد و منداڵەکانمدا؟ مەگەر نەمدەویست لە جێ یەکدابم دەوروبەرم ڕێزم بگرن و گرنگیم پێبدەن و بە مرۆڤم دابنێن؟

چۆن نەمدەویست؟ چۆن؟ لەبری ئەم ژیانە ئامادەبووم ژنێك بم هەموو ڕۆژێك لێدان بەدەستی مێردەکەم بخۆم و، لە ماڵەوە بەند بکرێم و ئنجا ئێواران ئاشت بکرێمەوە و دڵم بدرێتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەوە قەدەری من نەبوو..

هەمیشە خەیاڵی جوانی من ئەوە بووە منداڵێکم دەستم بگرێت. کۆرپەیەکم هەبێت بیگرمە باوەش. مێردێکم هەبێت لە دڵەوە بمدوێنێت. تەنانەت ڕازیش بووم بە خەسوویەك کە خۆشینەوێم، هەمیشە بە تێهەڵدانم بدات لای مێردەکەم. بەس ئەوەندەی لەم گێژاوە ڕزگارم ببوایە!

لەو ماڵەدا کە بەند کرابووم هێواش هێواش هەستم بە نزیکبوونەوەی مەرگ دەکرد. بەهەزار تکا و ڕجا ڕادیۆ شرەیەکیان دامێ. گوێم لە بەرنامەیەك دەگرت لەسەر خێزان. هێشتا لە کۆڵانە داخراوەکاندا بەدووی دەلاقەیەکی هیواوە بووم.

ژیانی خێزانیی بە ئیمان دەبوژێتەوە:

لە بەرنامەکەدا باسی کاریگەری باوەڕ دەکرا لە ژیانی خێزانییدا.

باس لەو ئیمانە دەکرا کە ساڵانێك لەوەوپێش من نرخیم نەزانی و فرێمدا. پێشکەشکارەکە دەیوت:

- ئیمان و خێزان دوو دەستەخوشکی دانەبڕاو و دوو چەمکی بەکتر تەواوکەرن. لەم بارەیە مامۆستا سەعیدی نوورسی دەفەرموێت:" بەڵام هەر ئەوەندەی ئیمان بە ڕۆژی دوایی ئەو ماڵە بەسەر بکات، ئەوا یەکسەر هەموو شوێن و سووچ و لایەکی ئەو ماڵە ڕووناك و ئاوەدان دەکاتەوە. چونکە ئەو کاتە پەیوەندییەکانی خزمایەتی و کەسایەتی و میهرەبانی و خۆشەویستی ناو ئەو ماڵە، لە چوارچێوەی ژیانێکی کورتدا لێك نادرێتەوە و پێیەوە نابەسرێتەوە، بەڵکو بە چەند پەیوەندییەکی وا دەپێورێن و لێکدەدرێنەوە کە هەر لە دنیاوە تا دەگاتە نەمری و مانەوە و بەختەوەری هەمیشەیی لەو دنیادا، درێژەی هەیە و بەردەوامە. ئیتر هەریەك لەو خێزان و خزمانە ڕێزی بێگەردی ئەوانی تر دەگرێت و، بە چەشنێکی خاوێن خۆشی دەوێن و ، میهرەبانییەکی ڕاست و برادەرییەکی بەوەفا و ئەمەکداریان لەگەڵدا دەنوێنێت و، چاو لە کەمتەرخەمییان

دەپۆشێت. لە ئەنجامی ئەمەشدا ڕەوشتی مرۆڤانەیان بەرزدەبێتەوە و، بەختەوەری ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی لەوماڵەدا ڕەنگ دەداتەوە."[1]

چونکە ئەو ژن و مێردەی باوەڕیان بە زیندووبوونەوە و ژیانی هەمیشەیی هەیە، پێکەوەبوونیان تەنها بەم دنیایەوە نابەستنەوە. هاوڕێیەتییان بەم ژیانە کورت و فانییەوە سنووردار نابێت. هەردووکیان دەزانن کە لە ئەبەدیەتیشدا هاوسەری یەکترن.

ئاڕاستەی ژیانیشیان بەپێی ئەمە دیاری دەکەن. لە ڕێگایەك دەگەڕێن ئەوین و خۆشەویستی نێوانیان تا ئەبەد بهێڵنەوە.

بەپێچەوانەی خێزانێکەوە کە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە، خۆشەویستی و گرنگی پێدان و ڕێز و گەرموگوڕی لەرزەی پێدەکەوێت. ئەوەی دەیکەن لەبەر خاتری خوا نایکەن. تەنها بیر لە نەفسی خۆیان دەکەنەوە. بەئاسانی لەپێناو چێژ و سوودی خۆیاندا هەموو شتێك دەکەن. ئەوکات لەو خێزانەدا ئاسوودەیی باردەکات. چەندەها ژن و پیاو و منداڵی لەژمارەبەدەر لە ئازاردا دەتلێتەوە. هەرکەسێك لە هەرکاتێکدا ویستی ماڵ جێدەهێڵێت و شوێن بەختەوەری خۆی دەکەوێت.

---

[1]- سەرجەمی پەیامەکانی نوور، تیشکەکان، (لا ٣٧٥). لە دانراوەکانی زانای گەورەی کورد مامۆستا سەعیدی نوورسی. دەقی کوردی ئەم پارچەیە لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا فاورق ڕەسووڵ یەحیاوە وەرگێراوە. (وەرگێڕ)

دەڕوات، بەڵام ئایا ئەوەی دەڕوات بەختەوەر دەبێت؟ ئایا بیری ژیانی ناو خێزان ناکات کە لە دەستی داوە؟ خێرا ژنە چاو پڕ لە فرمێسک و منداڵە بێنازەکانی لەبیردەچێتەوە؟ چەندێک بیەوێت بەزەیی و میهرەبانی لە دڵی دەربکات، ئەوەندەی تر ئاگری مەعنەوی دەیسووتێنێت. بۆ کوژاندنەوە و لەبیرچوونەوە خۆی دەداتە دەست ڕابواردن. لەوانەشە ماوەیەک لەبیری بەرێتەوە. بەڵام شیرینییەکی کاتییە و لەکۆتاییدا دەبێت بە ئازار و خەم. ئەو ژەهرەی لەگەڵ هەنگوینەکەدا خوراوە کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت. ئیتر ئازارەکان دەست پێدەکەن. دەیەوێت دڵی خۆی بداتەوە و خۆی بخەڵەتێنێت. بە دڵشکاوییەوە برەو بە ڕاکەڕاک بەشوێن ژیاندا دەدات، وەلێ نازانێت خۆشییەکانی دنیا تراویلکەیە. گەر دەستیشی پێیان بگات تەنها تامێکە و تێربوونی نیە. تەنها چێژێکی کاتی دەدات. پاش ماوەیەک سەدەها قات ئازار دەرخواردی مرۆڤ دەدات. بەکورتی چێژە نامەشروعەکانی دنیا وەک هەنگوینی ژەهراوی وان. پاش کەمێک پێچی ئێش بە سکی ئەوانەدا دێنێت کە تامیان کردووە. چونکە سروشتی دنیا وایە، تا هێشوویەک ترێت دەداتێ دە زللەی بەسوێت تێدەسرەوێنێت.

لەم بارەیەوە سەعیدی نوورسی دەفەرمووێت: "ماڵی هەموو مرۆڤێک دنیا بچووکەکەیەتی، بەڵکو بەهەشتە بچووکەکەیەتی.. جا ئەگەر ئیمان بە ڕۆژی دوایی تیایدا زاڵ نەبێت و باڵی خۆی بەسەر

بەختەوەری ئەو ماڵەدا ڕانەکێشابێت، ئەوا هەموو ئەندامێکی ئەو خێزانە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوانیانەوە، دووچاری نیگەرانییەکی ئاوێتەی ئازار و ئەشکەنجەیەکی دژوار دەبێت، ئەمەش بە ئەندازەی پلەی ئەو خۆشەویستی و دڵسۆزی و میهرەبانییانەی کە لە نێوان کەسانی ئەو خێزانەدایە. ئیتر ئەو بەهەشتەیان لێ دەبێت بە دۆزەخێکی وا کە گوزەرانی تێدا سەخت و ئەستەم بێت، دوور نییە لەتاو ئەو بارە ناهەموارە ژێری خۆی بەنج بکات و پەنا بەرێتە بەر کاری هەرزە و کاتی."[1]

گەر ئەم ئامانجە بکرێت بە بناغەی خێزان، ئەوکاتە تاکەکان هەوڵ دەدەن ئەم جیهانبینییە لەو خێزانەدا بژیێنن. ئاسوودەیی و بەختەوەری کە دوو چەمکی سیحری و تەمومژاوی دیارن، لەم ڕێیەوە بە ئاسانی بەدەست دێن.

تا دەهات هیوا بڕاوتر دەبووم:

چیتر من هیوای ڕزگاربوونم نەبوو. نەشمدەتوانی بەرگەی ئەو ژیانە تاریک و زبر و بێ هەستە بگرم. چیم بکردایە؟ لەو ڕۆژانەدا ئەو ئومێدە گچکەیەش کە هەمبوو ڕووی لە کوژانەوە دەکرد. لە

١- سەرجەمی پەیامەکانی نوور، تیشکەکان، (لا ٣٧٤). لە دانراوەکانی زانای گەورەی کورد مامۆستا سەعیدی نوورسی. دەقی کوردی ئەم پارچەیە لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا فارووق ڕەسووڵ یەحیاوە وەرگیراوە. (وەرگێڕ)

تاریکییەکی ڕەهادا مامەوە. نەمدەزانی کەی بەیانییە و کەی ئێوارەیە. نازانم چەند شەو و چەند ڕۆژ تێپەڕیبوو. تەنها شتێکم دەزانی: کۆتایی نزیک بوەتەوە و لە کوڵانی داخراودام و خەیاڵەکانم با بردنی.

دەرگاکە کرایەوە. پیاوێکی قەبەی ناشیرین خۆی کرد بە ژووردا. وتی:

- سەرۆک تۆی دەوێت.

نەمدەتوانی سەرپێچی بکەم، چونکە پێشتر ئەنجامی گوێ نەگرتنم ئەزموون کردبوو.

بەدوایدا چوومە دەرەوە. بردیانم بۆ ژوورێکی تر. ژووری نووستن بوو. دیاربوو درندەیەک چاوەڕوانی ڕاوەکەیەتی. خۆمم دا بە ئەرزەکەدا و زریان و تۆفان ڕوویان لە ناخم کردبوو. هەموو خانەکانم و هەستەکانم هەستابوونە سەرپێ و دژایەتییان دەکرد. قیژاندم:

- نەخێر، بەسە ئیتر.. مردن لەمە باشترە!

بەڵێ. مردن لەوە باشتربوو. چونکە مەرگ پاکبوونەوە و ڕزگاربوون بوو. لەپڕێکدا دڵم هات بەیەکدا و وەک ئەوەی یەکێک دەستی لە بینم گیرکردبێت هەناسەم گیرا. وەک کۆتا پەلەقاژە تا هێزم تێدابوو قیژاندم:

- فریام بکەوە خوایە گیان! وەرە بە هانامەوە. لە هەر کوێیت ئیتر وەرە. تۆ بەندەت تەنیا ناکەیت. من ئەم گوناهانەم ناوێت، بەزۆر پیسم دەکەن. وەرە و ڕزگارم بکە. وەرە و..

لەناکاو بەرچاوم ڕەش بوو. بە دەنگێکی تاقەت پڕووکێن لە مێشکمدا لە هۆش خۆم چووم. ئیتر دوای ئەوەم بیرنایەتەوە. چەند ڕۆژ و چەند سەعات تێپەڕی نازانم.

کۆتایی ژیانم دەبینرا:

کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم پۆلیسێك دەیقیڕاند:

- چووزانم کاکی دکتۆر، شەو لە بەردەم خەستەخانەدا فڕێیان داوە و ڕۆیشتوون. نە نزیکێکی لەگەڵدایە و نە هەویەیەکی پێیە.

تێگەیشتم لە نەخۆشخانەم. دیسانیش ئەو چەتە و خوێنڕێژانە - بەشکم خوا بیانهێنێتە سەر ڕێی ڕاست- دەیانتوانی بمکوژن و لە سووچێکدا توورم بدەن. هیچ نەبێت لەبەردەم نەخۆشخانەیەکدا فڕێیان داوم.

خۆزگە بیانکوشتمایە و لە ژیاندا نەدەمام ، ئیتر هەرگیز ترسی گیران و فڕێنرانم لەگەڵدا نەدەما.

دکتۆرێك هات بۆ لام. بەوردی لێی ڕوانیم. خەریك بوو دەیناسیمەوە بەڵام بەتەواوەتی دڵنیا نەبوو. چونکە حەتمەن لە دڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.zahari.org

خۆیدا وتوویەتی:" لە کچە بەناوبانگەکە دەچێت. بەڵام ئەگەر ئەوە ئەی کوا حیمایە و دار و دەستەکانی؟". وتی:

- کەست نییە؟

- نەخێر.

- ئێمە ناتوانین ئاوا چارەسەرت بۆ بکەین. تۆ نەخۆشیت و پێویستە بەپەلە بخرێیتە ژێر چاودێری وردەوە.

بازنەکەی دەستم دەرهێنا و وتم:

- با ئەمە بفرۆشن و بە پارەکەی..

- نابێت، عەیبە بۆ ئێمە بازنی نەخۆش وەرگرین. خەمت نەبێت من چارەسەرت دەکەم. هێشتا کەسانی خێرخواز لەم دنیایەدا ماون.

کەوایە خوا بەندەی چاکەکاری واشی هەیە. یا لە ملیۆنێکدا یەکن، یا زۆرن و قەت بەر من ناکەون..

دکتۆرەکە زۆر خەریکم بوو. چەندەها تیشکی سینی بۆ گرتم و چەند تاقیکردنەوەیەکی بۆ ئەنجام دام.

دوای دوو ڕۆژ هات و لە تەنیشتمەوە دانیشت. وتی:

- دڵنیایت کە کەست نییە؟

- بەڵێ..

زۆری بەلاوە سەیربوو. لەوانەیە وتبێتی چۆن ژنێکی هێندە گەنج وجوان بە تەنیا جێدەهێڵرێت. وتی:

- حەزم دەکرد مژدەیەکی خۆشت پێ بدەم، بەڵام بەداخەوە ناتوانم. هاوڕێیەکی ژیانت بۆ هاتووە کە زۆر باش نیە. هاوڕێیەتی کردن لەگەڵیدا گران و زەحمەت و بەئازارە. وەلێ دەتوانی بە ئارامگرتن و پشت بە خوا بەستن لەگەڵی هەڵبکەیت. ئیشەڵڵا ئەگەر شەوقی ژیانت تێدابێت بە سەریدا سەردەکەویت. بەڵام ئەگەر تووشی کۆڵەواری و نائومێدی ببیت...

تەواوی نەکرد. هەواڵێکی خراپ هەبوو کە لە دەمی دکتۆر نەدەهاتە دەر و لە گەرووی گیرابوو. وتم:

- شەرم مەکە کاکی دکتۆر. ئامادەم هەموو شتێك ببیستم. کەسێك ژیانی لەگەڵ عەزرایلدا بەسەربردێت، لە هیچ شتێك دەترسێت؟ بیڵێن تکایە، نەخۆشییەکەم چییە؟

- شێرپەنجەت هەیە خوشکێ. شێرپەنجەی ئێسقان. واتە ئێسقانەکانت خوێن دروست ناکەن. چارەسەری هەیە. پێویستە ئێسقانی گونجاوی ترت بۆ بگوازرێتەوە. هەندێك لەوانەی ئەم نەخۆشی یە دەگرن ڕزگاردەبن.

- شێرپەنجە؟؟

قەت بە خەیاڵمدا نەهاتبوو، هەرگیز بیرم لێ نەکردبووەوە. ژیانم جارێکی تریش ڕووخایەوە. هەرگیز نەمدەزانی کۆتایی ژیانی پێچاوپێچ و پڕ گێچەڵم بەو شێوەیە دەبێت. هەموو هیواکانم

پووکانەوە. تێگەیشتم کە جارێکی تر ناکەومەوە سەر پێی خۆم و پەیوەندی نێوان من و ژیان بچڕاوە.

لە نەخۆشخانە دەرچووم. سەرم دا لە بانق، بەڵام بێهوودە بوو. هەموو پارەکانمیان بردبوو. نیلۆفەر کە ساڵانێك کرابووە تاجی سەران و، بە حیمایەوە دەڕۆیشت و ستایش دەکرا و، گۆرانی بۆ جوانییەکەی دەوترا، هەنووکە بێ پارە و بێ کەس لە کۆڵانەکاندا جێماوە.

بەشی پێنجەم

ڕۆژە دژوارەکانم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازنەکەم فرۆشت. دەبوو جێیەك بدۆزمەوە سەرمی کز تیابگرم یان شوێنێك تێیدا چاوەڕێی مردن بکەم..

ژێرزەمینی بینایەکم بەکرێ گرت کە خۆر نەیدەگەیشتێ و بۆنی لێ دەهات و شێدار و تاریك بوو. وتم سوپاس بۆ خوا. هیچ نەبێت شوێنێکم دیوەتەوە کە دەتوانم تێیدا بمرم. لە کوێوە بۆ کوێ؟ کۆتا وێستگەی شاجوانێك کە جاران میوانی ئوتێلە پێنج ئەستێرەییەکان بوو..

لە دنیای تاریکمدا نوقم بووبووم. ڕۆژان و شەوان و مانگەکان بەئازارەوە بەسەرمدا تێدەپەڕین. پێویستم بە چارەسەر بوو، بەڵام بەندەیەکی خودا نەدەهات دەرگاکەم بکاتەوە.

بۆ من هەموو شتێك تەواوبووبوو. هیچ چاوەڕوانییەکم نەبوو لە دنیا و ژیان و مرۆڤەکانی دەوروپشتم. کەسیشم نەمابوو لە دەرگام بدات. ئیتر بە تەنیا لەوماڵەدا کە لە گۆڕ دەچوو و بەئەستەم دەمتوانی هەناسە بدەم و، ئازارم دەکێشا.

ئەو ڕووداوە تاڵانەی بەسەرم هاتن لەگەڵ تەنیایی و نەخۆشی، یەکیان گرت و بەجارێك هێزی بەرگری منیان ڕووخاند. لە خۆمم دەپرسی: "ئیتر بۆچی دەژیم؟ هۆیەك هەیە بۆ ژیان؟".

باوك و دایکێکم نەبوو لەدڵەوە خۆشیانبوێم.. مێردێکی وەفادارم نەبوو تەمەنێکم لەگەڵ بەش بکات. هیوایەکم نەبوو داهاتووم ڕووناك بکاتەوە. ڕابردوویەکم نەبوو ڕووم بێت بە سەربەرزییەوە بەنێو خەڵکدا

بگەڕێم. جوانی بوو بە بەڵای گیان و گۆڕا بە ناشیرینی و خەم. تەنانەت ئێواران پارچەیەك نان و قومێك چا و كڵۆیەك شەكرم دەست نەدەكەوت. كرێی چەند مانگێكم نەدابوو. چیتر دەرمانەكانیشم تەواوبووبوون و شتێكم نەبوو بۆ هێوركردنەوەی ئازارە تاقەت پڕووكێنەكانم.

كەوایە هۆیەك نەبوو بۆ بەرگەگرتنی ئەم ئازارانە و درێژەدان بە وەها ژیانێك. وابزانم كاتی ئەوە هاتووە كۆتایی پێبهێنم. درێژەدان بەم ژیانە چیتر مانایەكی نیە.

بەسە ئیتر بەسە. زامی ڕۆحم لە برینی جەستەم بەسۆترە. نەمدەتوانی لەوە زیاتر بەردەوام بم.

چەندەها جار هات بە خەیاڵمدا بچم تەلەفون بۆ نوورای و سەیدا بكەم. بەڵام ئەو بیرەشم خستە كەنارەوە. ئومێدم بە كەس نەبوو.

كەوتمە سەر ئەژنۆ. هەموو گیانم دەلەرزی. زۆر بێچارەبووم. پاڕامەوە: " خوایەگیان! باوەڕم بە بوونی تۆ هەیە، بەڵام دوای ئەم هەموو گوناهە ناتوانم بۆ لات بگەڕێمەوە. ناتوانم بێمە حزووری پاك و پیرۆزت. ناتوانم ناوت بهێنم و لێت بپاڕێمەوە. چونكە نە ڕووم هەیە و نە هێز. ئەگەر دەتەوێت یارمەتیم بدەیت ئەم گیانەم لێ بسێنە. ئەگینا خۆم دەستم تێی دەچێت.

خۆزگە دەمتوانی پێت بڵێم ڕزگارم بكە! خۆزگە دەمتوانی بڵێم یارمەتیم بدە، بەڵام ناتوانم! چونكە گوناهەكانی ڕابردووم ناهێڵن.

نامەوێت بێ ڕێزیت بەرامبەر بکەم. تۆ گەورە و پیرۆزیت. منیش بەندەیەکی ناپاک و تاوانبار.. چۆن ڕووم بێت دوای هەموو ئەوانەی کردم بێمە حزوورت و داوای لێخۆشبوونت لێ بکەم؟

گەرچی دایکی ڕەحمەتیم دەیوت:" کاتێک کەوتیتە تەنگانەوە بەشوێن یارمەتیدەرێکدا مەگەڕێ کچم. پەنا بە خوای جیهانیان بگرە. ئەو مەزنترین ڕزگارکەرە. چەندێك گوناهت زۆربێت دەرگای ئەو هەمیشە کراوەیە. لەو دەرگایە بدە. گوێت لێ دەگرێت و یارمەتیت دەدات. خاوەنی میهرەبانی و بەزەییە. ئەو هەرگیز بەندەکانی لە تەنگانەدا بەتەنیا جێناهێڵێت".

باوەڕم بەمە هەیە. بێگومان ڕاستە، بەڵام من ڕاست نیم. من پاك و دروست نیم. من هەمیشە سەرپێچیم کردیت. هیچم نەکرد لەوانەی فەرمانت پێدا. تەمەنم بە تاوان بەسەربرد.

ئێستا لە تەنگانە و گێژاودام. بە چ ڕوویەکەوە بێمە بەردەمت؟ ئەی ئەو ڕۆژانەی لەشساغ و دەوڵەمەند و بەکەیف بووم لەکوێ بووم؟ تۆ پێم نالێیت:" ئێستا کە بێچارەیت و ناچاریت دێیت؟".

هێزم نەماوە. چیتر نە دەتوانم بپاڕێمەوە و نە داوای لێبووردن بکەم. من تەواوبووم و بەسەرچووم. چارەیەکی ترم نیە. دەبێت لەم گۆڕە بێمە دەر کە پێش مردنم تێی کەوتووم.

هیچ چارەیەکم نەمابوو جگە لە خۆکوشتن

لە چواردەوری خۆمم ڕوانی. پێویستیم بە هێرشێك بوو. دەبوو پێش ئەوەی ئێوارە دابێت و ئازاری بەسوێ بەربێتە گیانم، ئەو کارەم تەواوبکردایە..

چاوم چووە سەر ڕۆژمێرەکە بە دیوارەکەوە. خاوەنی دەرمانخانەکەی سەر سووچەکە پێی دابووم. دوکانەکە ئافرەتێکی لەسەر بوو. پێشتریش منی دەناسی. زۆر یارمەتی دام لە داو و دەرمانەکاندا، خوا لێی ڕازی بێت. ئافرەتێکی دیندار و پاك بوو..

ژمارەی تەلەفون بەسەر ڕۆژمێرەکەوە بوو. بەزۆر لەجێی خۆم بزوام. دەمویست تەلەفون بکەم و داوای دەستەیەك دەرمان بکەم. دەمویست بەجارێك بیانخۆم و کۆتایی بە ژیانم بهێنم.

دەسکی تەلەفونەکەم گرت بە دەستمەوە. ئیتر ڕێك نازانم ژمارەکانم لێدا یان نا، لەگەڵ ئافرەتەکە قسەم کرد یان نا. چونکە لەو کاتەدا ڕووداوێکی نائاساییم بەسەرهات.

دایکم... دایکی ڕەحمەتیم هاتە بەرچاوم. چاوە تەڕ و پڕ میهرەبانی و نیانەکانی لێم دەپاڕانەوە. وتی:

" هەمیشە لەگەڵتدام کچم. هەردەم دوعات بۆ دەکەم. هەوڵ بدە. لە خوای خۆت نزیك ببەوە ڕزگارت دەبێت. نەکەی ئەو کارە شێتانەیە بکەیت. ژیانی هەمیشەییت وێران دەکەیت. لەبەر ژیانی ناشیرین و پڕ لە تاوان کۆتایی بە تەمەنی خۆت مەهێنە. لەبیرت نەچێت خوای

گەورە چاوەڕێی ئەوەیە بەندەکانی داوای لێخۆشبوونی لێ بکەن و جارێکی تر نەچنەوە سەر ئەو گوناهانە.

دەی هێز بدە بەر خۆت. ڕوو بکە خوا.. تۆبە بکە. هێشتا هەموو شتێك تەواو نەبووە. گەر ئەو بیەوێت لە تەنگانەترین ساتەوەختدا یارمەتیدەرێك دەنێرێت. خوای گەورە شەهیدان و پیاوچاکان دەنێرێت بۆ بەهاناوەچوونی بەندەکانی".

لە چاوترووکاندنێکدا دایکم لەبەر چاوم ونبوو.

خۆم لەخۆمدا بێ هێز و بێچارەبووم و بەهەزار حاڵ بەپێوە خۆم گرتبوو. کە دایکمم بینی تەواو بڕستم لێ بڕا و کەوتمە سەر نەرشەکە. لەبەر خۆمەوە دەمنووزاند:" توخوا خوایەگیان ڕزگارم بکە! لەم کۆتاییەی تەمەنمدا مەهێڵە هەڵەیەکی تریش بکەم. هیچ نەبێت لەبەر خاتری دوعاکانی دایکم ڕێیەکم نیشان بدە. من زۆر گوناهبارم. هەڵەی زۆرم کرد. نەمتوانی بەندەیەك بم شایانی تۆ. ئێستا بێچارە و بێکەسم. هێزم نیە و کۆتا دەرگانەم تۆیت. توخوا یارمەتیم بە. ئەگەر دەرگام لێ نەکەیتەوە ئیتر بەرگە ناگرم".

نازانم چەند گریام و ناڵاندم. تەنها شتێك کە دەمزانی ئەوەبوو کە خوای گەورە ڕزگارکەر و یارمەتیدەرمە و منیش بەندەیەکی هەژار و زەبوون... ناخم دەسووتا و دڵم هاتبووەوە یەك و لە قووڵایی دڵمەوە دەپاڕامەوە. تەنها ئومێدم ئەوبوو. دەرگای لێ نەکردمایەتەوە دەستم دەچووە گیانی خۆم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.zabari.org

بیرم نایەت چەند کڕووزامەوە و لەسەر ئەرزەکە ئەمدیو ئەودیوم کرد. کە هاتمەوە هۆش خۆم بێحاڵ و پەرێشان بووم. لێوەکانم وشک هەڵاتبوون، وەلێ تاقە ئومێدێك لە دوورەوە بەکزی خۆی دەنواند.

ئای خوایە گیان!

کاتێك لەسەر یەك زەنگی دەرگای ماڵەکەم لێ دەدرا، شڵەژام. وتم حەتمەن ژنی دەرمانخانەکە حەپەکانی هێناوە. بەڵام من تەلەفونم کرد؟ بیرم نایەتەوە. ئەگەر ئەو نەبێت خاوەن ماڵەکەیە و هاتووە بۆ کرێکەی. وەك منداڵێك کە تازە فێری گاگۆڵکێ دەبێت تا لای دەرگاکە خۆم کێش کرد. هەر لەگەڵ دەرگاکەم کردەوە کچێکی جوانی داپۆشراوم بەدی کرد. حەڤدە یان هەژدە ساڵێك دەبوو. ڕووناکی لێ دەبووەوە.

ئاە خوایەگیان! کەسی ئەوەندە جوان و کاریگەرم نە لە ژیانمدا دیوە و نە لە گۆڤار و تەلەفزیۆنەکاندا بەرچاوم کەوتووە. وەستانەکەی وەستانێك بوو سنووری جوانی تێپەڕاندبوو، مرۆڤی مەست دەکرد و وزەی پێدەبەخشی. وەك ئەوەی سیحری لێ کردبم بە واقوڕماوی سەرنجم دەدا.

پێش ئەوەی من پرسیار بکەم بە دەنگێکی شیرین کە مرۆڤی هێور دەکردەوە و ئارامی دەبەخشی، وتی:

– تۆ داوای دەرمانت کردووە، وا نیە؟

- بەڵێ..

- من دەرمانێکی مەعنەویم بۆ هێناویت کە زامەکانت تیمار دەکات.

- فەرموو وەرە ژوورەوە!

- کاتم نیە. هەر دەبێت ئێستا بگەڕێمەوە. بەڵام سوپاست دەکەم. دەزانیت، تۆ ژیانی منت ڕزگار کرد و قەرزارتم. دەستم بدەرێ با ماچی بکەم.

دانەویەوە و دەستمی گرت. ئاە خوایە گیان! چەند جوان بوون ئەو دەستانە. ئاسەواری پیسی و گوناهیان پێوە نەبوو. دەتووت ئاوێنەیەکی سافە و ڕووناکی دەداتەوە. تا دەهات پتر سەرم سووڕدەما. وتی:

- بیرتە؟ چەند ساڵێك لەمەوپێش لەسەر ڕێگەکەتدا ڕووداوێکی هاتوچۆ ڕووی دابوو. کچێکی خوێناوی لە کەناری ڕێگەکەدا کەوتبوو. ئەو کچە بریندارەت کردە سەیارەکەتەوە و بردت بۆ خەستەخانە. بەرپرسانی نەخۆشخانەکە ئامادە نەبوون وەری بگرن چونکە بیمەی کۆمەڵایەتی نەبوو. تۆش پارەی چارەسەرییەکەت دا.

- بەڵێ، بیرم دێتەوە. چیم پارە پێبوو دام.

بە سەرسوڕمان و عاجباتیەوە لێم پرسی:

- ئەی تۆ چۆن ئەمانە دەزانی؟

– من ئەو کچەم. ژیانی منت ڕزگارکرد. زۆر هەوڵمدا بتدۆزمەوە و بتبینم.

کەمێك خۆم کۆکردەوە، بەڵام هێشتا لە سەرسووڕماندابووم. وتم:

– تۆ کێیت؟

وەڵامی نەدامەوە. پاکەتەکەی دەستی پێدام. وتی:

– ئەم کتێبە وەکو دەرمان وایە. منیش یەکێکی ناو ئەم کتێبەم. ڕاستتر بڵێم من لە پلەی چوارەمی ژیاندا دەژیم کە لەم کتێبەدا باس کراوە. نائومێد مەبە لە خوا. دەوا دەدات بە دەرد و شیفا دەدات بە نەخۆشی و بەندەی تەنگاوی خۆی ڕزگاردەکات.

دیسان دەستی گرتم و، وتی:

– خوا ئاگای لێت بێت! هەمیشە دوعات بۆ دەکەم.

پشتی هەڵکرد و بەپەلە بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوت. منیش بەخێرایی کەوتمە شوێنی. قیژاندم:

– مەڕۆ توخوا!

هێشتا دوو پلە سەرکەوتبووم کە ڕووبەڕووی کچی خاوەنماڵەکەم بوومەوە. ئەو بۆ ژێرزەمینەکە دادەبەزی. بە شڵەژاوی و سەرسووڕمانەوە هاوارم کرد:

– ئەوە بۆ کوێ چوو ئەو کچە؟

– کام کچ؟

– تۆزێك پێش ئێستا سەرکەوت، حەتمەن تۆ دیوتە.

بە سەرسووڕمانەوە وتی:

- من کەسم نەدیوە. وا دیارە زۆر نەخۆشیت.

کتێبی مەکتوبات و سەعیدی نوورسی:

لەجێی خۆمدا وشک بووم. بەڵێ، من نەخۆش بووم. زۆر بێ هێزبووم، بەڵام خوای گەورە هەلێکی خستبووە بەردەمم.

ئەو کچە کێ بوو؟ خەڵکی کوێ بوو؟ چ کتێبێکی هێنابوو؟ یانی چی ئەو لەناو ئەو کتێبەدا دەژی؟

وەك ئەوەی لە هۆش خۆم چووبم لەسەر زەوییەکە پاڵکەوتم. دەبوو بە مێشکێکی سافەوە لێکدانەوە بۆ ئەم ڕووداوە بکەم و لە ماناکەی بگەم.

دەبوو لە کوێوە دەستم پێبکردایە؟

سەرەتا پاکەتەکەم کردەوە. کتێبێکی تێدا بوو. کتێبێکی بەرگ سووربوو بەناوی (مەکتوبات)[1]. سەعید نوورسی نووسەرەکەی بوو...

بەڵێ، ناوێکی وام بیستبوو. پەیامەکانی نوور و سەعید نوورسیم لە دایکمەوە بیستبوو. کچەکە پێی وتم: " من لەناو ئەم کتێبەدا دەژیم ". چونکە کتێبەکە تەفسیری قورئان بوو نەمدەتوانی دەستی

---

[1]- مەکتوبات بەرگی دووهەمی سەرجەمی پەیامەکانی نوورە و لە دانراوەکانی زانای گەورەی کورد سەعیدی نوورسی یە. مامۆستا فاڕووق ڕەسووڵ یەحیا کردوویەتی بە کوردی (وەرگێڕ)

بۆ ببەم. من چەپەڵ و گوناهباربووم. دەبوو هەستم و خۆم بشۆم و دەستنوێژێك بگرم، ئنجا بیگرمە دەستم.

ئاە خوایەگیان! دەستنوێژ گرتن؟؟ ئەو هەستە شیرینە بە گشت گیانمدا بڵاوبوویەوە و بردمی بۆ هەرێمی مەعنەوی و ئارامی خۆی.

دەستنوێژگرتن و پاکبوونەوە.. ئاخ خۆزگە هەموو شتێك ئەوەندە ئاسان دەبوو! دەستنوێژێك ئەم هەموو تاوانە چۆن بشواتەوە؟

نازانم لە کەیەوە دەستنوێژم نەگرتووە. ئەوە هیچ کە ساڵانێکە نوێژم نەکردووە. من لە کوێ و پەرستش لە کوێ؟..لەمێژبوو لە بیرم چووبوونەوە. هەستامە سەرپێ. دەتووت بیرۆکەی دەستنوێژگرتن سەرلەنوێ گیانی پێداومەتەوە. کە چوومە بەر دەستشۆرەکە هەموو گیانم دەلەرزی. هەرکە دەستم خستە بەر ئاوی بەلوعەکە شتێکی سەیرم بەسەرهات. دەتووت ئەوە ئاو نییە، بەڵکو دەرمانێکە بۆ لابردنی ئازارەکانم. ئەو ئاوەی دەیدا لە دەستم پیسیی ناخ و نائومێدیمی سڕییەوە. ئاە خوایەگیان! ئەمە ئەو ئارامییە بوو کە بە دوویدا وێڵ بووم. ساڵانێك خەونم بە بەختەوەرییەکی ئاواوە دەبینی. حەز و چێژێك دەڕژانە ناخمەوە کە لە هیچ جێیەکی تر دەستم نەکەوتبوو.دەستنوێژم گرت. کتێبەکەم گرت بە دەستەوە و لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە. بڕیارم دا لە سەرەتاوە بیخوێنمەوە. کتێبەکە

بە مەکتووبی یەکەم دەستی پێدەکرد. لە یەکەم لاپەڕەیدا پرسیارێک هەبوو:

" ئایا حەزرەتی خضر – دروودی لەسەربێت – لە ژیاندا ماوە؟ ئەگەر ئێستا لە ژیاندایە، ئەدی بۆچی هەندێ زانای بەڕێز دان بە ژیانیدا نانێن؟

وەڵام: حەزرەتی خضر لە ژیاندایە. بەڵام دەبێت بزانرێت کە ژیان پێنج پلەی هەیە، ئەو لە پلەی دووهەمیاندایە. هەر لەبەر ئەوەشە کە هەندێ کەس لە زانایان گومانیان لە ژیانیدا هەیە.

چینی یەکەمی ژیان: ئەم ژیانەی ئێمەیە، کە پابەندی چەندین هەلومەرجی تایبەتیە.

چینی دووەمی ژیان: پلەی ژیانی حەزرەتی خضر و ئیلیاس – درووديان لەسەر بێت – کە بەتەواوی پابەندی ئەو هەلومەرجانەی ژیانی ئێمە نییە و هەندێ سەربەستی تێدایە. واتە دەتوانن لەیەک کاتدا لە چەندین جێی جیاجیادا ئامادەبن و، لە خواردن و خواردنەوەشدا – هەر کات بیانەوێت – سەربەستن.

چینی سێهەمی ژیان: پلەی ژیانی حەزرەتی ئیدریس و حەزرەتی عیسایە (سەلامی خوایان لەسەر بێت). ئەم چینەی ژیان، لەبەرئەوەی بەتەواوی خۆی لە پێداویستییەکانی ژیان داماڵیوە و ڕۆشتووەتە ناو ژیانێکی مەلائیکەت ئاساوە، ئەوا ناسکی (نوورانێتی) ی لەم ڕێیەوە بەدەستهێناوە.

چینی چوارەمی ژیان: ژیانی شەهیدانە، کە لەچاو ژیانی مردووانی گۆڕستاندا گەلێ بەرز و بڵندترە، وەك بەدەقی قورئانی پیرۆز چەسپاوە.. ئەوان بەخۆیان نازانن کە مردوون، بەڵکو لایان وایە بەرەو جیهانێکی باشتر گواستوویانەتەوە. لەبەرئەوە، تام و چێژ و بەختەوەری تەواو لەو ژیانەیان دەبەن.

چینی پێنجەمی ژیان: ژیانی (ڕۆحانی) ی و مردووانی گۆڕستانە.

کاتێك ئەمەم خوێندەوە مووچڕکەیەك بە گیانمدا هات. کچەکە پێی وتم:" من لە چینی چوارەمی ژیاندا دەژیم کە لەم کتێبەدا باسکراوە".کەواتە ئەو کچە شەهیدێك بوو.

دەبوو ئەو کچە فریشتە ئاسایە بدۆزمەوە:

ئاە خوایە گیان! واتە ئەو کچە هەرەجوانەی کەمێك پێش ئێستا لای من بوو شەهیدێك بوو؟ کەواتە شەهیدان وا دەزانن مردوون.. بەڵام ئەوان لەناوماندا دێن و دەچن! بەئیزنی خوا یارمەتی بێچارەکان دەدەن.

ئەمە زۆر مەزن بوو.. خوایەگیان، مێشکم تێکەڵ و پێکەڵە. کاتێك هات پرسی:" تۆ داوای دەرمانت کردووە؟". منیش تەلەفونم کردبوو بۆ دەرمانخانە دەرمانم بۆ بنێرن. کەوایە پێویستە خاوەنی دەرمانخانەکە ئاگای لەم ڕووداوە هەبێت.

خێرا دەستم دایە تەلەفونەکە. لەوانەیە سەبریە خان لە دەرمانخانەکەوە ئەو کچەی ناردبێت. هیچ نەبێت پێی دەوتم ئەو کچە فریشتەیە کێ بوو.. یارمەتی دەدام ئەم ڕووداوە پڕ نهێنییە شیبکەمەوە.

هەر کە تەلەفونەکەی هەلگرت بەپەلە وتم:

- تۆ حەپت بۆ من نارد خوشکێ؟

- نەخێر نیلۆفەر خان. تۆ داوای دەرمانت لە من کردووە؟

سەرم لێ شێوا و نەمزانی چی بلێم. بیریشم نایەت چیم پێ وت.

سەبریە خان وتی:

- تۆ حالت باش نیە، پێویستیت بە یارمەتی هەیە؟

هیچم نەدەبیست. تەنها بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو کچە چۆن دەیزانی من دەرمانم دەوێت. وەلامی خۆمم ئاوا دایەوە:" شەهیدان دەزانن. ئەوان کەسانێکی باشن کە لە ڕێی خوادا مردوون".

ئەگەر ئەوەی کچەکە وتی ڕاست بێت من بە برینداری گەیاندمە خەستەخانە. ئایا دوای ئەوە شەهید بووە؟ ئەی خێزانی ئەم کچە لە کوێ یە؟

دەبوو زانیاری لەسەر ئەو کچە فریشتە ئاسایە پەیدابکەم کە لەناکاو هاتە ژیانمەوە و لە مردن ڕزگاری کردم. ئەوکاتە دەمتوانی بزانم کێیە و چ کارەیە. لەوانەشە خێزانەکەیم بدۆزیبایەتەوە و پرسیارم لەوانیش بکردایە.

باشە، دەبوو لە کوێوە دەست پێبکەم؟ کەوتمە بیرکردنەوە لەمە. دەبوو شوێنەواری کچێك بدۆزمەوە کە ساڵانێك لەمەوپێش بە برینداری گەیاندوومەتە نەخۆشخانە. ئەو ڕۆژی ڕووداوی هاتوچۆیەم زۆر باش لەبیرە. ساڵڕۆژی لەدایکبوونم بوو. ساڵ و ڕۆژی ڕووداوەکە دەزانم. کەواتە پێویستە بچم بۆ نەخۆشخانە و لە تۆماری نەخۆشەکانی ئەو ڕۆژە بڕوانم. لەوانەیە سەرەداوێکم چنگ بکەوتایە.

ئەو شەوەم تا بەیانی بەزۆر ڕاکێشا. چەندەها مانگ بوو ئەوە یەکەم جار بوو شەوێك بێ ئازار و ژان بەسەربەرم، چونکە هەموو خەیاڵم لای ئەو کچەبوو. دیمەنی جوان و سەرسامکەری بۆ ساتێك لە چاوانم ون نەدەبوون. وەك بڵێی ئەگەر لێی بکۆڵمەوە ئیتر دەیدۆزمەوە و پێی شاد دەبم. ئەم باوەڕە بەرگرییەکی لەڕادەبەدەری پێدابووم.بەیانی زوو سەردانی دەرمانخانەکەم کرد. کاتێك سەبریە خان بینیمی شڵەژا. وتی:

– خێرە نیلۆفەر خان، تەلەفونت کرد و باسی دەرمانت کرد، ئنجا خەتەکە بچڕا. هیچ تێنەگەیشتم. حەتمەن تەلەفونەکەشت بە کراوەیی جێهێشتووە، بۆیە هەرچی پەیوەندیم دەکرد داخرابوو. پێویستیت بە دەرمان بوو؟

– نەخێر.

– ماشەڵڵا ئەمڕۆ باش دیاریت نیلۆفەر خان.

– بەڵێ، ئەمڕۆ کەمێك باشترم.

کەمێك پارەم بەقەرز لێ وەرگرت. بەڕێکەوتم بەنیازی ئەوەی بچم بۆ نەخۆشخانەکە. ئەو ڕووداوەی بەسەرم هات ئەوەندە کاری لێ کردبووم بیرم لە هیچی تر نەدەکردەوە. هیچ شتێکی تر سەرنجی ڕانەدەکێشام. دەمویست چی زووە بزانم ئەو کچە کێیە، بەشکم جارێکی تر بمتوانیایە بیبینمەوە.

بەشی شەشەم

یەکێك

لە دۆستانی خوا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabari.org

چووم بۆ نەخۆشخانەکە، بەلام نەمدەزانی چۆن و لەکوێوە دەست پێبکەم. پێویست بوو نهێنی ڕووداوێك کە دە ساڵ لەوەوپێش ڕووی داوە هەڵبدەمەوە. کێ دەبووە یارمەتیدەرم لەم هەموو ئەرەبالغییەدا؟

چووم بۆ پرسگەکە. بەکورتی بۆم باسکرد. بەلام کارمەندەکە نەك یارمەتی نەدام، بەڵکو هەر گوێشی لێ نەگرتم..

تێگەیشتم کە دەبێت کەسێکی بەرپرس بدۆزمەوە و لە ڕێگەی ئەوەوە کارەکە جێبەجێ بکەم. بەلام بەداخەوە یەکێکیان مۆڵەتی وەرگرتبوو، یەکێك لەوێ نەبوو، یەکێکی تریشیان وتی کە کاری زۆری هەیە و ناتوانێت یارمەتیم بدات. وردە وردە خەریك بوو ئومێدم نەدەما.

لەم سەروبەندەدا چاوم بە خانمێك کەوت لە ڕاڕەوەکەوە بەهێواشی بەرەو ڕووی من دەهات. هەر لەگەڵ یەکەم بینیندا چووە دڵمەوە. ڕوخساری نوورانی و شیرین بوو. هەستم بە نزیکی و متمانە کرد بەرامبەری. بیرم کردەوە کە لەوانەیە یارمەتیم بدات.

کە بەلامدا تێپەڕی و هەستی کرد سەیری دەکەم، وەستا. نیگا شیرینەکانی هاتنە سەر چاوم و زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوی. ئەوەندە کاریگەربوو یەکسەر ناخمی گەرم کردەوە و ئارامی تێرژاندم.

وەك ئەوە وابوو دوای ساڵانێك جودایی بە کەسێکی خۆشەویستم شادببمەوە. وەستا، پێش ئەوەی من هیچ بڵێم وتی:

– مەرحەبا. لەوانەیە غەریبە بیت و بتەوێت داوای یارمەتیم لێ بکەیت.

دەتوت دڵم دەخوێنێتەوە. لێی نزیك بوومەوە. دەستم درێژکرد و خۆم ناساند. لەپڕێکدا گلێنەی چاوی بچووك بۆوە، وەك ئەوەی بۆ جێیەکی دوور بڕوانێت. پاشان وتی:

– تۆ ئەو نیلۆفەر خانە بەناوبانگە نەبیت؟ ئەو کچەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا وێنەکەی دەبینین..

– بەداخەوە من ئەوم کە ئاوا بێچارە و بێ کەس کەوتووم.

دەستمی گرت. لە ناخی دڵیەوە وتی:

– نافەرموویت؟ ژوورەکەم لێرەدایە. قاوەیەك دەخەمە خزمەتتان.

چووینە ژوورەکەیەوە. دکتۆری منداڵان بوو. شووی کردووە و دایکی دوو منداڵە.

بە چەپەڵییەکانی ژیان پیس نەبووبوو. کاتێك لە ڕوخساری پاکی ئەو خانمەم دەڕوانی دەچوومەوە قاوغەکەی خۆم و بێزم لە خۆم دەکردەوە. لە خەیاڵمدا بەراوردی نێوان شاجوانێکم دەکرد کە ئێستا نەخۆشە و لە گۆشەیەکدا تووڕدراوە، لەگەڵ ئەو خانمە دکتۆرەدا. خۆزگە ژنێکی ناشیرین بوومایە و خاوەنی خێزان و منداڵی خۆم

بوومایەوە و بەحەیای خۆمەوە بژیبامایە، نەک ئەوەی جوانی سەرزاران بم و کە لەکارکەوتم تەنیا جێم بهێڵن. منێک کە هەمیشە سەرم کز و دڵم شکاو و تەنیا و بێچارەم، سوودم بۆ کێ دەبێت؟

بە پرسیارێکی ئۆزلەم خان هاتمەوە هۆشی خۆم. پێم وت کە بۆ چی هاتووم. باسی ئەو ڕووداوەم بۆ کرد کە شۆکی کردووم و سەرلەبەری ژیانمی گۆڕیوە.

لافاوی هەستێکی ڕاستەقینە:

من دەمگێڕایەوە و هۆن هۆن فرمێسک لە چاوی ئۆزلەم خان دەهاتە دەر و بەسەر ڕووی ڕووناکیدا دەهاتە خوارەوە. زوو زوو لەبەر خۆیەوە دەیووت:" خوایەگیان، تۆ چەند گەورەیت! ". وتی:

- کەواتە (مەکتوبات) ی پێدایت ها؟!

باوەشی پێدا کردم. ڕوخساری تەڕ بووبوو. سەرمان نایە سەر شانی یەک و تێر تێر گریاین. نەمدەزانی بۆچی هەر کە ناوی (مەکتوبات) ی بیست ئەوەندەی بەلاوە سەیربوو. وتی:

- پیرۆزباییت لێ دەکەم خوشکم. تۆ خەزێنەیەکت دیوەتەوە. تۆ دوای هەموو ئەو تاوانانە هێندە بەکوڵ داوای ڕزگاربوون و ڕازیبوونی خوات کردووە، خوای گەورە ئەو هەموو ڕووداوە پڕ نهێنی و داناییانەی خەڵات کردوویت.

بەڕاستی پیرۆزباییت لێ دەکەم. ئیشەڵڵا ئەم ڕووداوە دەبێت بە کۆتایی ژیانی خراپەت و سەرەتای ژیانی پڕخێر و بەختەوەریت. دەبیت بە مرۆڤێکی نموونەیی، لەوانەی پەشیمان دەبنەوە و ڕێی ڕاست دەگرن. هەزاران جار پیرۆزباییت لێ دەکەم. تۆ بەم دڵسۆزییەتەوە بەر ڕەحمەت و بەزەیی و میهرەبانی خوا کەوتوویت.

بە دەستەکانی چاوی سڕیم. کاتێك باوەشی پێدا دەکردم هەستێکم بۆ دروست دەبوو کە لە دوای مەرگی دایکمەوە لێم ون بووبوو. یەکەمجارم بوو نەناسیاوێك وەکو دۆستێك و خوشکێکی گەورە یان وەکو دایکم خۆشەویستیم بۆ دەربخات و لەدڵەوە لەگەڵم هەڵسوکەوت بکات.

لەو کاتەدا دەرگا کرایەوە و پیاوێکی جوانخاس و ڕێکپۆش لەگەڵ منداڵێکدا هاتنە ژوورەوە. دەستی یەکیان گرتبوو. پیاوەکە وتی:

– داوای لێبوردن دەکەم، نەمدەزانی میوانت هەیە. ئێمە دواتر دێینەوە.

دەرگاکەی داخست.

خانم دکتۆر وتی:

– مێردەکەمە. ناوی مەتینە. کاردیۆلۆجیستە، واتە پسپۆڕ لە بواری دڵ و دەماردا. ئەو منداڵەی لەگەڵی بوو کچمە و ناوی ئەلیفە.

ئاە خوایەگیان! زۆرم ئێرەیی بە خاتوو ئۆزلەم برد. چ شتێك جوانتربوو لە خێزانێکی بچکۆلانە؟ لە ڕۆڵەیەك کە پێت بڵێت "دایە"؟ من لەوە زیاتر چی ترم دەویست خوایە گیان؟

بەدەستی خۆم ئەو جوانییەی کە خەڵاتی خوایی بوو لە خۆمم کرد بە بەڵا. ئەمێستا ئەو جوانییە منی کردبووە ناشیرینترین مرۆڤ.

ئەو ڕاستیانەی سەرسامیان کردم:

لەگەڵ خانم دکتۆردا کەوتینە لێکۆڵینەوە. بەنیازبووین چارەنووسی کچێك بزانین کە ساڵانێك لەوەوپێش بە برینداری هێنابووم بۆ ئەو نەخۆشخانەیە. بەم شێوەیە دەمانتوانی تاڕادەیەك ڕاز و نهێنی ڕووداوەکە شیبکەینەوە.

خوا لە ئۆزلەم خان ڕازی بێت. دوو ڕۆژی ڕێك هەوڵی لەگەڵ دام. ئاسان نەبوو جیاکردنەوە و ساغکردنەوەی تۆمارە پەرش و بڵاوەکانی ئەرشیف. لەکۆتاییدا ئەوەمان دۆزییەوە کە بەدوایدا دەگەڕاین، بەڵام بە تەواوی سەرسامی کردین.

ئەو شۆکە دنیای منی سەرەوژێر کرد. گشت نائومێدی و شکاوی دڵمی هەڵکۆڵی و فڕێی دا. هەرگیز ئەو ساتەم لەبیرناچێت...

تومەز ئەو کچە بریندارە دوای دوو ڕۆژ لە خەستەخانەدا کۆچی دوایی کردووە. واتە ئەو کچەی وەك خۆر هاتە بەردەرگام و ژیانمی

ڕووناک کردەوە مردبوو. بەداخەوە نەمانتوانی ناونیشانی خێزانەکەی لەناو تۆمارە جەنجاڵەکاندا بدۆزینەوە.

ئەی خوای میهرەبان ئەمە چ ڕووداوێکی پڕ نهێنییە؟ ئەمە چ کارێکی ناسک و پڕ حیکمەتە؟

کەواتە شەهید بوویت و نەمردوویت و لەناوماندا دەژیت. کەواتە تۆ ئەو چاکە گچکەیەی منت لەیاد نەکرد و لە پێویستترین کاتدا و لەو ساتەدا کە دەمویست خۆم بکوژم، هاتی بە هانامەوە.

" ئەی کچە شەهیدەکە! منیش کچی شەهیدێکم. توخوا بەتەنیا جێم مەهێڵە. تکایە دەستم بگرە. تکایە ڕزگارم بکە، ئەمڕۆش زۆر پێویستیم بە یارمەتی تۆیە".

لانەیەکی پڕ ئاسودە:

ئۆزلەم خان بردمیەوە بۆ ماڵی خۆی. دەتووت هێلانەی ئارامی و بەختەوەرییە نەك خانوویەکی سادە. کەشوهەواکەی مرۆڤی تێردەکرد و دڵنیایی دەبەخشی. دەتوت ژن و پیاو و منداڵەکان بوونەتە یەك دڵ. لە کردار و گوفتاریان لەگەڵ یەکتریدا خۆشەویستی و ڕێز دەتکا.

من ژیانێکی پڕ لە عەنتەنە و تەنتەنە ژیام. چەپڵەی زۆرم بۆ لێ درا و فرە ستایش کرام. پارەی زۆر نرایە بەردەستم. چەندەها دۆست و هاوڕێ بەدەورمەوە بوون و چاوەڕێی فەرمانم بوون. لە جوانترین خانوو و ڕازاوەترین ئوتێلەکاندا ژیام. بەڵام لەو ژینە بریق و باقەدا لە

هیچ جێیەك چاوم بە وەها پێکەوەژیان و دڵنیاییيەك نەکەوتبوو. لە هیچ شوێنێکی تر هەوای وا پاکم هەڵنەمژیبوو.

کەواتە دەرکەوت نهێنی بەختەوەری لە چەپڵە و شۆرەت و پارە و ڕابواردندا نییە. بەختیاری ڕاستەقینە لە ڕێز و نرخاندن و خۆشەویستیدایە لەبەر خوا.

زۆر باش لەمە تێگەیشتم، بەڵام تازە درەنگ بوو. چونکە ڕێگەیەکم گرتبوو کە هاتنەوەی نەبوو.. واتە بەهارم دۆڕاند و خەزان و زستان هاتنە بەردەرگام. ژیانی لاویم لە ڕاکردن بەدوای ناوبانگدا بەهەدەر چوو.

مێردە تێگەیشتووەکەی خانم دکتۆر منداڵەکانی برد و ئێمەی بەتەنیا جێهێشت. دوو ئافرەت پێکەوە ماینەوە. ئۆزلەم خان دڵنەوایی دەدامەوە و لە هەندێك کتێب چەند بڕگەیەکی بۆ دەخوێندمەوە و هەوڵی دەدا ئومێد و بەرگریم زیادبکات.

ڕووداوێکی دەگمەن:

ئۆزلەم خان باسی ڕووداوێکی ژیانی خۆی بۆ کردم.

ئای خوایەگیان! چ چیرۆکێکی پڕ پەند و عیبرەت بوو!

- دایك و باوکم کەسانی دیندار نەبوون. تەنانەت هیچ خۆشییان لە دینداران نەدەهات. منیش لە خێزانێکی دوور لە دیندا گەورەبووم. هیچم لە دین و ئیمان نەدەزانی.

یەك ئامانجم هەبوو لە ژیانمدا: بەدڵی خۆم بژیم و بەختەوەربم. زۆر دەوڵەمەندبووین. بە کەیفی خۆم پارەم تەخشان و پەخشان دەکرد. چیم بەدڵ بووایە دەمپۆشی و حەزم لەکوێ بووایە دەچووم. هیچ بەربەست و یاساغێك لەبەردەممدا نەبوو. یەکێك پێی بوتمایە فلان کارت پێچەوانەی بەهاکانی کۆمەڵگەیە. پێم دەوت کەس پەیوەندی بە ژیانی منەوە نیە و من ژیانی خۆم دەژیم!

لە ژیانی کەیف و سەفا و ڕابواردندابووم کە مەتینی مێردمم ناسی. ئەویش وەکو من شوێن چێژ و خۆشی کەوتبوو و بەدڵی خۆی پارەی خەرج دەکرد. هەردووکمان لە کۆلێجی پزیشکی وەرگیراین و بووین بە دەستگیرانداری یەك.

وتمان:" دەگەڕێین و وڵاتێك نامێنێت گەشتی بۆ نەکەین. هەموو شوێنە مێژوویی و گەشتیارییەکانی دنیا دەبینین و لە چ جێیەك ڕابواردن و سەرگەرمییەك هەبێت ئێمە لەوێ دەبین. گشت شارە جوانەکانی جیهان تاقیدەکەینەوە.."

دنیا بۆ ئێمە شاری خەونەکان بوو، جێی کەیف و سەفابوو. مەیدانێك بوو تێیدا بتوانین بە کامی دڵی خۆمان بژین.

جارێکیان لە شارێکی گەشتیاری لەگەڵ چەند ناسیاو و برادەرێکدا ڕاماندەبوارد و خۆشمان دەگوزەراند. سەرخۆش بووبووین بە ژیانی دەوڵەمەندی و هەڵەخەرجی و زیادەڕەوی. هیچ شتێك بە

خەیاڵماندا نەدەهات. ئەوەی تەنها گرنگ بوو بەلامانەوە تامکردنی ژیان بوو.

لەکاتێکدا ئێمە وامان دەزانی زۆر بەختیارین، ئەو ڕووداوە ساماناکە ڕوویدا. زللەیەکی بەسوێی خوایی بوو ئێمەی هێنایەوە هۆش خۆمان و ژیانمانی گۆڕی.

من و دەستگیرانەکەم بەڕێدا دەڕۆیشتین کاتێک سلنگێک خۆی پێماندا کێشا. ڕووداوێکی زۆر ترسناک و مەترسیداربوو.

کاتێک لە نەشتەرگەری هێنامیانە دەر کەمێک هۆشم بەخۆم بوو. جاروبار گوێم لە دەنگی دەوروبەرم دەبوو. هەندێک کاتیش بەتەواوی هۆشم نەدەما. هەستم دەکرد لە بارودۆخێکی زۆر مەترسیداردام.

چەندەها مانگ نەشتەرگەری و تەداوی و ئەشکەنجە درێژەی کێشا. باوکم پارەی دنیای نابووە بەردەستی دکتۆرەکان، بەلام وتبوویان: " بەداخەوە حاڵی کچەکەتان زۆر مەترسیدارە. ئەم کاتانە زۆر گرنگە بۆی. ئێمە هیچ شتێکمان لە دەست نایەت. هەموو ساتێک دەکرێت هەموو شتێك ڕووبدات."

ئەم وتەیەی دکتۆرەکان وەك بۆمبێك لە مێشکمدا تەقییەوە. خۆ من هێشتا لە سەرەتای ژیاندام. من گەنج بووم، چۆن دەبێت بمرم؟ بەهیچ جۆرێك باوەڕم نەدەکرد.

من ناکرێت بمرم. من ناکرێت بچمە ئەو شوێنە تاریکەوە، ئەو گۆڕەوە.لەوانەی دەورووپشتم دەپاڕامەوە: " زۆر لە تەنیایی و مردن

دەترسم. تکاتان لێ دەکەم چارەیەك بدۆزنەوە. دەستم بەرمەدەن، مەمدەنە دەست مەرگ تکاتان لێدەکەم."

گەڕانەوە بۆ ژیانی ڕاستەقینە:

لەو کاتانەدا کە لاواز و کۆڵەوار و بێ چارەبووم بیرێك هات بە خەیاڵمدا. وتم لەوانەیە خوا دەرگای ئومێدم لێ بکاتەوە.

بە شەرمەزارییەوە کەوتمە پاڕانەوە لێی:" یارمەتیم بدە خوایە گیان! پەیمان بێت دەبمە بەندەیەك تۆ پێت خۆش بێت و هەرگیز لە ڕێگات لانەدەم. پەیمان بێت ئەگەر لەم جێگایە بێمە دەر ژیانم بگۆڕێت. هەوڵ دەدەم بەندەیەك بم شایانی تۆ."

منیش خۆم بۆ نەگیرا و دامە پڕمەی گریان و خۆم هەڵدایە باوەشی ئۆزلەم خانەوە. وتم:

– منیش دەمەوێت ڕزگارم ببێت. توخوا یارمەتیم بدە، منیش دەمەوێت ڕزگارم ببێت. دیسان کەوتینەوە فرمێسك ڕشتن. دەتووت ئەوە ژیانی منە کە دەیگێڕێتەوە. خانم دکتۆر بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەکەی:

– بە ئەندازەی ژمارەی بوونەوەران سوپاس بۆ خوا، کە هەر ئەوە ژیان دەداتە مردووان، داماوان ڕزگاردەکات و کەسی بێکەسانە.. ژیانێك و هەلێکی نوێی پێدام. لە نەخۆشخانە دەرچووم و بەپێی خۆم

هاتمەوەماڵەوە. تەنها بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن ببمە بەندەیەکی باش.

سەرەتا دەستگیرانەکەم مارەی کردم. چونکە لەوەوپێش بێ مارەیی پێکەوە دەژیاین. پاشان دەبوو داواکانی پەروەردگارم جێبەجێ بکەم، بەڵام چۆن؟ لە کوێوە دەست پێبکەم؟ هیچم نەدەزانی.

لە شوقەکەماندا پیاوێکی مامۆستا هەبوو. لەگەڵ ژنەکەیدا هاتبوون بۆ سەردانمان لە وەختی نەخۆشییەکەمدا. پاک و دینداربوون. پرسیاری دەستنوێژ و نوێژم لێ کردن. خوا لێیان ڕازی بێت یارمەتیدەرمان بوون.

چۆن دەتوانم ئەو یەکەم نوێژەت بۆ بگێڕمەوە؟

کاتێک چوومە سەر بەرماڵەکەم دڵم کەوتە لێدانێکی توند و وەختبوو هەپرون ببێت. ئەوەندە شەرم دایگرتم لە حزووری پەروەردگارمدا هەموو گیانم نیشتە سەر ئاو. هەرگیز ئەو ساتەم لەبیرناچێت کە نێوچاوانم نایە سەر بەرماڵەکە. دەمویست بگریم و بپاڕێمەوە و داوای لێبووردن بکەم. باوەڕ بکە فرمێسکەکانم بەرماڵەکەیان تەڕ تەڕ کردبوو.خوا لەو مامۆستایە و ژنەکەی خۆش بێت. بەدرێژایی شەش مانگ تا من بەتەواوەتی هەستامەوە سەرپێ بە بەردەوامی سەردانیان کردین. لە بابەتە ئیمانییەکاندا یارمەتییان داین و بۆیان ڕوون کردینەوە. ڕۆژانە وانەیان بۆ دانابووین.

من و مێردەکەم و دایکم زۆر سوودمان لەو ئامۆژگاری و وانانە وەرگرت.

هەزاران سوپاس بۆ خوای پەروەردگار. من و مێردەکەم و دایکم دەستمان کرد بە نوێژکردن و بەردەوام بووین لەسەر فێربوونی ئەرک و بەندایەتییەکان. تێگەیشتین کە بەختەوەری و چێژ و ئارامی ڕاستەقینە تەنها لە ئیماندایە، بەڵام بەداخەوە باوکم هیچ سوودێکی وەرنەگرت. سووربوو لەسەر کەللەڕەقی و گوێی نووقاند لە ئاستی ئەو حەقیقەتانەدا. نە وازی لە خواردنەوە هێنا و نە لە خووە خراپەکانی تریشی.."

ژیانی ئۆزلەم خان و چیرۆکەکەی زۆر کاریگەربوو لەسەرم. چونکە ئەویش وەکو من سەردەمێك لە گێژاودا ژیاوە. بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتووبووە و، خۆی لەو تاوانانە ڕزگارکردووە و بووەتە موسڵمانێکی نموونە و هۆشیار. منیش تەنها ئەم پرسیارەم لە خەیاڵدا بوو:" ئایا منیش دەمتوانی سەرکەوتووبم؟ ئایا دەکرێت دووبارە ژیان بچێتەوە بە بەر تەرمی ساردەوەبووی تەمەنمدا و جوانییەکانی ئیمان بەدەست بهێنم؟ "

لەدنیادا چی ڕووی دەدا:

ئۆزلەم خان بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەکەی:

- باوکم یەکێك بوو لە دەوڵەمەندترینەکانی شار. بازرگانیی ئالتونی دەکرد. ماڵ و موڵکی بەلاوە گرنگتربوو وەك لە بەندایەتی. بەداخەوە کۆتاییەکی زۆر ترسناکی هەبوو.

سەری داخست و دەستی بە دەمیەوە گرت. لێم پرسی:

- سەرەنجام چی بوو؟

- سوپاس بۆ خوا ئێمە چەند لە تواناماندا بێت هەوڵمان داوە بە دین و ئیمانی خۆمانەوە بژین. دەکۆشین ئەم ڕاستییانە بە کەسانی موحتاجی تریش بگەیەنین. بەڵام خەفەتی باوکمم قەت لەبیرناچێت. باوکم کۆچی دوایی کرد، بەڵام بە مردنێك کە لەزری بە جەستەدا دەهێنا و دڵی دەکرد بە ئاو.

باوکم یەك ئامانجی هەبوو: ببێت بە دەوڵەمەندترین. هەرچەندە یەکێك بوو لە بازرگانە هەرە زەنگینەکانی شار کەچی تێری نەدەخوارد. ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی دوکان و ئالتونەکانی زیادیان دەکرد و ئەویش تەماحی پتردەبوو. تا دەستی بکەوتایە ئەوەندەی تر برسیتر دەبوو. هیچ شتێك بەقەدەر پارە و ئالتون لای ئەو نرخی نەبوو. دین و ئیمان و بەها مەعنەوییەکان و ڕاستگۆیی و ئەخلاق شتانێك بوون کە لە دونیای ئەودا بوونیان نەبوو.

پێشتر هەستم بەوە نەکردبوو کە باوکم چەند دوورە لە بەها مرۆییەکان و تەنها بۆ پارەکانی دەژی. چونکە ئێمەش لە هەمان بیروبۆچووندا دەژیاین. دوای ئەوەی گەڕاینەوە هەستمان پێکرد.

دایکی ڕەحمەتیم زۆر لە باوکم دەپاڕایەوە: " بەسە ئیتر پیاوەکە. سوپاس بۆ خوا هەموو شتێکمان هەیە. ترنجاویت لەژێر ئەو هەموو پارە و ئاڵتونەدا. ڕۆژێك ئەم تەماحەت سەرت گوم دەکات. کەمێك لە خۆت بڕوانە. گوێ لە وتەی خواگیان بگرە. بیر لە ئەرکی بەندایەتی بکەوە. زۆر دڵتەنگ دەبم کە وا دەتبینم. خوا نەخواستە وا بڕوات ژیانی هەمیشەییت وێران دەکەیت.."

باوکم هیچ کات گوێی بەم قسانە نەدەدا و هەموو کەڕەتێکیش دڵی دایکمی دەشکاند و دەیووت:

– دیسانەوە شتی پڕوپووچ دەڵێیت ژنەکە..

من و مێردەکەشم جاروبار بە زمانی شیرین ئەم بابەتەمان بیری باوکم دەخستەوە و دەمانویست قەناعەتی پێبکەین ڕووبکاتە خوا و نوێژەکانی بکات. بەڵام سوودێکی نەبوو.. هیچ نەگۆڕا.

زۆر بێتاقەت دەبووم بەو حاڵەی باوکم. دەزانیت، کچان باوکیان زۆر خۆشدەوێت. باوەڕبکە چەندەها شەو لەسەر بەرماڵ دوعام بۆ کردووە و بۆی پاڕاومەتەوە و فرمێسکم ڕشتووە. دەمووت:" یا ڕەببی! باوکمم زۆر خۆشدەوێت. حەزدەکەم ئەویش هەست بە جوانی ئیمان بکات. تکایە ئەویش هیدایەت بدە. ئەگەر ئاوا بمرێت بەختەوەری هەمیشەیی لە دەست دەدات. من بەرگەی ئەمە ناگرم، تکایە یارمەتی بدە ".

باوکم هەر لە خوا نزیک نەدەکەوتەوە:

بەڵام ئەو هەر وەکو خۆی وابوو. چونکە گەوهەری ناخی باوکم بەجارێک ڕەش بووبوو. ئەو هەست و تێگەیشتنەی ون کردبوو. نەیدەتوانی لەو تەماحی سەروەت و سامانە خۆی بتەکێنێت و بگاتە هەرێمی مەعنەویەت.

ئا بەم شێوازە باوکم هەنگاو بە هەنگاو لەو مردنە ترسناکەی نزیک دەبووەوە. من و مێردەکەم و دایکم ئەمەمان بە باشی دەبینی کەچی خۆی کوێربووبوو لە ئاستیدا. وای دەزانی سەڵتەنەتێکی ئەبەدی دادەمەزرێنێت و بەردەوام بوو لەسەر گوناهەکانی.

لە کۆتاییدا ئەو ڕۆژە ڕەشانە هاتنە پێش کە لێیان دەترساین. باوکم لەناکاو تووشی جەڵدە بوو. هەموو هەوڵێکمان دا، وەلێ بێ سوود بوو. باوکم لە بەرچاومدا هەنگاو بە هەنگاو دەچووە دەمی مەرگەوە. بەتایبەتی دوا ساتەکانی، هەرکاتێک بیرم دەکەوێتەوە گشت گیانم لەرز دایدەگرێت. خوا ئەو دیمەنانە پیشانی کەس نەدات.

باوکم بە زۆر چەند وشەیەکی لە زار دەهاتە دەر و هەندێک کاتیش بە ئاماژە تێی دەگەیاندین چی دەوێت. من و مێردەکەم لە لایەکەوە و دایکم لە لایەکەوە هەوڵمان دەدا بەشکم شایەتومان بێنێت و داوای لێخۆشبوون بکات، کەچی بۆ یەک جاریش ناوی "خوا" بە زمانیدا نەهات. بە دیتنی ئەو دیمەنە دڵم دەبوو بە ئاو. خەریک بوو پەردەی چاوی دادەهاتەوە و کۆتا هەناسەی دەدایەوە، بەڵام هێشتا وشەیەکی

پیرۆز و دوعایەك لە زاری نەهاتبووە دەر. دەتوت دەمی قفڵی لێ دراوە. بچووکترین نیشانەی پەشیمانی و تەوبەی پێوە دیارنەبوو.

هەموو ئاڵتوونەکانم بهێنن بۆ ئێرە:

لەکاتێکدا ئێمە دنیامان لێ هاتبووەوە یەك و فرمێسکمان دەڕشت، بۆ ساتێك باوکم هاتەوە هۆشی خۆی و شتێکی وت کە هەموومانی سەرسام کرد:" بڕۆن لە دوکانەکانمدا چی ئاڵتون هەیە بیکەنە سندوقێکەوە و لامەوە داینێن."

من و مێردەکەم و دایکم لە هەمبەر ئەو داوایەوە سەرسام بووین و نەمانزانی چی بکەین. دایکم قیژاندی بەسەریدا: " چۆن داوای شتی وا دەکەیت پیاوەکە؟ تۆ لەسەر پێخەفی مەرگیت، هێشتا تێناگەیت؟ ئەوەی تۆ ئێستا پێویستتە تۆبە و پەشیمانییە. هیچ نەبێت لە سەرەمەرگدا بیر لەمانە بکەرەوە. ئیتر ئەم ڕۆیشتنەت هاتنەوەی لەدوا نییە. بە دەستی خۆت ژیانی هەمیشەیی خۆت دەڕووخێنیت. هیچ نەبێت لەبەر ئێمە و دڵمان مەشکێنە."

بەڵام باوکم گوێی لە نزا و تکای دایکم نەبوو. هەر هاواری دەکرد و دەیووت:" ئاڵتونەکانم.. ئاڵتونەکانم.. ئاڵتونەکانم بۆ بێنن.."

خوایە گیان! چەند ترسناك و بەئازار بوو! باوکم کە بەقەدەر گیانم خۆشمدەویست لە پێش چاومدا دەڕۆیشت. ژیانی دەکوژایەوە و تەمەنی تەواودەبوو. هەنگا و بە هەنگاو لە حزووری خوایی نزیك

دەبووەوە. بۆ تاقیکردنەوەی هەرە گەورە و لێپرسینەوەی مەزن دەڕۆیشت. بەرەو ئەو دادگاییە دەچوو کە تەنانەت وەلی و پیاوچاکان و سەحابەکان لێی ترساون و پەنایان بە خوا گرتووە لێی. کەچی ئەو هێشتا هاواری ئاڵتونەکانی دەکات!

هەنگاو بەهەنگاو لە کۆتایی نزیک دەبوویەوە:

لە کۆتایی دا بەرگەی ئەو هەموو هات و هاوارەی باوکمان نەگرت و ناردمان سندوقێك ئاڵتونی بۆ بێنن. بەداخەوە کۆتا داواکاری ئەوەبوو.. لە لایەکەوە من و لە لایەکەوە دایکم قورئانمان بەسەردا دەخوێندەوە، کەچی ئەو دەستی خستبووە ناو ئاڵتوونەکانی و دەیناڵاند: " ئاڵتونەکانم.. ئاڵتونەکانم.."

دەتووت پێیان دەڵێت:" تکایە وازم لێ مەهێنن. ئێوە باشترین دۆست و هاورێمن. من تەمەنێکم لەپێناو ئێوەدا بەسەربرد. هەنووکە دوا هەناسەم دەدەم. تکایە دەستم بگرن و مەمدەنە دەستی مردن".

باوکم لەپڕێکدا حاڵی خراپ بوو. هۆشی نەما و چاوی زەق بوو. لەگەل دایکمدا ڕامان کردە سەری. دایکم هاواری دەکرد:" بڵێ الله پیاوەکە، بڵێ الله.."

باوکم هیچ وەڵامێکی نەبوو. خیزە خیز لە قورگیەوە دەهات. دیاربوو ئەوە دوا هەناسەیەتی. بەو حاڵەشەوە هێشتا دەستی بەنێو ئاڵتوونەکانیدا دەگێڕا و هاواری ئاڵتونەکانی دەکرد. چاوی کرابووەوە و گلێنەکانی خەریك بوو دەهاتنە دەر.

ئاه باوکی من ئاه! هیچ گوێت لێ نەگرتین. خوات بیرنەکەوتەوە و تێنەگەیشتیت بۆ چی دەژیت.

ئۆزلەم خان بەدەم گریان و هەنسکەوە بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ پەند و عیبرەتەکەی:

– خۆم بۆ نەگیرا. چووم مامۆستا مورادم بانگ کرد کە وانەی دین و ئیمانی پێمان دەوتەوە. کەسێکی زانا و پیاوچاک بوو. خێرا هات بە دەممانەوە. کە بەو حاڵەوە باوکمی بینی زۆر سەرسام بوو.

دوا هاوارەکانی باوکم:

سورەتی یاسینی کردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی. بەڵام بینیم ڕوخساری مامۆستا گۆڕا و تێگەیشتم شتێکی خراپ خەریکە ڕوودەدات. بەپەلە چوومە لایەوە و پرسیم: " چییە مامۆستا؟ "

بەدەست ئاماژەیەکی بۆ کردم بە مانای: " دوایی پێت دەڵێم ".

باوکم گیانی دەدا. دایکم دەلاڵایەوە و تکای لێ دەکرد ناوی خوا بڵێت و شایەتومان بێنێت. کەچی ئەو دەستێکی نابووە ناو سندوقەکەوە و دەستەکەی تری بە هەموو هێزی بەرەو پێشەوە درێژکردبوو، هاواری دەکرد: " مەهێڵن بێن. دێن بمکوژن. سزام دەدەن. مەمدەن بە ئەوان، با نەیەن! "

هەرچەند بە گریان و فیغان بەزۆور سەریەوە بووین و داوامان لێ دەکرد شایەتومان بێنێت کەچی ئەو هەر هاواری دەکرد و دەیووت: "ئەوە هاتن، مەهێڵن بێن، مەمدەنە دەستیان."

نازانم چۆنی باسی ئەو ترسەی ڕوخساری و کەفی دەمی و هاتوهاواریت بۆ بکەم.

ئەوەش کۆتایی ژیانێک.. ئەوەش تەواوبوونی تەمەنێک.. وەرگرتنەوەی گیان لێمان.. لە ئەجەل و مەرگ و گۆڕ و پاشان لێپرسینەوە خۆدزینەوە و بەرتیل نیە. نە ئەجەل لەناو دەبرێت و نە دەرگای گۆڕ دادەخرێت. هەموو کەسێك بێ جیاوازی تێیدەچێت.

ئۆزلەم خان دەستە لەرزۆکەکانمی نایە دەستی خۆیەوە و وتی:

- نیلۆفەر خان، ناخۆشترین شتیش ئەوەبوو ئەو مامۆستایەی بانگمان کرد قورئان بخوێنێت، وەك بڵێی لە خواییەوە دەمی بەسترابێت نەیتوانیوە یەك ئایەت چییە بخوێنێت. واتە ئەگەر بەندە شایان نەبێت خوای گەورەش هیدایەتی نادات. سەرەتا پێویستە بەندە بیەوێت و ئامادەبێت.

ئەی خەونەکانی من چی لێدەهات:

خۆم پێڕانەگیرا و خۆم هاویشتە باوەشی ئۆزلەم خانەوە، بەدەم پڕمەی گریانەوە وتم:

– ئەی من، ئەی من چیم بەسەر دێت؟ من چی لەم هەموو گوناهە بکەم؟ چۆن بەم پیسی و چەپەڵی و تاوانەوە بچمە حزووری خوایی؟ چی بڵێم؟ هەمان کۆتایی چاوەڕێم دەکات؟ توخوا یارمەتیم بدە ئۆزلەم خان. دەستم بەرمەدە. ڕێی ڕاستم نیشان بدە. دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ پاکیزەیی و بێتاوانی. دەمەوێت تۆبە بکەم.

– مەترسە نیلۆفەر گیان. هەرگیز وازت لێ ناهێنم. دڵتەنگ مەبە لەگەڵتدام. گەر تۆ لە دڵەوە و بەکوڵ داوا بکەیت، بێگومان خوا دەست نانێت بە ڕووتەوە. ئەو هیدایەت دەبەخشێت بەوانەی دەیانەوێت. یەکێك لە دەرگانەی ئەو بدات بە دەستی خاڵی ناگەڕێتەوە.

ئەو شەوە ئۆزلەم خان زۆر گریا و منیشی گریاند. بەڵام شەوێك بوو کە هیوامی گەشاندەوە و هەستی شیرین و جوانی نایە دڵمەوە و ئارامی پێبەخشیم. خوای گەورە لەڕێی ئەو کچە شەهیدەوە منی گەیاند بە ئۆزلەم خان. منیش تەنها دەمویست ببم بە بەندەیەکی باش بۆ خوای پەروەردگار.

بەشی حەوتەم

بەدرێژایی شەو

لە خودا پاڕامەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabari.org

ئەو شەوە میوانی نۆزلەم خان بووم. بیرم نایەت لە ژیانمدا هیچ شەوێك بەقەدەر ئەو شەوە ئارام و ئاسوودەبوویم. شەوێك پڕ لە بەختەوەری و لێوان لێو لە شادی.. چەندەها مانگ دەبوو وا خۆش خەوم لێنەکەوتبوو.

بەدرێژایی ئەو شەوە تا بەیانی پارامەوە تا خوای گەورە لەم ژیانە جوانەم دانەبڕێت، بەڵام هێشتا لە سەرەتای ڕێدابووم. ڕێیەکی درێژ و ماندووکەرم لە پێشدابوو. ئەمە لە کاتێکدا تا دەهات ئازارم زیادی دەکرد. کاتێك بۆ نۆزلەم خانم باسکرد خێرا لە نەخۆشخانە خەواندمی. وەکو خوشکێکی گەورە ئاگاداریی لیّ دەکردم.

هەموو ڕۆژێك دەهات و تاقیبی چارەسەرییەکەمی دەکرد. دڵی دەدامەوە و (پەیامی بیماران)[1] ی بۆ دەخوێندمەوە. جگە لەوەش پارەی چارەسەری و نەخۆشخانەی دابوو.

کەواتە لەسایەی کەسانی باشی وەك نۆزلەم خانەوەیە کە تا ئێستا دنیا بەپێوە ماوە، ئەوانەی کە ژیانیان تەرخان کردووە لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورەدا...

١- پەیامی بیماران پەیامێکە لە سەرجەمی پەیامەکانی نوور لە دانراوەکانی زانای گەورەی کورد مامۆستا سەعیدی نوورسی یە. ئەم پەیامە: مەرهەم و دڵدانەوە و عەیادەت و ڕەچەتەیەکی مەعنەوی یە بۆ بیماران و نەخۆشان. مامۆستا فاورق ڕەسووڵ یەحیا کردوویەتی بە کوردی. (وەرگێڕ)

وەك هەموو ڕۆژێکی تر بەیانییەك هات بۆ لام. بە خەندەی شیرین و نیگای جوانی دڵمی خۆشکرد. دەستی هێنا بە قژمدا و وتی:

– مژدەیەکت پێدەدەم. سەیری ڕاپۆرت و تۆماری نەخۆشییەکەتم کردەوە. بەرەو باشتر دەچیت. ئیشەڵڵا بەتەواوەتی چاك دەبیتەوە.

دانیشت و پەیامی بیمارانی گرت بەدەستیەوە و بۆی خوێندمەوە. ئەو کتێبە بووبووە دەرمان و سەرچاوەی بەرگریم. ئەو ڕاستییانەی باسی دەکردن ئازارەکانمیان سووك دەکرد و سووکنایی‌یان پێدەدام.

نەخۆشێکی جێی پەند و عیبرەت:

لە نەخۆشخانەدا شایەتحاڵی ڕووداوێکی زۆر سەیربووم. چەند ژوورێك لەولاترەوە کچێك تووشی نەخۆشییەکی ترسناك بووبوو. تەمەنی هەژدە ساڵ بوو. زۆر جوان و نیان بوو. هێشتا لە بەهاری عومریدابوو.

نەخۆشییەکەی لە جۆرێك بوو پەند و عیبرەت بوو بۆ هەموو مرۆڤێك. من شێرپەنجەی ئێسقانم هەبوو کە لێرە و لەوێ دەبینرا و ڕووی دەدا. هەرچۆنێك بوو دەمتوانی لەگەڵیدا هەڵبکەم. لەوانەشە خوای گەورە ئەو نەخۆشییەی بۆ کەفارەتی گوناهەکانم ناردبێت، بەڵام ئەوەی ئەو کچە لە جۆرێك نەبوو مرۆڤ بەرگەی بگرێت.

نووشی شێرپەنجەی دەم بووبوو. ئەو خانانەی بەپرسیاربوون لە دەردانی لیك لەکارکەوتبوون. واتە دەمی وشك دەبووەوە و شەقار شەقار دەبوو. لێوی بەیەکدا دەنووسا و هەردەم خوێنی لێ دەهات. بۆیە هیچی بۆ نەدەخورا و بۆی قووت نەدەدرا.

ئەو تف و لیکەی خەڵك بێزی لێ دەکەنەوە و فڕێی دەدەن، بۆ ئەو نیعمەتێکی مەزن بوو. لە ئازاردا دەتلایەوە.

باوکی کچەکە زۆر دەوڵەمەندبوو. هەرگیز هاتوهاواریم بیرناچێت. دەیوت:" یارمەتیمان بدە یارەببی! ناچاری دڵۆپێك لیك بووین. بە سەروەتی ملیۆنیمەوە قەترەیەکم بۆ ناکڕێت و دەستەوسانم. چارەمان تەنها لای تۆیە خوایە گیان."

خوای پەروەردگارمان تۆ چەندە نیعمەت و ئەندامی بەسوودت پێبەخشیوین! تا لەدەستیان نەدەین هەست بە نرخیان ناکەین. هەموو ئەو شتانەی خوڵقاندووتن بەسوودن، هەتا ئەگەر تفێکیش بێت.بە ئەندازەی ژمارەی بەخششە خوایی‌یەکان سوپاس بۆ خوای میهرەبان کە توانیم وردە وردە بەسەر نەخۆشییەکەدا زاڵ ببم و بێمەوە سەر خۆم. لە ڕووی دەروونیشەوە زۆر زۆر باشتربووم.

یارمەتی و میهرەبانی ئۆزلەم خان ژیانێکی نوێی پێدام. وەکو منداڵێکی خۆی سەرپەرشتی دەکردم. سێ مانگ زیاتربوو ئۆزلەم خانم ناسیبوو. واتە سێ مانگ لە سایەی شەفەقەتی ئۆزلەم خاندابووم. بەڵام مادەم ئێستا هاتوومەتەوە سەر خۆم و باشتربووم،

پێویسته بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆم. وەلێ چۆن بگەڕامایەتەوە بۆ ئەو ژێرزەمینە تاریك و بێ هەوا و شێدارە؟ دەتووت زیندانە بۆ من. دەمتوانی بچمەوە ئەوێ و پارێزگاری لەم جوانی و ئومێدە بکەم؟ یان دیسان دەگەڕامەوە بۆ ژیانە پیس و ناخۆشەکەی جاران؟ ئەوانە شوێنگەلێك بوون جوانییان لێ سەندم و دڵ و ڕۆحمیان لەکەدار کرد. یادگارییەکانی ئەوێ کۆن و بەسەرچووبوون و هەرگیز نەمدەویست بێنەوە یادم.

دەبوو ئێستا من چیم بکردایە؟ نەمدەتوانی تا سەر ببمە بار بەسەر ئەم ماڵەوە. ڕاستە نەخۆش و بێ پارەبووم، بەڵام حەقی ئەوەم نەبوو ببمە ئەرك بەسەریانەوە.

لە کۆڵانێکی دەرنەچووداببووم. نیازم وابوو ئەم بابەتە لای ئۆزلەم خان بکەمەوە و مۆڵەتی ڕۆیشتنی لێ بخوازم. بێگومان ئەو ئەوەندە بەڕێزبوو هەرگیز نەیدەوت:" ئیتر هیچ نەماوە لە دەستی من بێت ". دەبوو من سەرەتا بیدرکێنم و داوای ڕۆیشتن بکەم.

ئەو شەوە مێشکی ماندووم بوو بە مەیدانی شەڕێکی بێ ئامان. لە کێشمەکێش و ڕاڕایی دا بووم. دڵم نەدەهات لەوە زیاتر ژیان لەو ماڵە تێکبدەم. کاتی خواحافیزی هاتبوو لە ماڵێك کە حەقیقەتەکانی ئیمانیان پێناساندم و بەدڵ و گیان بوونە کەسوکارم و دەرگای دڵ و ماڵی خۆیان بۆ من خستە سەرپشت. بەو جۆرە خۆم بۆ بەیانی ئامادە کرد. ئەو ڕۆژە لە خەستەخانە دەردەکرام و ئیتر سێ ڕۆژ

جارێك تەداویم بۆ دەكرا. بەڵام دیسانیش خەفەتم دەخوارد بە جیابوونەوە لەم فریشتەئاسایانە و ترسم هەبوو لە گەڕانەوەم بۆ نێو دنیای كۆنم.

خوای گەورە كەس لە تەنگانەدا جێ ناهێڵێت:

هەموو بەیانییەك بەوپەڕی تامەزرۆیی و شەوقەوە چاوەڕێی هاتنی ئۆزلەم خانم دەكرد، كەچی ئەو بەیانییە بێتاقەت و دڵگران بووم. وەك پیشەی هەموو جارێكی بە زەردەخەنەوە خۆی كرد بە ژوورەكەدا و نیگا جوانەكانی تێبڕیم. دەتووت فریشتەی ڕزگاركەرە. كە چاوم چووە سەر چاوی هەستم بە ئازارێكی بەسۆ كرد بەوەی كە لەوانەیە لەمڕۆوە چیتر ئەم مرۆڤە جوانە نەبینمەوە. بە گەرمی باوەشی پێداكردم. وتی:

- خێرە؟ بۆچی دەگریت؟ شتێكی خراپ ڕووی داوە؟

نەمتوانی بڵێم:" ئیتر وەختی خواحافیزییە. ئاگری دابڕان لە ئێوە دەمسووتێنێت." پێش ئەوەی من هیچ شتێك بدركێنم ئەو هاتە لامەوە و دانیشت و دەستی گرتم. وتی:

- دەزانم، ڕۆژانی زۆر ناخۆشت بەسەرهات. هەركەس ئەو ڕووداوانەی بەسەرهاتبا تووشی هەمان بێتاقەتی دەبوو. بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەوەتا تۆ باشیت. نەخۆشییەكەت بەرەو چاكبوونەوە دەچێت. ئیشەڵڵا جارێكی تر ئەو ئازارانە ناچێژیتەوە.

هیوام وایە لە ئێستاش باشتر بێت و هەڵسیتەوە سەر پێی خۆت. پشت بە خوا هەست بە تام و بەختەوەری بەندایەتی بۆ پەروەردگارت بکەیت.

بیرم کردەوە ئاخر چۆن؟ لەگەڵ کێدا؟ لە کوێ؟ من بەتاقی تەنیا ئەوانەم بۆ ناکرێت. من ئەوەندە بەهێز و خۆڕاگر نیم. دەترسام. زۆر دەترسام. دەترسام بگەڕێمەوە بۆ ئەو جێیەی لێوەی هاتووم..

پەتی خەیاڵمی بچڕاند و، وتی:

– مژدەیەکیشت دەدەمێ. لەگەڵ مێردەکەشم قسەم کرد، ناکرێت بەتەنیا جێت بهێڵین. نابێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو ڕۆژ و یادگارییە کۆنانە. بەنیازنین جارێکی تر بتدەینەوە بەو گورگە برسییانە. لە خۆمانت جیاناکەینەوە. ئێمە تۆ بە خوشکی خۆمان دەزانین و تۆش دەبێت ئێمە بە کەسی خۆت بزانیت. لەگەڵ مێردەکەمدا نۆرینگەیەکمان هەیە. وەکو پێشتریش پێم وتویت من دکتۆری منداڵانم و ئەویش پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ و دەمارە.. لەوێ میوانمان بە. هەم وەك سکرتێرێك کارمان بۆ دەکەیت و هەم لەو ژوورەدا دەمێنیتەوە کە بۆمان تەرخان کردوویت. ئەوێ جێگەیەکی گونجاو و ئەمینە. چیت پێویست بێت ئێمە بۆتی دابین دەکەین. واتە لەو ئەندێشەیەش ڕزگارت دەبێت کە وا خەیاڵ بکەیت دەبیت بە ئەرك بەسەر ئێمەوە..

چاوە جوانەکانی نایە سەر چاوم و، وتی:

- دەڵێی چی؟ گونجاوە بۆ تۆ؟

چاوەکانم داخست. فریسکی شادیم ڕیزیان بەست. شەپۆلێکی فێنك و نەرم بە هەموو بوونمدا تێپەڕی. بە ئەندازەی ژمارەی خانەکانی جەستەم سوپاسی خوام کرد. ئاە تۆ زۆر گەورەیت خوایەگیان! تۆ زۆر مەزنیت! دەچیت بە هانای بەندە زەبوونەکانتەوە. تۆ یارمەتیدەری نەخۆشان و بێکەسان و هەژارانیت. مەگەر دەکرا بەو پێشنیارە جوانە بڵێم "نەخێر" ؟ دەستەکانم لە ملی فریشتەکەم ئاڵاند. دەمویست بینێم بە دڵمەوە و ئامادەبووم لەبەر خاتری ئەو هەزاران جار بمرم. ئەم مرۆڤانە نوێنەری ڕاستەقینەی ئاشتی و مەردی یارمەتیخواز و فریشتەی چاکەکاربوون.هەنووکە لاپەڕەیەکی نوێ بۆ من کرابووەوە. ژیانێك پڕ لە جوانی و پەند. لەمەودوا دەبمە تاکێکی ئەو خێزانە نوورانییە. ئۆزلەم خان و مێردەکەی بە "خوشك" بانگیان دەکردم و منداڵەکان پێیان دەوتم "پوریێ".

دنیایەکی نوێم هەبوو. تەژی بوو لە هیوا، بە دۆستی وەفادار ڕازابووەوە، دووربوو لە مرۆڤگەلی ڕیاکار. لێرە مرۆڤەکان لەبەر خوا یەکتریان خۆشدەویست. ئۆزلەم خان هەموو شتێکی منی دابین دەکرد. هەمیشە دەستی پێمەوەبوو. بەتایبەتی هەوڵی دەدا باوەڕ و ئیمانم پتربێت و بمناسێنێت بە حزووری مەستکەر و کێشکەری خوایی. سەرەڕای ئەوەی ڕۆژانە زۆر ماندوو دەبوو، کەچی شەوان

وانە و دەرسی ڕێکدەخست. لەگەڵ مێردەکەیدا لە چەند کۆمەڵەیەکی خێرخوازیدا خۆبەخشانە کاریان دەکرد. قوتابخانە و بەشە ناوخۆییەکان بەشێک بوون لەوانە..

بێ بەرامبەر چارەسەری نەخۆشە هەژارەکانیان دەکرد و مانگانە مووچەیان بڕیبووەوە بۆ خوێندکارە کەمدەستەکان. کاتێک ئەمەشم لە ئۆزلەم خان و مێردەکەی بینی ئەوەندەی تر چوونە دڵمەوە.

لە سەردەمێکدا کە خەڵکی شوێن پارە کەوتوون و لە خەمی سەروەتدان و ڕادەبووێرن، ئەم دووانە هەموو کاتەکانیان بۆ خێر و پەروەردەکردنی لاوان تەرخان کردبوو. لە خڕبوونەوە و کۆبوونەوەکانیشدا بەدەم چا خواردنەوەوە باس لە بابەتە ئیمانی و مرۆیییەکان دەکران و هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوایی دەدرا. هەر ئەم وتە جوانانەبوون یارمەتییان دام خۆم بدۆزمەوە و ڕوو وەرگێڕم بەرەو دنیای ناوەوەم و سەرلەنوێ هەست بە مرۆڤبوون و بەندەبوونی خۆم بکەم.

شەوێکیان ئۆزلەم خان لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ قوتابخانەیەک. لە سالۆنێکدا کچانی پاک و بێگەرد کۆبووبوونەوە. کاتێک ئەوانم بەو هەموو جوانییەوە بینی لە شەرمدا توامەوە.

وەڵامێکی نایاب:

ئۆزلەم خان تەفسیری قورئانی گرت بەدەستیەوە. کچێك کە تازە بوو وەکو من ئاشنا نەبوو بە ئەرك و بەندایەتییەکان، پرسیارێکی بەم شێوەیەی کرد:

" ئیسلام داوای نوێژکردن دەکات. هۆی ئەمە چییە؟ گەر نەیکەین زیان لە کێ دەکەوێت؟ بۆچی هەمیشە لەسەر نوێژکردن دەوەستێت و دووپاتی دەکاتەوە؟ "

ئۆزلەم خان کتێبێکی بەردەستی کردەوە. هەم دەیخوێندەوە و هەم ڕوونیشی دەکردەوە:" جارێکیان فەرمانڕەوایەکی گەورە دوو خزمەتگوزاری خۆی بۆ باخچەیەکی تایبەتی جوان و دڵڕفێن نارد کە دوو مانگ ڕێ دوور بوو، یەکی بیست و چوار لیرەی زێڕیشی دانێ تاکو پێی بگەنە مەزراکە و لەوێ نیشتەجێ بن و، پێی وتن:

(بلیت و پێداویستییەکانی گەشتەکەتان و پێویستییەکانی ناوماڵ و نیشتەجێبوونتان، بەم پارەیە بکڕن.. دوای ڕۆژە ڕێیەکیش دەگەنە ئیستگەیەك کە هەموو هۆکارەکانی گواستنەوەی تێدایە لە ئۆتومبێل و، فڕۆکە و ، شەمەندەفەر و ، پاپۆڕ.. نرخی سواربوونی هەرکام لەمانەش لەوی تر جیایە و بەپێی سەرمایەی ئەو کەسەیە کە سواری دەبێت). ئەوانیش دوای وەرگرتنی ئەم دەرس و ئامۆژگارییانە، کەوتنە ڕێ. یەکێکیان لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی بەختەوەر و شادمان و ژیر بوو، بڕێك لە پارەکەی -بە جۆرێك

فەرمانڕەوا پێی ڕازی بێت– خستە کار و کەسابەتەوە تا گەیشتە ئیستگەکە و، سوود و قازانجێکی زۆری لێ دەست کەوت بە چەشنێک کە سەرمایەکەی یەک بۆ هەزار زیادی کرد. بەڵام ئەوی تریان لەبەر ئەوەی هەرزە و بەدبەخت بوو، تا گەیشتە هەمان جێ، بیست و سێ لیرەی بە قومار و هەڵەخەرجی بە زایە دا و تەنها یەکێکی پێ مایەوە!

لەبەر ئەوە هاوڕێکەی پێی وت:

– کاکی خۆم! ئەم لیرەیەی ئێستا پێت ماوە بلیتی سەفەری پێ بکڕە و بە خۆڕایی لە دەستی مەدە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگا دوور و درێژەدا بە برسیتی و ئاوارەیی نەمێنیتەوە. فەرمانڕەوای گەورەشمان تابڵێی لێبووردە و جوانمەردە، بەڵکو لە کەموکوڕییەکانت خۆش ببێت و تۆش سواری فڕۆکە بکات و پێکەوە لە ماوەی ڕۆژێکدا بگەینە نیشتەجێی خۆمان. خۆ ئەگەر بە گوێیشم نەکەیت، ئەوا ناچاردەبیت کە بە پێ بکەویتە ڕێ و بە دوو مانگی ڕەبەق و بە برسێتی و نامۆیی و تەنیایی ئنجا بیبڕیت و بگەیتە جێ.

جا ئەگەر ئەم هاوڕێیە سەرپێچی نواند و، بەو تاکە لیرەیەی پێی ماوە بلیتەکەی نەکڕی –کە وەک کلیلی دەرگای گەنجینەیەک وایە– بەڵکو لە پێناوی حەز و چێژێکی سەرپێیی دا بەکاری هێنا، ئایا تەمبەڵترین مرۆڤیش تێناگات کە ئەو کەسە چەندە بەدبەخت و

زەرەرمەند و گێژ و گەلحۆیە؟ئەی ئەو کەسەی نوێژ ناکات! هەروەها ئەی نەفسی خۆیشم کە حەزت لە نوێژ نیە و پێت ناخۆشە!

مەبەست لەو فەرمانڕەوایە: خوای پەروەردگار و بەدیهێنەرمانە..دوو خزمەتگوزارەکەش: یەکێکیان ئەو کەسەیە کە ڕێی ئایینی گرتووەتە بەر و، زۆر بەپەرۆشی و تاسەوە نوێژەکانی دەکات.. مەبەست لەوی تریشیان ئەو مرۆڤە بێئاگایانەیە کە وازیان لە نوێژکردن هێناوە..

بیست و چوار لیرەکەش، بریتی یە لەو بیست و چوار سەعاتەی شەو و ڕۆژ کە تەمەنی مرۆڤیان لێ پێکدێت..

باخچە تایبەتی و جوانەکەش بریتییە لە بەهەشتی بەرین..

مەبەست لەو ئیستگەیەش گۆڕی مرۆڤە، کە لێیەوە دەڕوات بۆ جیهانێکی تر..

گەشت و سەفەرەکەش، ئەو گەشتەیە کە مرۆڤ لە سەرەتای لەدایك بوونیەوە دەستی پێدەکات و بە دەرگای گۆڕدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ئەودنیای هەمیشەیی و ئنجا لەوێ کۆتایی بە گەشتەکەی دەهێنێت.

ئەوانەش بەم ڕێیەدا گوزەر دەکەن بەش بەشن، هەر بەشەی بە پێی پایەی کردەوەکانی خۆی پلەی بۆ دانراوە، هەندێك لەو خواپەرستانە وەك هەورە بروسکە ماوەی هەزار ساڵ بە یەك ڕۆژ دەبڕن و، هەندێکی تریان – وەك خەیاڵ – لە یەك ڕۆژدا ماوەی

پەنجا هەزار ساڵ دەبڕن، وەك قورئانی پیرۆز لە دوو ئایەتدا پەنجەی بۆ ئەم ڕاستییە ڕاکێشاوە..مەبەست لەو بلیتەش، نوێژە..

لە ڕاستیدا تەنها یەك سەعات لەو بیست و چوار سەعاتە سەروزیادە بۆ نوێژ و دەستنوێژی ماوەی ئەو شەو و ڕۆژە.

ئایا ئەو کەسەی کە بیست و سێ سەعاتی شەو و ڕۆژ بۆ ئەم دنیا زۆر کورت و کەمخایەنە سەرف دەکات و تاکە سەعاتێکیشی بۆ ژیانی نەبڕاوەی هەمیشەیی تەرخان ناکات، چەندە ستەم لە خۆی و کارێکی دوور لە ژیری دەکات؟!

بەڵێ، ئەگەر خەرجکردنی نیوەی سامان لە قومارێکی وەك " یانسیب " دا، کە هەزار کەس بەشداریی تێدا دەکەن، بە لای هەندێکەوە بە کارێکی ژیرانە بژمێررێ، کە ڕێژە و گریمانی بردنەوەشی یەك لە هەزارە، ئەی ئەو کەسەی کە یەك لە بیست و چواری سامانی خۆی لە قازانجێکی گومان لێنەکراودا و لە دەستکەوتنی گەنجینەیەکی هەمیشەیی دا بەشدار ناکات – کە ڕێژەی قازانجی لە سەدا نەوەد و نۆیە – کارەکەی پێچەوانەی ژیری و دژی دانایی نیە؟ ئایا هەر کەسێك خۆی بە ژیر و تێگەیشتوو بزانێت لەمە تێناگات؟؟

لە هەمان کاتیشدا نوێژکردن، خۆی لە خۆیدا، حەسانەوەیەکی تابلێی گەورە بە " گیان " و " دڵ " و " ژیری مرۆڤ دەبەخشێت، جگە لەوەش کارێکی قورس و مایەی بێزاریش نیە بۆ " جەستە " ی

مرۆڤ. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەو کەسەی نوێژەکانی بەجێدەهێنێت، بە هۆی نیازی پاك و خاوێنەوە، هەموو کار و کۆششێکی حەڵاڵی تری بۆ دەبێت بە پەرستش و، بە عیبادەت بۆی دەنووسرێت. بەم چەشنە مرۆڤی نوێژکەر دەتوانێت هەموو سەرمایەی تەمەنی بەرەو ئاخیرەت بەڕێ بکات و، بە تەمەنە کورت و فانییەکەی دنیای، تەمەنێکی هەمیشەیی لە دواڕۆژدا بەدەست بهێنێت.[1]

" ئەو شتەی وا لە مرۆڤ دەکات وا گومان ببات کە نوێژ هەرگیز تەواونابێت، وەهمی ئەبەدییەتە. واتە لای وایە کە بۆ هەمیشە لە دنیادا دەمێنێتەوە. ئەو کەسەی گوێ لە نەفس و شەیتان دەگرێت بیر لەوە دەکاتەوە کە دوای نوێژی بەیانی نوێژی نیوەڕۆ دێت و پاشان عەسر..هتد. ئیتر بەم جۆرە بێزاری دەردەبڕێت و تەمبەڵی دەنوێنێت. گوایە دڵنیایە تا ئەو کاتە دەمێنێت.بەڵێ، هەموو مردنێك لە نێوان دوو نوێژدایە. هەر نوێژێك دەکرێت کۆتا نوێژی مرۆڤ بێت. بۆیە پێویستە هەموو کەسێك نوێژەکانی بەجۆرێك بکات کە لای وابێت ئەوە دوایین نوێژە و هەوڵ بدات بێ ویژدانێکی سوپاسگوزار و نێوچاوانی سوجدەبەر کۆچی دوایی نەکات."[2]

١- سەرجەمی پەیامەکانی نوور، وتەکان (لا ١٧- ١٩). لە نووسینی زانای پایەبەرزی کورد مامۆستا سەعیدی نوورسی. دەقی کوردی ئەم پارچەیە لە وەرگێرانەکەی مامۆستا فارووق ڕەسووڵ یەحیاوە وەرگیراوە.

٢- سەرجەمی پەیامەکانی نوور، وتەکان، وتەی بیست و یەکەم.

زۆر ڕاستە.. ڕوونکردنەوەیەکی زۆر جوان بوو. نوێژ یەکێکە لە سەرەکیترین کارەکان لای مرۆڤی موسوڵمان. لە هەمبەر ئەو هەموو نیعمەتانەوە کە پێمان بەخشراوە، لە ڕێی نوێژەوە سوپاسگوزاریی دەرنەبڕین؟ ئەگەر نەیکەین نانکوێر و سپڵە نابین؟

ڕاستە، بەڵام بۆچی تا ئێستا بیرم لەمانە نەکردبووەوە. بۆچی ئەم خاڵە ورد و گرنگانە نەهاتبوون بە خەیاڵمدا؟ دۆستانی ساختە و گوناهی زۆر و حەزی ناوبانگ و شۆرەت نەیان هێشت. کەسێك نەبوو هەڵگری ئەم ڕۆح و حەقیقەتە بێت لە چواردەورمدا.

شەو دوای ئەو کۆبوونەوە جوان و وتە پیرۆزانە چوومەوە بۆ ژوورەکەم. پێویست بوو لە شوێنێکەوە دەست پێبکەم. من بەندەی خوایەکی میهرەبانم و داوای تۆبەم لێ دەکات، دەیەوێت لە هەڵەکانم تێبگەم و داوای لێبوردن بکەم. چاوەڕێی کرداری باشە لێم تا قەرەبووی ڕابردووی ناشیرینم بکەمەوە.

بەڵێ، دەبێت دەست پێبکەم. لەو کاتەدا دەتوت دەستێکی نادیار قۆڵم دەگرێت و پێم دەڵێت:" هەستە، لەوانەیە سبەی دوایین ڕۆژت بێت. لەوانەیە هەر نوێژێك کە دەیکەیت کۆتا نوێژت بێت. دەست پێبکە تا خوای گەورەش ڕەحمت پێبکات. "

هەستام و بڕیاری خۆمم دا. دەتوت باری شانم لەپڕێکدا سووك بووە. دڵم پڕبوو لە شادییەکی بێ وێنە..

بەشی هەشتەم

بڕیاری خۆم دا

سەرەتا خۆمم شت و دەستنوێژم گرت. پاشان ئەو بەرماڵ و سەرپۆشەم دەرهێنا کە ئۆزلەم خان بە دیاری پێی دابووم. بەرماڵەکەم ڕاخست. زۆر لێی وردبوومەوە. دەبێت ئیتر ئەوێ ببێت بە بەرزترین و بەنرخترین پایەی من. پێویستە ڕاز و نهێنییەکانم لەوێدا هەڵبڕێژم و لە قووڵایی دڵمەوە دان بنێم بە تاوانەکانمدا و داوای لێخۆشبوون بکەم. ئنجا ڕۆیشتمە بەر ئاوێنە بچووکەکەی ژوورەکەم. بۆ یەکەم جار خۆم داپۆشی.

منێك کە ساڵانێك بە خانمانی داپۆشراو پێدەکەنیم و جاروباریش گاڵتەم پێدەکردن، هەنووکە بە حەز و شەوقێکی بێسنوورەوە خۆمم دادەپۆشی. ئەوەندە ناخم پڕبوو بێ ویستی خۆم فرمێسك لە چاوم سەری دەردەکرد.

دەتوت ئەوەی بە سەرمەوەیە تەنها پارچەیەك قوماش نیە، بەڵکو سومبولی من و پارێزەرێکی خواییە. بەڵێنێکە کە بە خوام داوە، پەیمانێکە کە لە ڕێگەی ئەو لا نەدەم.

پاش خۆداپۆشین جارێکی تر لەدایك بوومەوە. هەستم کرد قوتاربووم لە پیس و چەپەڵی ژیانی کۆنی ڕابردووم و هەنگاوم ناوەتە ژیانێکی نوێوە. تێگەیشتم کە لەچك تەنها پارچەیەك پەڕۆ نیە، بەڵکو نیشانەیەکە بۆ ئەو خۆشەویستییەی لە دڵمدایە. بەدەم هەنسکەوە بە

هەردوو دەستم گرتم: "خوایەگیان! مەهێڵە جارێکی تر ئەم سەرپۆشەم لابچێت. بەمەوە بمگەیەنەوە حزوورت. گەر پێویستی کرد بیکە بە پارچەیەك لە کفنەکەم. بیکە بە شایەت بەسەرمەوە. ئیتر ئەو نزیکترین هاورێمە. ئەو بەڵگە و ئیمانی منە. "

لە بەرماڵەکەم نزیك بوومەوە. هێندە خرۆشابووم و جۆشابووم گوێم لە لێدانی دڵی خۆم بوو، هەستم بە ئاگری دەروونم دەکرد لە رِوخسار و دەستەکانمدا.

پاش ئەو هەموو ساڵە لە حزووری خوای خۆمدا بووم. بۆ یەکەمجارم بوو ئەوەندە نزیك بووبێتمەوە. دەستم هەڵبڕی و پاڕامەوە: " ئەی خوای پەروەردگارم! ئەم هەنگاوەم مەکە بە دوایین.. ئەم نیەتەی سەرەتام بکە بە جاویدانی. ئەم یەکەم نوێژەم لێ قبوڵ بکە. ئەم یەکەم بەندایەتییەم تا مردن درێژ بکەرەوە..."

دەتووت ئەوێ تەنها بەرماڵێك نیە، بەڵکو مەقامێکە خوای گەورە دەمبینێت و هەڵمدەسەنگێنێت. هەستم دەکرد لەیەك کاتدا لەژێر چاوی هەزاران فریشتەدام.

دڵم تەپە تەپ لێی دەدا و دەستە لەرزۆکەکانم بەرزکردەوە..(الله أكبر).. نوێژم دابەست. ئەم وشەیە وەکو بۆمبێك لە دەروونمدا تەقیەوە و چی پیسی و ناشیرینی هەبوو ڕایماڵی. هێندە دڵم توند لێی دەدا تا قولەپێم بووبوو بە ئارەق.

ئەوە یەکەم نوێژ بوو. هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە...قەت ئەو چێژ و لەززەتە لەیاد ناکەم.نێوچاوانم نایە سەر بەرماڵەکە. خۆم پێنەگیرا و دامە پرمەی گریان. بیرم نایەت چەندە گریام. هەموو بەرماڵەکەم تەڕبووبوو. دڵم ئەوەندە توند لێی دەدا خەریك بوو دەهاتە دەر.

لە خوای گەورە پاڕامەوە و داوای لێخۆشبوونم کرد. پەنام بە ئەو گرت و پەیمانم پێدا.

مەگەر وەستان لە دیوانی ئەودا و مل کزکردن لە حزووری ئەودا و سوژدە بردن بۆ پایەی بڵندی ئەو چ ئارامی و ئاسوودەییەکی بێ وێنەیە! کەواتە بە هەڵە لە شوێنانی تر بەدوای کەیف و سەفادا گەڕاوم و لە دەرگای هەڵەم داوە.

بە چەند کاتژمێرێك نوێژەکەم تەواوکرد، کە حەزم نەدەکرد قەت تەواوببێت. بەڵام منیش لەگەڵیدا تەواوبووم. ئەمە تاکە مەڵهەمی شیفابەخش بوو بۆ دڵی زامدار و خەستەم. وەك بڵێی لە نوێژەکەدا هەزاران نەشتەگەر دڵم لەت دەکەن و پیسی و ناشیرینی دەردەهێنن. بۆیە نەمتوانی سەر بەرماڵەکەم جێبهێڵم.

کچە شەهیدەکە:

لە کاتێکدا هەستەکانم تەواو ماندوویان کردبووم و دڵم لێوان لێو بوو لە ئاسوودەیی، لەناکاو دەرگای ژوورەکەم کرایەوە!

وامزانی ئۆزلەم خانە و ئاوڕم دایەوە. باوەڕم بە چاوی خۆم نەکرد. وامزانی خەیاڵ دەبینم. نەخێر، کچە شەهیدە جوانەکە لە

بەرامبەرمدا ڕاوەستابوو. وەستان و ڕوانینی هێندە کاریگەر بوو، مەحاڵ بوو مرۆڤ حەیرانی نەبێت. نووری ڕوخساری ئاوی چاوی دەبرد و خەندەی لێوی دڵی مرۆڤی گەرم دەکردەوە. هێزێکی نادیار منی بۆ لای ئەو کێش دەکرد و مەستی دەکردم.

بە دەنگی ناسك و شیرین وتی:

– هاتووم پیرۆزباییت لێ بکەم دادە نیلۆفەر! ئەمێستا هەموومان چەپڵەت بۆ لێ دەدەین و دوعای خێرت بۆ دەکەین. واز لە ئۆزلەم خان مەهێنە. ئەو لوتفی خوایە بۆ تۆ. لەبیرت نەچێت هەمیشە من لەگەڵت دەبم. جارجار دێم بۆ لات. ڕۆژانی جوان چاوەڕێتن. دەی خوا ئاگادارت بێت.

ڕۆیشت.

لە جێی خۆمدا قەتیس مام. نەشمدەتوانی هێز بدەمە خۆم و هەستمە سەرپێ. پێش ئەوەی ببوورێمەوە وتم: " خوایەگیان وام لێ بکە شایانی تۆبم." لەسەر بەرماڵەکەم بوورابوومەوە. کە بەئاگا هاتمەوە بانگی بەیانی دەدرا. بەیانی زوو چووم بۆ لای ئۆزلەم خان و ویستم ڕووداوەکەی دوێنێ شەوی بۆ بگێڕمەوە. کە بە داپۆشراوی بینیمی باوەشی پێدا کردم وتی: یاخوا پیرۆزت بێت، زۆرت لێ جوانە! ئێستا ئیتر بوویت بە شاجوان! شاجوانییەکەی پێشووت کاتی و دروستکراوبوو. ئەمەی ئێستات ڕاستەقینە و پاك و بێگەردە.

– دوێنێ شەو کاتێك نوێژم دەکرد کچە شەهیدەکە هات بۆ لام!

- دەزانم.

بە سەرسامی پرسیم:

- چۆن دەزانیت؟

- شەهید نامرێت. شەهیدان لە هەموو خزمەتێکی خێردان. گەر بارمەتی و هیممەتی ئەوان نەبووایە ئێمە دەمانتوانی ئەو هەموو خزمەتە بەئەنجام بگەیەنین؟

- واتە تۆش دەیناسیت؟

وەڵامی نەدامەوە.

بەرەو ژیانێکی نوێ:

کۆتایی هەفتە بوو.

دادە ئۆزلەم پێی وتم: " ئەمڕۆ دەچین بۆ شوێنێکی تایبەتی. دڵنیام جیهانێکی تازە دەبێت بۆ تۆ. "

پێکەوە ڕۆیشتین.

داپۆشراویی و دەستنوێژ هێندە هێزی پێدەدام دەتووت سوپایەك لە دوامەوەیە و پارێزگاریم دەکەن. بیرم لە حاڵی پێشووم کردەوە، کە بە ڕێدا دەڕۆیشتم یەکێك سەیری دەکردم و یەکێك تانەی ناشیرینی لێ دەدام و یەکێکی تر لە هەوڵی ئەوەدابوو دەستم بۆ بهێنێت. بەڵام ئێستا ئەوانەی بە لامدا تێدەپەڕین سەریان دادەخست. کەواتە سەرپۆش پارێزەری حەیا و حورمەتیشە. جدیەت و دامەزراوی دەبەخشێت. چاوم پڕبوو لە فرمێسك. لەبەر خۆمەوە وتم:

" خوایەگیان. توخوا بمکە بە شایانی ئەم جلوبەرگە.." خانم دکتۆر دیاربوو لە هەستەکانم تێگەیشتووە. دەستی هێنا بە پشتمدا و، وتی:

– خوای گەورە چاوێکی خۆشدەوێت لەبەر ئەو فرمێسک بڕێژێت.

زۆر بەپێ ڕۆیشتین. پاشان لە گەڕەکێکدا هاتینە بەردەم بینایەکی ڕێکوپێك کە باخچەیەکی جوان لەبەردەمیدا هەبوو. ئۆزلەم خان وتی:

– ئەمە بینای خزمەتی ئێمەیە. ئەو خانمانەی لێرە دەمێننەوە وانە دەڵێنەوە بەو خوێندکارە کچانەی سەردانیان دەکەن و خزمەتی ئیمان و قورئان دەکەن. بەکورتی ئێرە لەپێناو ڕەزامەندی خوادا کراوەتەوە.

چووینە ژوورەوە. هەر لە دەرگای دەرەوە جوانی و پاکوتەمیزی و ڕێکوپێکی سەرسامیان کردم. هەر بە دیتنی شوێنەکە دەچووە دڵەوە. بیری ئەو ڕۆژانەم کەوتەوە کە لە ئوتێلە ڕاقییەکاندا پێشوازیم لێ دەکرا. هەوای خنکێنەر و ئابڵوقەدەری ئەوێ تەنگەنەفەس و بێزاری دەکردم. کەچی هەوای ئێرە دڵنیایی و شیرینی و فەرەحی دەبەخشی بە مرۆڤ. ئۆزلەم خان بیناکەی پێ دەناساندم:

– قاتی یەکەم چێشتخانەیە. قاتی دووەم شوێنی وانەی خوێندکارانی ناوەندی و دواناوەندییە. لە قاتی سەرووتردا خوێندکارانی زانکۆ دەمێننەوە. سەروو ئەویش ساڵۆنە و تێیدا هەفتانە وانەی ئیمانی بە خانمان دەوترێتەوە. دوو قاتی هەرە

سەرەوەش بەشی ناوخۆیی خوێندکارانە. ئەو خانمانەی لێرە خۆبەخشانە کاردەکەن هەوڵ بۆ پەروەردەکردنی کچانی لاو دەدەن و لە خراپە دەیانپارێزن و، ئیمان و باوەڕیان پێدەناسێنن و، دەیانکەن بە چەند گەنجێکی بەسوود بۆ خاک و نیشتمان.

خانم دکتۆر هەم دەیگەڕاندم و هەم شوێنەکانیشی پێ دەناساندم.خوایە گیان ئەوانەی ئەوێ چەند منداڵانی شیرین و، کچانی نوورانی و، خانمانی ڕووخۆش و خوێنگەرم بوون! ئەمانە لە کوێوە هاتوون؟ کەسانی واش هەن لە کۆمەڵگەدا؟ زۆر سەرم سووڕما زۆر...چوومە ئەو قاتەی خوێندکارانی زانکۆ تێیدا دەمانەوە. کچان بووبوونە حەڵقەیەکی گەورە. خەریکی خوێندنەوەی پەیامەکانی نوور بوون.

حەیرانی بریسکەی بیستوچوارەم بووم:

دانیشتین. بابەتەکامان بریسکەی بیستوچوارەم[1] بوو کە باس لە پۆشتەیی ئافرەتان دەکات. باسێکی ناوازە و بەنرخە سەبارەت بە لایەنی دەروونناسی و کۆمەڵناسی پۆشتەیی خانمان.

١- بریسکەی بیستوچوارەم لە کتێبی بریسکەکان کە بەرگی سێیەمی سەرجەمی پەیامەکانی نوورە و لە دانراوەکانی زانای گەورەی کورد سەعیدی نوورسییە. مامۆستا فارووق ڕەسووڵ یەحیا کردوویەتی بە کوردی (وەرگێڕ)

بابەتەکەم زۆر بەدڵ بوو. بەداخەوە کە ئێمە تا ئێستا ئاگامان لەو حەقیقەتە مەزنانە نییە. ئاگامان لەم باسە نوورانییانە نیە کە دڵ رووناک دەکەنەوە و خۆراکی رۆحن.

لە ناوەڕاستی خوێندنەوەکەدا ئۆزلەم خان ڕووی کردە کچەکان و وتی:

– سەیرکەن کچینە کێم بۆ هێناون.

هەموو سەرنجەکان هاتنە سەر من. منێک کە پێشتر حەزم دەکرد چەپڵەم بۆ لێ بدرێت و ستایشم بکرێت و بکرێمە تاجی سەر، لەپڕێکدا دڵم بەپەلە کەوتە لێدان. من کەی ئەوەندە بەنرخ بووم و شایانی ئەوەبووم بەو فریشتانە بناسێنرێم و ڕێزم لێ بگیررێت؟ ئۆزلەم خان وتی:

– کچینە، ئەم خوشکەتان ناوی نیلۆفەرە. واتە نیلۆفەر خانە بەناوبانگەکە!

لەپڕێکدا سالۆنەکە پڕبوو لە دەنگی "ئاااای، ئۆووو، هاااا". لەگەڵ کچەکاندا یەك بە یەك تەوقەم کرد و باوەشیان پێدا کردم. لەدڵەوە "ئامین"م بۆ دوعا پاکەکانیان کرد. لە دڵی خۆمدا وتم: "توخوا خوایە گیان! با ئێرە دوایین جێگەم بێت. من لەمانە دامەبڕە."

چووینە قاتی خانمان. لەو کاتەدا گروپێك لە ژنان قورئانیان دەخوێند و دەستەیەکی تر فیقه فێردەبوون. ئەمانەی ئێرە هەموویان خێزاندار بوون، بەڵام لە خەمی خزمەتی ئیمان و قورئاندا بوون. بڵێی

لێرە جێیەکیش بە من بدەن؟ ئایا خوای گەورە لوتفێکی هێندە گەورەی پێ ڕەوا دەبینیم؟ئۆزلەم خان ناساندمی بە بەڕێوەبەری بیناکە. ناوی مەلەك خان بوو. هەر وەك ناوەکەی فریشتەبوو. باسی ئەو خزمەتانەی بۆ کردین کە ئەنجامیان دەدا.

ئیرەییم دەبرد:

ماشەڵڵا! هەزار ماشەڵڵا! ئافرەتانی فیداکار و قارەمان شەو و ڕۆژیان خستبووە سەر یەك تا کچانی لاو تووشی تاوان نەبن و دین و ئیمانیان نەدۆڕێنن و بەسوودبن بۆ خاك و وڵات. مەگەر کارێکی تر هەیە لەمە گرنگتر و پێویستتر؟ ئەگەر ئێمەومانانیش لە ساڵانی خوێندنماندا ئەم خزمەتە جوانانەمان ڕێ بهاتایە، تووشی ئەو هەموو دەردەسەری و ناشیرینییە نەدەبووین. چەندەها خانم و کچی لاو وازیان لە ژیانی تایبەتی خۆیان هێناوە ڕوویان لەم خانەی خزمەت و زانست و عیرفانانە کردووە. یەکێك بەرپرسە لە پاکوخاوێنی و یەکێك قاپەکان دەشوات و یەکێك چا لێدەنێت و یەکێکی تریش وانە دەڵێتەوە. یەکێکی دیش وانەی ئیمان و قورئان بە هاوڕێیەکی دەڵێتەوە کە تازە هێناوێتی. ئیرەییم پێیان هات. خۆم پێ نەگیرا و بە مەلەك خانم وت:

– توخوا لێرە شوێنێکیش بدەن بە من. لێرە قبوڵم بکەن. ئەرزەکەتان بۆ دەسڕمەوە و قاپەکان دەشۆم. بەس ئەوەندە مەحرومم مەکەن لەم جوانی و پاکی و ڕووناکییە.

مەلەك خان باوەشی پێدا کردم و ماچی کردم. دڵی دامەوە. وتی:

– ئەوە کەی قسەیە نیلۆفەر خان! ئێرە بۆ خزمەتگوزاری و ڕەزامەندی خودا کراوەتەوە. لێرە جێی هەموو کەسێك هەیە. لێرە کەس خزمەتکار نیە. هەموو کەسێك ئەهلی خزمەتە. لێرەدا ئاغا و خزمەتکار، گەورە و بچووك نیە. هەموومان خوشکی یەکین، ئیشەڵڵا لە دواڕۆژیشدا هەر وا دەبین. هەر کەسە و بەپێی توانا و لێهاتنی کارێکی پێدەدرێت. هەمووومان هەوڵ دەدەین ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بهێنین. بەلای ئێمەوە قاپ شتن و وانە وتنەوە وەکو یەك خزمەتە. گرنگ ئەوەیە خوای گەورە قبوڵی بکات. لە قاتی خانماندا ژوورێکت دەدەینێ. ئیشەڵڵا لە کورتترین کاتدا خۆت پێدەگەیەنیت. دواتر دەبیتە خوشکی گەورەی کچان. نموونەیەکی جوان و بەرجەستەیت بۆ ئەوەی نەکەونە گوناهەوە و ڕێی ڕاست هەڵە نەکەن. بەو جۆرە ناوبانگ و جوانییەکەت لە خزمەتدا بەکاردەبەیت. ئەوانەی حەزدەکەن بتبینن و بتناسن، کاتێك بە داپۆشراوی دەتبینن دەبیتە ڕێنیشاندەرێکی باش بۆیان.

له خۆشیان وەختەبوو بفڕم:

مەلەك خان هەموو دنیای دا بە من. لەخۆشیدا دەفڕیم. هیچ مژدەیەك هێندەی ئەمە دڵخۆشی نەدەکردم. خوای گەورە هەزار جار لە ئۆزلەم خان ڕازی بێت چونکە ئەو تکای کردبوو کە ئەو مژدەیەم پێبدەن. دواتر پێی وتم:

- ئیتر ڕێی خزمەت کردن بۆ تۆش کراوەتەوە. کاری سکرتێریی کلینیکەکەت تەواوبوو. لە ئێستاوە تۆ لێرە دەبیت و هەوڵی فێربوونی قورئان و زانست دەدەیت، ئێمەش دێین و سوودی مەعنەویت لێ وەردەگرین.

خوای گەورە هەموو دەرگاکانی بۆ کردمەوە. هەم دەرگای ڕەحمەتی خۆی و هەم دەرگای دڵی مرۆڤەکان. لەو لانەی بەهەشتە نیشتەجێبووم.

شەوانم لەسەر بەرماڵ بە نوێژ و پاڕانەوە بەسەردەبرد. فرمێسکی زۆرم دەڕشت چونکە گوناهەکانم زۆربوون. خانمێك ڕۆژانە قورئان و فیقهی پێدەوتمەوە. ڕۆژانە بە لایەنی کەمەوە ١٠٠ لاپەڕەم لە پەیامەکانی نوور دەخوێندەوە.

نەمدەویست یەك چرکەم بەخۆڕایی بڕوات. کاتی بەتاڵم هەبووایە نوێژەکانی پێشووم بە قەزا دەگێڕایەوە. نازانم ڕۆژ و مانگ چۆن تێپەڕی. تەنها شتێك کە دەمزانی ئەوەبوو خوای گەورە خەزێنەیەکی نەبڕاوەی پێشکەش کردبووم.

تێر نەدەبووم لە قورئان خوێندنەوە.. تێر نەدەبووم لە خوێندنەوەی پەیامەکانی نوور.. تێر نەدەبووم لە جوانی و ناسکی بەندایەتی بۆ خوا.. تێر نەدەبووم لە هەڵمژینی هەوای ئازادی و سەربەستی ڕاستەقینە..

تومەز من زۆر برسی و نەزان بووم...

ساڵێکی ڕێك تێپەڕیبوو بەسەر ژیانم لەو بەهەشتەدا. ئارامی و ئاسوودەیی‌یەکی بێ وێنە لە دڵمدا سەریان هەڵدابوو. هەموو ڕۆژێك بوونم لەگەڵ ئەو خانمە پاکانەدا و هەست کردن بە جوانییەکانی ئیمان لە تەکیاندا، بەختەوەرییەکی بێ سنووربوو.

دۆستێك:

لە ژوورەکەمدا کتێبم دەخوێندەوە. یەکێك لە دەرگای دا.

مەلەك خان:

– دەتوانم بێمە ژوورەوە نیلۆفەر گیان؟

خێرا هەستامە سەرپێ و، وتم:

– فەرموون مامۆستا.

لەپڕ چاوم بە نوورای کەوت. ئای خوایە گیان!

باوەشم پێدا کرد. چۆن هاتووە بۆ ئێرە؟ بۆنم پێوە کرد و ماچم کرد. لە خۆشیدا دڵم تەپە تەپ لێی دەدا و قوڵپی هەنسك گەرووی گرتبوو. بیرم نایەتەوە چەندێك بە پێوە گریام. چەند کاتژمێرێك

ئەماتمەوە سەر خۆم. ئەمانە فرمێسکی شادی و سوپاسگوزاری بوون.

لەگەڵ نوورای بەرامبەری یەك دانیشتین. کەوتینە باس و خەیاڵی ساڵانی ڕابردوو. ئەوەندە شت هەبوو بۆ باس کردن و وتن و بیستن..

نوورای وتی:

- کاتێك بیستم تۆ لێرەیت زۆر زۆرم پێخۆشبوو. ئێمە ئەم حەقیقەت و خزمەتانە لە سەیداوە فێربووین، خوا لێی ڕازی بێت..

هەرکە ناوی سەیدای هێنا بروسکەیەك بە مێشکمدا تێپەڕی. سەیدا! ئەو مرۆڤە پڕ نهێنییەی کە هەرگیز دەستم پێی ناگات.

نوورای وتی:

- دەزانیت، من دوو ساڵە لێرە کار دەکەم. لەگەڵ ئۆزلەم خاندام. ژوورەکەم بە تەنیشتی ژوورەکەی ئۆزلەم خانەوەیە. بەڵام ئێناگەم چۆن تا ئێستا من تۆم نەدیوە. ئەمە لە کاتێکدا تاکە دکتۆری دەروونیی نەخۆشخانەی ئێرە منم و نەخۆشێکی زۆر ڕێی تێم دەکەوێت. خۆت بگرە، مژدەیەکی خۆش ماوە پێتی بڵێم.

دڵم بەپەلە کەوتە لێدان. دڵم ئەوەندە بریندار و هەستیار بوو هەموو شتێك کاری لێ دەکرد، هەموو ڕووداوێك تووشی داخورپانی دەکرد. وتم:

- خێرە ئیشەڵڵا..

- سەیداش لێرەیە.

لەناکاو هەموو گیانم نیشتە سەر ئاو و لەرز دایگرتم. نوورای وتی:

– بوەستە کچێ، ئەوە بۆ وات لێ هات؟ ئەمە هەواڵێکی خراپ نیە. سەیدا دوعای زۆری بۆ کردیت. دوو ڕۆژ لەمەوپێش سەیدا هات بۆ ئەم شارە. لێرە تەعین کراوە. ئەویش لە خەستەخانە کاردەکات. لە بەشی ناوخۆیی پیاوان دەمێنێتەوە.

نوورای دەیزانی چ هەستێکم بۆ سەیدا هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی من شتێك نەکات دەری نەدەبڕی. وتی:

– حەز دەکەم ئێوارەیەك هەردووکتان دەعوەتی ماڵی ئێمە بن، لەوێ یەکتر دەبینن. چونکە ئەویش ئاگای لەم خۆداپۆشین و گەڕانەوەیەتە و زۆری پێ خۆش بووە.

بێ بیرکردنەوە وتم:

– بەڵێ دەبێت.. کەی؟

– سبەینێ.

بۆ بینینی سەیدا خەریك بوو دڵم دەوەستا:

سبەی دێت؟ دەتووت چرکەکان و خولەکەکان بوون بەساڵێکی دوور و درێژ. پەلەپەلی ئەوەندەی تر دڵمی دەگوشی و ئارامیی لا هەڵدەگرتم.

ئەو ئێوارەیە بۆ من زۆر تایبەت بوو. بینینەوەی سەیدا و، پاشان ئەوانەیە هەلی ئەوەم هەبێت دڵی خۆمی لا بکەمەوە - هەرچەند گریمانەیەکی زۆر بچووکە - و ڕازی بێت بچمە ژیانیەوە! ئای چەند جوان دەبوو!

دەمتوانی ئەمە بکەم؟ نەمدەزانی، وەلێ دڵنیابووم خۆشەویستیم بۆ سەیدا زۆر قووڵ ڕەگی داکوتیوە و قوڵپی ئەوینم دانامرکێتەوە. سەیدا بۆ من لە ئاستێکدا بوو کە دەست نەیدەگەیشتێ. تەنانەت نزیکبوون لێی تووشی دڵەتەپێی دەکردم.

لە ماڵی نوورای یەکترمان بینی. کاتێك چاوم کەوتە سەر چاوی سەیدا سڵەمیمەوە. ئەو وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی بە ئەدەبەوە سەری داخست. وتی:

- بەخێربێیت نیلۆفەر. هەواڵی گەڕانەوەت دڵخۆشی کردین. کە بیستم سوجدەی سوپاسگوزاریم برد.

بیری لە من دەکردەوە. ئەویش نەیدەتوانی من لەبیر بکات، ئەوە ڕاست بوو، بەڵام ئایا عەشق بوو؟ هەرچۆنێك بێت دڵنیابووم هەستێك لە نێوانماندا هەیە.

ئەو ئێوارەیە من و سەیدا و ئۆزلەم خان دەعوەتی ماڵی نوورای و مێردەکەی بووین. هەموویان کەسانێك بوون کە ژیانیان بۆ خزمەت کردن تەرخان کردبوو. گشتیان ڕابردوویان پاك بوو. تەنها من لە ناویاندا لە ناشیرینییەوە گلابووم...

هەموو هەست و سۆزم لای نوورای درکاندبوو. بڕیار وابوو ئەویش بە سەیدای بڵێت. لەوانەیە سەیدا بڵێت " باشە". ئەوکات من دەبووم بە بەختەوەرترین مرۆڤی سەر زەوی و گوێڕایەڵترین هاوسەر. ئا بەم جۆش و خرۆشەوە لە ماڵی نوورای بووم.

دوای نان و چا خواردن ئۆزلەم خان بیانوویەکی هێنایەوە و ڕۆیشت. وابزانم ئەوانیش ئاگایان لێبوو کە خەریکە چی ڕوودەدات. دڵم هێندە بە خێرایی لێی دەدا هەموو هێزم بەکارهێنابوو نەبوورێمەوە. چرکەساتێکی ئەوەندە ماندووکەر بوو هەموو گیانم نیشتبووە سەر ئاو.

سەیدا بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە وتی:

– نیلۆفەر، شتێك هەیە کە پێویستە پێتی بڵێم. پێویستە پێکەوە باسیان بکەین.

لاجانەکانم لە حەیبەتدا پلی دەدا و گوێچکەکانم سوور هەڵگەڕان. گوێم لە تەپەی دڵی لاوازم بوو.

بەردەوام بوو:

– تۆ لە کاتی خوێندکاریتەوە دەناسم. هەر لە سەرەتاشەوە ئاگام لە هەستی تۆ هەبوو بەرامبەرم، بەڵام من هاوسەرگیریم کردووە. خێزانی ڕەحمەتیم باشترین و پاکترین ژنی دنیابوو. منیش ئەوم زۆر زۆر خۆشدەویست. هەموو ڕۆژێك بلێسەی ئەوینم بۆی پتر پەرەدەسەنێت. دڵنیام ئەویش ئێستا بە حەسرەتەوە چاوەڕێی من

دەكات. من ئەوم وەك هاوسەر و هاوڕێی ژیان هەڵبژارد. من تەنها بۆنم بە گوڵێكەوە كرد. دوای ئەوە ئیتر ناتوانم بۆنی گوڵێكی تر بكەم. چونكە پەیمانم داوە تا كۆتایی ژیانم بە یادگارییەكانی ئەوەوە بژیم. تكادەكەم لێم تێبگەیت.. ئەم هەستە ناتوانرێت باس بكرێت تەنها مرۆڤ تێیدا دەژی. بەڵام تۆ و خزمەتەكانت بەدرێژایی تەمەن یاد دەكەمەوە و دوعات بۆ دەكەم. چیت پێویست بێت ئامادەم بۆت جێبەجێ بكەم، بەڵام وەكو برایەك نەك خۆشەویستت.

چاوەڕێی ئەمەم دەكرد، بەڵام ئێجگار ئەوەندە ڕوون و ئاشكرا نا.. هیچ نەبێت ئومێدم وابوو بڵێت: " بیرێكی لێ دەكەینەوە، با بزانین چۆن دەبێت، لە داهاتوودا قسەی زیاتری لەسەر دەكەین "

بەردەوام بوو:

- بەڵام كوڕێك دڵی پێتەوەیە و قسەی لەگەڵ من كردووە. ئەگەر قبوڵی بكەیت بەختەوەرت دەكات و پێكەوە ژیانێكی پڕ لە خزمەت و ئارامی بەسەردەبەن.

سەرم داخست و لەوە زیاتر نەمتوانی ڕێ لە فرمێسكەكانم بگرم. وتم:

- منیش بەسەر گوڵێكدا بۆنی گوڵێكی تر ناكەم. تەمەنێك ئەم حەسرەتە لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم. ژیان بەم تاسەیەوە باشترە لە شووكردن بە یەكێكی تر. مادەم خواگیان وای بە گونجاو زانیوە من ڕازیم. خۆشەویستی خوای پەروەردگارم بەسە.

بەدەم گریانەوە چوومە دەرەوە. بە زۆر دانم بە خۆمدا گرت ئاوڕ نەدەمەوە و بۆ دوایین جار لێی نەڕوانم.

***

ئەو ڕۆژە و ئەمڕۆش.. هەموو خولەکێك و هەموو چرکەیەك.. لە ژوورەکەمدا و لەسەر بەرماڵەکەم فرمێسکی نەبڕاوە و بڵێسەی ئەوین پێشکەش بە خۆشەویستی خۆشەویستان دەکەم. دەزانم ئەم دەرگایە دەرگای ئومێدە. دەزانم خوای من ئەوەندە میهرەبانە بەندەکانی دەرناکات.

ئیتر بۆ من ئەم ژیانە تەواو. هیچ چاوەڕوانییەکم نییە بمبەستێتەوە بەم ژیانەوە. هەموو تەمەنم تەرخان کردووە بۆ خزمەت و ئامادەسازی ئاخیرەت. هەربۆیە ڕۆژانم لەسەر بەرماڵ بە ئارامی بەسەردەبەم.

ئەوەش باش دەزانم خۆشەویستی من بۆ سەیدا – کە هەرچەند دەکەم ناتوانم لە دڵمی دەربکەم – تەنها لە بەهەشتی خوایی دا دەکرێت کۆتاییەکەی بەیەك شادبوون بێت. بۆیە نائومێد نیم لە خوای خۆم. ئەوەندە خۆم داوەتە دەستی نازانم کەی ڕۆژە و کەی شەو، کێم و چۆن دەژیم.

سەیدا بۆ من هاوسەرگیری و چێژ و ئارەزووی جەستەیی نەبوو. دۆستێك بوو دەستی دەگرتم و بەرەو جیهانی مەعنەوییەت و مەقامە بڵندەکان یارمەتی فڕینمی دەدا. من عاشقی لەش و لاری ئەو نەبووم.

بەلکو دڵم چووبوو بە ڕۆحی جوان و ڕەوشتی بەرزیدا. لەبەر ئەمەبوو حەزم دەکرد تەمەنێك لەگەڵیدابم و هاوسەرێتیی بکەم. ئەم داوایەم لەم دنیایەدا نەهاتە دی. بۆیە پەنا دەگرم بە میهرەبانی و ڕەحمەتی خوای خۆم کە لە بەهەشتدا بەوم شادبکات.

هەموو ساتێك لە چاوەڕوانی ئەوەدام حەزرەتی ئیزرائیل بێت و دەرگام بکاتەوە. بۆیە شەوان تا بەیان بەرماڵەکەم بە فرمێسك تەڕ دەکەم و چاوەڕێی ئەو کاتەم.

هەنوکە بیر دەکەمەوە: خوای گەورە سەرەڕای هەموو گوناه و تاوانەکانم لێم خۆش دەبێت؟

لەم ساتەوەختەشدا کە ئێوە دەڵێن: "ئەم کتێبە بەسەرهاتی منی گێڕاوەتەوە" منیش پێتان دەڵێم لەبەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا بە ناونیشانی **"ئەو ئافرەتەی خۆی دۆزییەوە"** پێتان دەگەمەوە...

کۆتایی بەرگی یەکەم

پێڕست

چیرۆکی ژیانێکی پڕ ئازار ٥

بەشی یەکەم: ئەو ڕووداوانەی بەسەر دایکمدا هاتن

بەشی یەکەم ٧

بەشی دووەم: یەکەم هەنگاو بەرەو نمایشکاریی جلوبەرگ

بەشی دووهەم.. ٤٩

بەشی سێیەم: ئەو گفتوگۆیەی هەرگیز لە یادم ناچێتەوە

بەشی سێیەم.. ٥٩

بەشی چوارەم: بڕیارم دا تەوبە بکەم

بەشی چوارەم.. ١٠٧

بەشی پێنجەم: ڕۆژە دژوارەکانم

بەشی پێنجەم.. ١٣٧

بەشی شەشەم: یەکێك لە دۆستانی خوا

بەشی شەشەم.. ١٥٥

بەشی حەوتەم: بەدرێژایی شەو لە خوا پاڕامەوە

بەشی حەوتەم.. ١٧٧

بەشی هەشتەم: بڕیاری خۆم دا

بەشی هەشتەم.. ١٩٣

پێڕست.. ٢١٤

KENDİNİ ARAYAN KADİN

HALİT ERTUĞRUL

(ئەو ئافرەتەی لەدووی خۆی دەگەڕێت) یەکێکە لە بەرهەمە ناوازەکانی چیرۆك نووسی بەناوبانگ (خالید ئێرتوغروڵ)، کە هاوئامانجە لەگەڵ بەرهەمە ناودارەکانی وەك (محەمەدی دوزجەیی)، (ئەو پیاوەی لە دووی خۆی دەگەڕێت) و (ئایسێل).
نووسەر لەم چیرۆکەدا ئاسۆیەکی نوێمان نیشان دەدات و تیشك دەخاتە سەر دیمەنگەلێ کە پێشتر دەرکمان پێنەکردوون.
لەم بەرهەمەدا ئاشنا دەبین بە چیرۆکی ژیانی (نیلۆفەر) و، ئەو ئاستەنگانەی پێیاندا تێپەڕ دەبێت و، ئەو هەڵە و کێشانەی گرفتاریان دەبێت، دواجار نموونەیەکی ناوازە لە هەوڵدان بۆ خۆدۆزینەوە و هەستانەوە و دەستپێکردنەوەی ژیان دەبینین.
لەوانەیە هەموو ئەم بەسەرهاتانە خەمبارمان بکەن و وامان لێبکەن بیربکەینەوەو هەست بە (نیلۆفەر)ەکانی دەوروبەرمان بکەین، لە کۆتایشدا پەی بەوە ببەین کە یەکێ لە ئەرکە هەرە مەزن و پیرۆزەکانمان دەست گەیشتنمانە بە هاوشێوەکانی (نیلۆفەر).

ISBN 119-000-000-8

9 781190 000001

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

ara.m@hotmail.com

نرخی (٢٠٠٠) دینارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org